# فێربوونی ویندۆی 7



ئاستی یەکەم

ئەندازیار تایەر عەلی ڕەسوڵ

2010

ناوی کتێب: فێربوونی ویندۆی 7

نووسین و ئامادەکردنی: تایەر عەلی رەسوڵ www.taher.org

نەخشەسازی ناوەڕۆک: نووسەر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی (٤٠) ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە

2010

# فێربوونی ویندۆی 7

**ئاستی یەکەم**

هەموو مافەکان پارێزراوە، ئەمە بەرهەمی ماندوو بون و شەونخونیە.
ڕێگەنادرێت بەهیچ کەس ئەم پەڕتووکە یان هەر بەشێك لەبەشەکانی لەچاپ بداتەوە یان بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان لەبەری بگرێتەوە وەك فۆتۆکۆپی، وێنەگرتن، سکانکردن.
هەروەها هیچ کەس بۆی نیە هەر بەشێك لە بەشەکانی ئەم پەڕتووکە بەدەستکاریشەوە بەناوی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە یان لەشوێنی گشتیدا بەرهەمی بهێنێت وەك ئینتەرنێت، نەشرە و ئەو بابەتانە.
بەبێ ڕەزامەندی نووسەر.
© www.taher.org

# پێڕست


**١ دەستپێك ............................ ٨**

١-١ سەرەتا .............................. ٨

٢-١ ویندۆی 7 و شێوەی کارکردنی .................. ٩

٣-١ سەلامەتی Safety سیستەم لە ویندۆی 7 دا ............ ١١

٤-١ ئاوڕدانەوەیەك ........................ ١٢

**٢ بناغەی تەکنیکی کارکردن ........................ ١٤**

١-٢ داگیرساندنی کۆمپیوتەروخۆتۆمارکردن .............. ١٤

٢-٢ نیگای یەکەمی دێسکتۆپ .................... ١٦

٣-٢ کارکردن بە ماوس ...................... ١٧

٤-٢ مێنیوی دەستپێکردن Start menu .................. ١٩

٥-٢ کردنەوەو داخستنی پرۆگرام .................... ٢٢

٦-٢ شێوەکانی پەنجەرە ...................... ٢٢

٧-٢ کارکردن بە پەنجەرە ...................... ٢٤

٨-٢ مێنیو و شریتی هێماکان .................... ٢٨

٩-٢ کارکردن بە ویزارد و پەنجەرەی دیالۆگ .............. ٣٠

١٠-٢ کۆتایی هێنان بە ویندۆ یان کوژاندنەوە .............. ٣٢

١١-٢ ئاوڕدانەوەیەك ........................ ٣٤

١٢-٢ ڕاهێنان .............................. ٣٥

**٣ یارمەتی Help لە ویندۆی ڤیستادا........................ ٣٨**

١-٣ پەنجەرەی یارمەتی ...................... ٣٨

٢-٣ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستی یارمەتی دا .............. ٤١

٣-٣ یارمەتیی تایبەتی........................ ٤٤

٤-٣ ئاوڕدانەوەیەك ........................ ٤٥

٥-٣ ڕاهێنان.............................. ٤٥

**٤ ئاشنابوون بەفایل و فۆڵدەر........................ ٤٦**

١-٤ فایل دروست کردن لەسەر دێسکتۆپ.................. ٤٦

٢-٤ فۆڵدەر.............................. ٤٧

٣-٤ مامەڵە کردن لەگەڵ ناوی فایل و فۆڵدەردا .............. ٥٠

٤-٤ ساز کردنی فایل و فۆڵدەرەکانی سەر دێسکتۆپ............ ٥١

| | | |
|---|---|---|
| ٤-٥ | ئاوڕدانەوەیەك | ٥٣ |
| ٤-٦ | ڕاهێنان | ٥٤ |
| **٥** | **دروست كردنی فایل بە نۆتپاد** | **٥٦** |
| ٥-١ | دروست كردنی دۆكومێنتێك | ٥٦ |
| ٥-٢ | نوسینی تێكست (دەق) و ڕاست كردنەوەی | ٥٨ |
| ٥-٣ | سەیڤ كردنی دۆكومێنتێك | ٦٠ |
| ٥-٤ | چاپ كردن و داخستنی دۆكومێنتێك | ٦١ |
| ٥-٥ | چەند بەكارهێنانێكی نۆتپاد | ٦١ |
| ٥-٦ | ئاوڕدانەوەیەك | ٦٣ |
| ٥-٧ | ڕاهێنان | ٦٤ |
| **٦** | **كاركردن بە پەنجەرەی فۆڵدەر** | **٦٦** |
| ٦-١ | بناغەكانی درایڤ و فۆڵدەر و فایل | ٦٦ |
| ٦-٢ | بەكارهێنانەكانی فۆڵدەر | ٦٩ |
| ٦-٣ | پەنجەرەی فۆڵدەر و شێوەكانی نیشاندانی | ٧١ |
| ٦-٤ | كتێبخانەكان | ٧٤ |
| ٦-٥ | كردنەوەی درایڤ و فۆڵدەر و فایل | ٧٦ |
| ٦-٦ | لەڕێی شریتی ئەدریسەوە لەناو فۆڵدەرەكاندا بگەڕێ | ٧٨ |
| ٦-٧ | بەشی ئەم جێ وجێ كردن و جێگۆڕكێكردن لەنێوان فۆڵدەرەكاندا | ٧٩ |
| ٦-٨ | گونجاندنی ناواخنی فۆڵدەر | ٨١ |
| ٦-٩ | ڕیزكردن و بەگروپ كردن و فلتەركردنی هێماكان | ٨٢ |
| ٦-١٠ | ئاوڕدانەوەیەك | ٨٤ |
| ٦-١١ | ڕاهێنان | ٨٥ |
| **٧** | **بەڕێوەبردنی فایل و فۆڵدەر** | **٨٦** |
| ٧-١ | دروست كردنی فایل و فۆڵدەر | ٨٦ |
| ٧-٢ | نیشانەكردنی فایل وفۆڵدەر | ٨٧ |
| ٧-٣ | كۆپی كردن و جوڵاندنی فایل و فۆڵدەر | ٨٨ |
| ٧-٤ | كۆپی كردنی فایل لەسەر CD وەیان DVD | ٩١ |
| ٧-٥ | قەدبڕ Short Cut | ٩٢ |
| ٧-٦ | دروست كردنی قەدبڕ | ٩٢ |
| ٧-٧ | سڕینەوە (سەتڵی خۆڵ) Recycle Bin | ٩٥ |
| ٧-٨ | سەیڤ كردنی فایل لە فۆڵدەری پەستێوراودا | ٩٧ |


هەموو مافەكان پارێزراون

٧-٩ ئاوڕدانەوەیەك ........ ٩٨
٧-١٠ ڕاهێنان ........ ٩٩

٨ ویندۆی ٧ و کرداری گەڕان ........ ١٠٠
٨-١ گەڕان بەدوای فایل و فۆڵدەردا ........ ١٠٠
٨-٢ گەڕانی پێشکەوتوو یان پەرەسەندوو Advanced Search ........ ١٠٣
٨-٣ بەکارهێنانەوەی گەڕانە سەیڤ کراوەکان ........ ١٠٤
٨-٤ گونجاندنی پێنوێن ........ ١٠٤
٨-٥ ئاوڕدانەوەیەك ........ ١٠٦
٨-٦ ڕاهێنان ........ ١٠٦

٩ چاپ کردن لە ویندۆدا ........ ١٠٨
٩-١ چاپ کردن Print ........ ١٠٨
٩-٢ تایبەتمەندێتیەکانی پرینتەر ........ ١١٠
٩-٣ تاووتوێ کردنی کرداری چاپ کردن ........ ١١٠
٩-٤ دابەزاندنی Install پرینتەر ........ ١١٢
٩-٥ ئاوڕدانەوەیەك ........ ١١٤
٩-٦ ڕاهێنان ........ ١١٥

١٠ گونجاندنی شێوەی دێسکتۆپ و فۆڵدەر ........ ١١٦
١٠-١ گونجاندنی دێسکتۆپ ........ ١١٦
١٠-٢ گونجاندنی مێنیوی دەستپێکردن START ........ ١٢١
١٠-٣ خستنەگەڕی پرۆگرام لەگەڵ داگیرساندنی ویندۆکەدا ........ ١٢٢
١٠-٤ گونجاندنەکانی شریتی تاسك ........ ١٢٣
١٠-٥ گادجێتەکان Gadgets ........ ١٢٦
١٠-٦ سەتڵی خۆڵ و تایبەتمەندێتیەکانی ........ ١٢٨
١٠-٧ گۆڕینی ڕوخساری فۆڵدەرەکان ........ ١٢٨
١٠-٨ ئاوڕدانەوەیەك ........ ١٣٠
١٠-٩ ڕاهێنان ........ ١٣١

وما اوتيتم من العلم الا
قليلا

صدق الله العظيم


هەموو مافەکان پارێزراون

# ١ دەستپێك

**لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:**

- ◄ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم پەرتووکە
- ◄ بۆ بەکارهێنانی ویندۆی 7 چ جۆرە هاردوێرێك پێویستە
- ◄ ئۆپەرێتین سیستەم چیە و چ خزمەتێك پێشکەش دەکات

## ١-١ سەرەتا

### پێکهاتەی ئەم پەرتووکە و بەکارهێنانی

– ئەم کتێبە لە چەند بەشێکی سەرەکی و لە ژێر ئەمانیشەوە بەش بەشی تر پێك دێت بە جۆرێکی وا گونجاو کە بە ئاسانی وە زۆرترین سوودی لێ وەربگیرێت.
– لە سەرەتای هەر بەشێکدا بە کورتی ئەو بابەتانەی کە فێری دەبین نیشان دەدرێت و لە کۆتایی بەشەکەشدا ئاوردانەوەیەکی خێرا و گرنگترین خاڵەکانی بەشەکە دەخرێتە بەرچاو.
– زۆربەی بەشەکان ڕاهێنانیان تێدایە کە ڕاستەوخۆ بابەتەکان تاقی دەکرێنەوەو باشتر فێری دەبین

ئەو هێمایانەی کە ڕێنماییت دەکەن

- زانیاری زیاتر لەبارەی بەکارهێنانی پرۆگرامەکانەوە
- ئامۆژگاری تایبەتی بۆ ئاسانتر گەیشتن بە ئامانجێك یان جێبەجێکردنی کارێك
- خێراترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی کارێك
- ئاگادارکردنەوە لە هەندێ هەنگاو کە چاوەڕوانی باشیان لێ ناکرێت

### ویندۆی 7 بناسە

ویندۆی ٧ لە مانگی ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٩ دا هاتە بازارەوە تا جێگەی ویندۆی ڤیستا بگرێتەوە.
ئەم ویندۆیەش تائێستا باشترین و سەرکەوتووترین ویندۆیە و شێوەیەکی زۆر جوانی هەیە و زۆر ووردەکاری بۆ زیادکراوە لەچاو ڤیستادا وەکوو کۆکردنەوەی هەموو وێنەکان و ئاسان دۆزینەوەی مۆسیقا و جگە لەهێنانی هەندێ پرۆگرامی بچووك بچووك کە کارئاسانی بۆ بەکارهێنەر دەکەن لەگەڵ خۆیدا.
ئەم ویندۆیەش هەروەك ڤیستا بە چوار ڤێرژن بەرهەم هێنراوە:
(Enterprise & Ultimate ،Professional ,Home Premium ،Home Basic)
بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو پرۆگرامانەی لەسەر ڤیستا کاردەکەن دەبێ لێرەش کێشەیەکیان نەبێت.

## ئەو هاردوێرانەی کە بۆ کارکردنی ویندۆی 7 پێویستن

بۆ ئەوەی ئۆپەرێتین سیستەمەکە بە شێوەیەکی جێگیر و تۆکمە کار بکات پێویستە بەلایەنی کەمەوە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت هەروەها ئەم مەرجانە پشت دەبەستن بە ڕێنماییەکانی خاوەن سیستەمەکە کە ئەویش مایکرۆسۆفتە.

| بەشە Hardware | ڕەقەکان | ستانداردی کەبۆ ویندۆی 7 پێویستن - بەلایەنی کەمەوە |
|---|---|---|
| سیستەمی کۆمپیوتەرەکە | | پرۆسیسەرێکی ٣٢ Bit (x86) یان ٦٤ Bit (x64)<br>بە خێرایی ١ گێگاهێرتز یان زیاتر. |
| ڕام RAM | | بەلایەنی کەمەوە ١ گێگابایت بۆ ٣٢ بیت ( ٢ گیگابایت بۆ ڤێرژنی ٦٤ بیت)<br>1 GB 32 Bit (2GB 64 Bit Version) |
| درایڤ Drive وەگەڕخەر | | دیڤیدی درایڤ DVD-Drive |
| هارد دیسك Hard disc | | ١٦ گێگابایت بۆ ٣٢ بیت و ٢٠ گێگابایت بۆ ٦٤ بیت |
| گرافیك کارت Graphic card کارتی شاشە | | SVGA بە ووردیی ١٠٢٤*٧٦٨ خاڵ و فریکوێنسی زیاتر لە ٧٥ هێرتز وە بۆ نیشاندانی پەنجەرەی چوارچێوە ئاوی (Aero-Interface) پێویستی بە گرافیك کارتێك هەیە کە ١٢٨ مێگابایت مێمۆریی هەبێت بێ گومان لەکاتی ووردیی زیاتر و چەند پەنجەرەیەك لە هەمان کاتدا کراوە بن ٢٥٦ مێگابایت بەباش دەزانرێت<br>جگە لەمە دەبێت گرافیك کارتەکە لەبار بێت بۆ Direct X 9 بۆ ئەوەی پەنجەرەی چوارچێوە ئاوی نیشان بدات ئەگینا وەکوو ویندۆی ئاسایی کلاسیکی نیشان دەدرێت |
| شاشەی نیشاندەر Monitor مۆنیتۆر | | مۆنیتۆرێکی شاشە ١٧ ی ڕەنگاوڕەنگ بە ووردیی پێویست |
| ماوس / کیبۆرد / Maus Keyboard | | ماوس و کیبۆردی ئاسایی کە بۆ ویندۆ گونجاو بن |

## ١-٢ ویندۆی 7 و شێوەی کارکردنی؟

### ئەرکەکانی ویندۆی 7

ویندۆی 7 وەکوو ئۆپەرێتین سیستەمێك کۆنترۆڵی پێکەوە کارکردنی دەزگا جیاجیاکان Hardware دەکات کە بۆ کارکردنی کۆمپیوتەرەکە پێویستن.

ئۆپەرێتین سیستەم وەك ئەڵقەیەکی گەیاندن وایە لە نێوان پرۆگرامەکان لەلایەك و بەشە ڕەقەکان Hardware لە لایەکی دیکە. پرۆگرامەکانیش بۆی هەیە پرۆگرامێکی تێکست نووسین بێت یان خشتەیەکی ژمێریاری یان پرۆگرامێکی وێنەو نەخشە کێشان یان یاریەکی کۆمپیوتەر.

- ✓ کاتێ کۆمپیوتەرەکە دادەگیرسێنین ئۆپەرێتین سیستەمی ویندۆی7 بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەست بەکارکردن دەکات و لەپشتەوە چاودێریی بەڕێوەچوونی کردارەکان دەکات هەتا کۆمپیوتەرەکە دەکوژێنرێتەوە.

- ✓ کاتێك پرۆگرامێ دەکرێتەوە، ویندۆکە ڕام و ژمێرەرەکە دەخاتە خزمەتەوە تاوەکوو بتوانرێت بە پرۆگرامەکە کار بکرێت.
- ✓ لەکاتی کارکردنماندا لەسەر کۆمپیوتەرەکە، ویندۆکە ئەرکی ئەوە دەگرێتە ئەستۆ کە هەموو کردارەکان بەشێوەیکی دروست لەسەر شاشەکە نیشان بدرێن و هیچ تێکشکانێك ڕوونەدات(شاشەی شین).
- ✓ بۆ چاپ کردنی دۆکومێنتێك، ویندۆکە زانیاریەکان دەدات بە پرینتەرەکە و دۆکومێنتەکە چاپ دەکرێت.
- ✓ وەختێ بمانەوێ ئەو کارەی بەئەنجامان گەیاندووە (خزن) سەیڤی بکەین ویندۆکە زانیاریەکان لەسەر هارددیسکەکە یان ئەو درایڤەی هەڵمانبژاردووە دەنوسێت.
- ✓ کاتێك ئەو پرۆگرامەی کردبوومانەوە دایدەخەین ویندۆکە ئەو ڕام و ژمێرەرەی کە خستبوویە خزمەتەوە وەری دەگرێتەوە یاخود بڵێین ئازادیان دەکات.
- ✓ بۆ ئەوەی گۆڕینی بە دڵی خۆمان لە کۆمپیوتەرەکادا بکەین بۆ نمونە وەکوو گۆڕینی ڕەنگەکان، دابەزاندنی پرۆگرام Install و هی تر ئۆپەرێتین سیستەمەکە پرۆگرامی تایبەت بەو کارانە تەرخان دەکات.

## تایبەتمەندێتیەکانی ئۆپەرێتین سیستەمێکی گرافیکی

ویندۆی 7 وەکوو ئۆپەرێتین سیستەمێکی گرافیکی ڕووکاری بەکارهێنانەکەی بە ژمارەیەکی تەواوی مێنیو و هێما دارشتووە بە جۆرێك هێماکان ڕێنمایی و ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەر دەکەن وە زیاتر لە ویندۆکانی پێش خۆی فەرمان و کرداری گرافیکی ئەنجام دەدرێت و بە ماوس زۆر کاری زیاتر ڕێك دەخرێت.

لەپشت هەر هێمایەکەوە ئۆبجێکتێك Object یان تەن هەیە. ئۆبجێکتیش بۆ نموونە دەشێ سەتڵی خۆڵ یان پرینتەرێك یان فایلێك بێت کە سەیڤمان کردووە. لێرەدا واتە بەشێوەی ئۆبجێکت ئاڕاستەیی کاردەکرێت. تێکرای سیستەمەکە لە چاوی بەکارهێنەرەوە لە هێما پێك دێت.

فەرمانەکان بە یارمەتی ئامرازێکی ئیشارەت کە ئەویش ماوسە دەردەکرێت واتە بەکارهێنەر پێویست ناکات هەموو فەرمانەکان یەك لە دوای یەك بە کیبۆرد دەربکات.

بۆ نمونە بۆ سڕینەوەی فایلێك:

| ئۆپەرێتین سیستەمی گرافیك ئاڕاستەیی وەکوو ویندۆی 7 | ئۆپەرێتین سیستەمی هێما ئاڕاستەیی وەکوو دۆس MS-DOS |
|---|---|
| <br>بە ماوسەکە فایلی تێکستەکە دەخەینە سەر هێمای سەتڵی خۆڵەکە. | ئەم فەرمانە دەدەین بە کۆمپیوتەرەکە<br>DEL C:\MY-TEXT\vista.txt<br>پاشان دوگمەی Return دادەگرین |

### ویندۆی 7 و ئینتەرنێت

ویندۆی 7 هەموو تەکنیك و پرۆگرامەکانی لەخۆ گرتووە کە بۆ ئینتەرنێت پێویستە بۆ پەیوەندی کردن و زانیاری خستنە بەردەستی بەکارهێنەران، بۆ نمونە دەتوانین ئیمەیڵ E-Mail پۆستی ئەلەکترۆنی بنێرین و وەربگرین هەروەها پەیوەندی دەنگی و ڤیدیۆیی بکەین.

جگە لەوە چەندین پرۆگرام ڕەخسێنراوە بۆ پەیوەندی کردنی کۆمپیوتەرەکان لە تۆڕی پەیوەندیەکاندا. هەروەها ویندۆ لایف مایل بوەتە پرۆگرامی ئی مەیڵ و ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەی ٨ لێرەدا بەکاردێت کە هەندێ چاکسازی تێدا کراوە لەڕووی گەڕان و پێشنیار لەکرداری گەڕاندا.

## ١-٣ سەلامەتی Safety سیستەم لە ویندۆی 7دا

### گرنگیەکانی سەلامەتی و سەلامەتیی فایلەکان

یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی دروست کردن و پەرەپێدانی ویندۆکانی پێش ئەم ئەوەبوو کە سەلامەتی safety فایلەکان بەهێز بکرێت.

لەبەر ئەوەی زیاتر لە یەك بەکارهێنەر ڕەچاو کراوە دەبێ فایلەکانی هەر کەسێك بپارێزرێت و هەموو هەوڵێکی گۆڕین و دەستکاری کردنیان ڕابگیرێت.

لە ویندۆی 7 یشدا سەلامەتی باشتر کراوە بەلام لەهەندێ ڕووەوە ئەگەر پێویستی کرد دەتوانرێت کۆنترۆڵی بەکارهێنەر بکوژێنرێتەوە.

سەلامەتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

| | |
|---|---|
| تۆمارکردنێکی دڵنیا | هەر بەکارهێنەرێك بۆ ئەوەی بتوانێت کار بکات دەبێ حسابێکی Account هەبێت لەناو کۆمپیوتەرەکەدا واتە بەکارهێنەرەکە دوای داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکە دەبێت ناوی خۆی هەڵبژێرێت و وشە نهێنیەکەی بدات ئەگەر پێی درابێت (لێرەدا دەبێ بەڕێوەبەری سیستەمەکە حسابی بۆ کردبێتەوە) ئەم کردارە پێی دەڵێن خۆتۆمارکردنی چوونەژوورەوە Log in |
| سنووردارکردنی دەسەڵات | دروستکەرو خاوەنی هەر فایلێك (بۆ نمونە تێکستێك یان خشتەیەك) خۆی دەتوانێت بڕیار بدات کێ دەسەڵاتی بەسەر ئەو فایلەوە هەیە وە چ مافێکیشی لەسەری هەیە. |
| بەجفرە کردنی زانیاریەکانی سەر درایڤێك | خاوەنی فایلێك یان فۆڵدەرێك دەتوانێت بەجفرە سەیڤیان بکات تاوەکوو تەنها خۆی دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبێت. یان بەکارهێنەر دەتوانێت بۆ نموونە USB مێمۆری بەشفرەبکات بۆ ئەوەی تەنها خۆی دەستی بگاتە زانیاریەکان. |
| چاودێری | بەیارمەتیی توانای چاودێریەوە دەتوانرێت بزانرێت کێ وە کەی چی کردووە. |

## ٤-١ ئاوڕدانەوەیەك

| مانای چیە ... | |
|---|---|
| ئۆپەرێتین سیستەم | کۆنترۆڵی پێکەوە کارکردنی دەزگا جیاجیاکان Hardware دەکات کە بۆ کارکردنی کۆمپیوتەرەکە پێویستن. ئۆپەرێتین سیستەم وەك ئەڵقەیەکی گەیاندن وایە لە نێوان پرۆگرامەکان لەلایەك و ڕەقەکاڵا Hardware لە لایەکی دیکە. |
| ڕووتەختی بەکارهێنەری گرافیکی | لەسەر شاشەکە کاربە پەنجەرەو دوگمەو هێمای ئاشکرا و ئاسان دەکەین. فەرمانەکان مەرج نیە تەنها لەڕێی کیبۆردەوە دەربکرێن بەڵکو لەڕێی ماوسەوە دەردەکرێن. |
| سنووردارکردنی دەسەڵات | خاوەنی فایلەکە بڕیار دەدات کێ وە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ دەسەلاتی بەسەر فایلەکەدا هەبێت. |
| کارکردنی ئۆبجێکت ئا ڕاستەیی | فایل، پرۆگرام، درایڤ، هەر دەزگایەکی تر لە ڕێی هێمایەکەوە بەشێوەیەکی وێنەیی (گرافیکی) دەردەکەون. هەر فایلێك بەهۆی تەنها کلیکێکەوە لەسەر هێماکەی دەکرێتەوە بێ ئەوەی فەرمانەکە لە ڕێی کیبۆردەوە دەربکرێت. بۆ نمونە بمانەوێ نامەیەك بسڕینەوە دەتوانین بە ماوسەکە هێمای نامەکە بخەینە ناو سەتڵی خۆڵەکەوە. |

**ئەوەی لەتواناتدایە**

**یان**

**ئەوەی کە خەوی پێوەدەبینی کە بیتوانی**

**دەستی پێ بکە**

**گۆتە**

# ٢ سەرەتای بەکارهێنانی ویندۆی 7

**لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:**

- ◄ داگیرساندنی کۆمپیوتەر و خۆتۆمار کردن (چوونەژوورەوە)
- ◄ دێسکتۆپ
- ◄ چۆن بە ماوس کاردەکەین
- ◄ کردنەوەو داخستنی پرۆگرام
- ◄ گۆڕینی شێوەی پرۆگرامەکان بەپێی خواستی خۆمان
- ◄ کارکردن بە پێی ڕێنمایی ویزارد
- ◄ کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر (کۆتایی پێهێنانی ویندۆ)

## ٢-١ داگیرساندنی کۆمپیوتەروخۆتۆمارکردن

### داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکە

بە داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکە ویندۆی 7 بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە گەڕ و ئەم هەنگاوانە پیادە دەکرێن:

- ✓ پاش داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکە هەموو دەزگاکان (پارچەکان) ئامادەدەکرێن.
- ✓ ئنجا فایلە شاراوەکانی سیستەمەکە کە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە بنچینەییەکان پێویستن لەڕێی رامەوە دەخوێنرێنەوە.
- ✓ دوای ئەوە لۆگۆی ویندۆی 7 دەردەکەوێ و پرۆگرامی ئۆپەرێتین سیستەمەکە دەست بەکار دەکات وئنجا خزمەتەکان (Services) و درایڤەرەکان (ئەو فایلانەن کە بۆ پەیوەست کردنی دەزگاکان و کارکردنیان بەشێوەیەکی دروست پێویستن) دەخرێنە گەڕ.
- ✓ یەکەم وێنەی ویندۆی 7 لەگەڵ هێماکانی چوونەژوورەوەدا دەردەکەوێت کە هەریەکە هێمایەکن بۆ بەکارهێنەرێك.




*لاپەرەی دەستپێك بۆ هەڵبژاردنی بەکارهێنەر*

پێش ئەوەی ڕووتەختی کارکردنی هەر بەکارهێنەرێك دەربکەوێت دەبێت خۆی تۆماربکات.





لە لاپەڕەی دەستپێکدابە ماوسەکە کلیك لەسەر ناوی خۆت ١ بکە یان هێما (وێنەکەی) خۆت پاشان کۆمپیوتەرەکە بەشێوەی تایبەت بەتۆ دەکەوێتە گەڕ یان

- ◄ ئەگەر بۆ بەکارهێنەرەکە وشەی نهێنی دانرابوو، ئەوا پەنجەرەیەکی تر دێتەپێشەوە کە وشەنهێنیەکەتی دەدەیتێ ٥ەبێ ئاگاشمان لە گەورەوبچووکیی نووسینی پیتەکان بێت و وشەنهێنیەکەش بەشێوەی خاڵ دەردەکەوێت بۆ ئەوەی کەسی تر نەتوانێت بیخوێنێتەوە
- ◄ بۆ تەواو کردنی کاری خۆتۆمارکردنەکە دوگمەی ریتێرن دادەگرین یان کلیك لەسەر تیشکەکەدەکەین ٦

## تێبینی بۆ چوونەژوورەوە یان خۆتۆمارکردن

- ✓ ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکە تەنها یەك بەکارهێنەر هەبوو بەبێ وشەی نهێنی، ئەوا لاپەڕەی دەستپێك وچوونەژوورەوە دەرناکەوێت و یەکسەر دەچیتە ناو کۆمپیوتەرەکەوە.
- ✓ کاتێك وشەی نهێنی بەهەڵە دەدرێت نووسینێك ئاگادارمان دەکاتەوەو بە کلیك لەسەر OK دەگەڕێینەوە سەر چوونەژوورەوەکەی پێشوو.
- ✓ ئەگەر تێبینیی وەبیرهێنانەوە بۆ وشەی نهێنیەکە پێشوەخت نوسرابوو ئەوا لێرەدا نیشان دەدرێت ٧ هەروەها بەهۆی دوگمەی ٨ ەوەدەتوانرێت لەرێی بەکارهێنەرێکی ترەوە خۆتۆماربکرێت(بچینەژوورەوە)

## خۆتۆمارکردن لە تۆڕێکی کۆمپیوتەردا (Domain)




ئەگەر کۆمپیوتەرەکەمان لەتۆڕێکی کۆمپیوتەردابوو لەکاتی چوونەژوورەوەدا لەجیاتی لاپەڕەی بەخێرهاتنەکەی ویندۆی 7 دیالۆگی چوونەژوورەوەی تۆڕی کۆمپیوتەرەکە دێت کە لێرەدا دەبێ ناوی بەکارهێنەر ١ و وشەی نهێنی ٢ (لە بەڕێوەبەری سیستەمەکە وەری دەگریت) بدەیت بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە ژوورەوە بێگومان پاش کلیك لەسەر OK .

ئەگەر لەکاتی نوسینی وشەی نهێنیدا هەڵەمان کرد، دەتوانین

١- بە کلیکی لای چەپی ماوسەکە بچینە سەر ئەو وشەیەی دەمانەوی بیگۆڕین.
٢- بە دوگمەی تیشکەکان ➔ وەیان 🡐 دەتوانین جێ نوسینەکە بەلای راست یان چەپدا بگۆڕین.
٣- بە دوگمەی Del هێماکەی لای راست دەسڕینەوە
٤- هەروەها بە دوگمەی ڕاستکردنەوە Back space هێمای لای چەپ دەسڕینەوە.

## ٢-٢ نیگای یەکەمی دێسکتۆپ

### ڕووتەختی کارکردن Desktop

ڕووتەختی کارکردن Desktop دێسکتۆپ لە ویندۆدا وەکوو مێزی کارکردن وایە بۆیە هەر لەڕێی ئەو بەشانەوەی کە لەسەر دێسکتۆپ دایان دەنێین دەتوانین خێرا پرۆگرامێك، فایل یان فۆڵدەرێك بکەینەوە، جگە لەوە زۆر لە کارەکانمان ڕێك بخەین یان چاودێریان بکەین.




*ڕووتەختی کارکردن Desktop*

| | |
|---|---|
| ڕووتەختی کارکردن (Desktop) | ڕووتەختی کارکردن Desktop بریتیە لە ڕووکەشی پشتەوەی شاشەکە. هەموو هێما و پەنجەرەی دیالۆگ و پەنجەرەی پرۆگرامەکان وە هەروەها شریتی تاسك و زانیاریەکان دەکەونە سەر دێسکتۆپ. |
| سەتڵی خۆڵ Recycle Bin | هەروەکوو لەناوەکەیدا دیارە وەکوو سەتڵی خۆڵ وایە لە ژووری کارکردنماندا، کاتێك فایلێك دەسڕینەوە لەبەرچاو وون دەبێ تەنها دەخرێتە ناو سەتڵی خۆڵەکەوە واتە هێشتا لەسەر درایڤەکە ماوە بۆیە هەموو کاتێك بە ئاسانی بەدەست دەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر لە سەتڵی خۆڵەکەشدا سڕایەوە واتە سەتڵەکە بەتاڵ کرا، ئیتر ناتوانرێ بەدەست بهێنرێتەوە.[1] |
| دوگمەی دەستپێکردن START | لەڕێی ئەم دوگمەیەوە مێنیوی دەست پێکردن دەکرێتەوە کە بە هۆیەوە هەموو پرۆگرامەکانی کەلەسەر ویندۆکە دابەزێنراون دەتوانرێت بکرێنەوە و جگە لەوەش فەرمانە گرنگەکانی ویندۆش لێرەوە دەتوانرێت دەربکرێن |


---

[1] تەنها بە پرۆگرامی تایبەتی دەشێت بەدەست بهێنرێتەوە ئەویش بە هەوڵێکی زۆر

| | |
|---|---|
| شریتی تاسك<br>Taskbar | شریتی تاسك هەموو پرۆگرام و فۆڵدەرە كراوەكان لەخۆ دەگرێت هەروەها ڕێگایەكی خێرایە بۆ نیشاندانی ئەم پرۆگرام و فۆڵدەرانە.<br>لە ویندۆی 7 دا شریتی تاسك هەندێ كاری تریش ئەنجام دەدات بە جۆرێك كە پێویستمان بە شریتی دەست پێكردنی خێرای ویندۆی ڤیستا نابێت. |
| شریتی زمانەكان<br>Language bar | ئەم شریتە نیشانی دەدات كەبە چ زمانێك دەنوسرێت و كامە سەرەكیە واتە بنەڕەتیە، هەروەها لێرەوە دەتوانرێت شێوەی نوسین بە كیبۆردەكە بگۆڕدرێت ئەگەر زمانی دیكە دابەزێنرابوو. |
| بەشی زانیاری<br>Notification Area | لەبەشی زانیاریدا كە دەكەوێتە لای ڕاستی شریتی تاسكەوە كاتژمێر نیشان دەدرێت هەروەها زانیاری و حاڵەتی هەندێ پرۆگرام نیشان دەدرێت وەكو بۆ نمونە چاپكردن، تۆڕی كۆمپیوتەر و دەنگ، ... |
| دوگمەی Aero Peek | ئەم دوگمەیە بەكاردێت بۆ بچووك كردنەوەی Minimize هەموو پەنجەرەكان و دەركەوتنی دێسكتۆپ. |
| ویندۆسایدبار گادجێتەكان<br>Windows Sidebar Gadgets | لە ویندۆسایدباردا كە دەكەوێتە قەراغی لای ڕاستی شاشەكەوە پرۆگرامە چكۆڵەكان بەدی دەكرێن كە پێیان دەوترێت گادجێت وەكو كاتژمێرێكی قەددیوار، وێنەكان و هی تر دەتوانین بە دڵی خۆمان لێی زیادوكەم بكەین. ئەم گادجێتانە لەهەر جێیەكی دێسكتۆپەكەدا بمانەوێت دەتوانین دایان بنێین بە پێچەوانەی ویندۆی ڤیستاوە كە دەبوایە لەناو سایدبارەكەدا بن. |

## ٢-٣ كاركردن بە ماوس

**ماوس**





ماوس لەسەر شاشەكە هێمایەكی نیشاندەرە كە بەكلیك(كرتە) كردن لەسەر خاڵی مێنیو و هێمای پرۆگرامەكان ئەو كارەی كە بەكارهێنەر مەبەستیەتی بەئەنجام دەگەیەنرێت. بە شێوەیەكی گشتی ماوس دوو دوگمەو سكرۆڵێكی هەیە دوو دوگمەكەی لای ڕاست و چەپ كلیكی پێدەكرێت لای چەپ كلیك Click وە لای ڕاست كلیكی ڕاست Right Click.

دوگمەی ناوەڕاستیش پێی دەوترێ سكرۆڵ خلۆكەیەكە دەتوانیت كلیكی لەسەر بكەیت و هەروەها بیخولێنیتەوە.
هەندێ كۆمپانیا ماوسیان پەرەپێداوە دوگمەی زیاتریان بۆ داناوە وەكو لە قەراغەكان و لەسەرەوەشیدا كە هەندێ كاری تر بۆ بەكارهێنەر ئاسان دەكات.

**نیشاندان و دەرخستنی خانەی زانیاری**

كاتێك بە ماوسەكە دەچینە سەر هێمایەك بۆ نموونە لەسەر دێسكتۆپ نوسینێكی كورت دەردەكەوێت كە ڕوونی دەكاتەوە ئەو هێمایە سوودی چیە، یان زانیاریەكی كورت لەبارەیەوە دەدات.

**<u>کلیك کردن</u>**






**کلیك کردن** مەبەست لە دوگمەی لای چەپە وەکوو کلیك کردن لەسەر دوگمەیەکی وەك OK یان مێنیویەك.
هەریەك بەپێی تایبەتمەندێتیەکانی خۆی بۆی هەیە کلیك کردن تەنها نیشانەکردن بێت یان ئەکتیڤ کردن یان کردنەوەی لیستی مێنیویەك بێت.

**کلیکی ڕاست** لیستێك دەکاتەوە کە پێی دەڵێن کۆنتێکست مێنیو context menu کە لەم مێنیوەدا چەند فەرمانێکی تێدایە کە بە پێی شوێنی کلیکەکە دەگۆڕێت ئەمانیش وەکوو کۆپی کردن، سڕینەوە، کردنەوەو، ... هتد.



**<u>دەبڵ کلیك</u>**

دەبڵ کلیك واتە دووجار کلیك کردن لەسەر کلیکی لای چەپ بەلاَم بەخێرایی واتە نەك کلیکێك و بوەستین ئنجا کلیکێکی تر.
بە دەبڵ کلیکیش لەسەر هێمای پرۆگرامێك ئەوا ئەو پرۆگرامە دەکرێتەوە، لەناو پرۆگرامی نوسینیشدا تیکستی پێ نیشانە دەکرێت.

**<u>ڕایکێشەوبەرەڵای کە Drug & Drop</u>**

هونەرێکی بەکارهێنانی ماوسە کە بۆخێرا گەیشتن بە ئەنجام سوودی لێ وەردەگیرێت.

**١- لابردن**

- بەماوسەکە دەچینە سەر ئەو هێمایەی کە دەمانەوێ لایبەرین
- دوگمەی لای چەپ واتە کلیك دادەگرین بێ ئەوەی پەنجە لابەرین
- هێماکە دەبەینە شوێنەکەی کە دەمانەوێ و پەنجە لادەبەین

هێما یان ئۆبجێکتەکە لە جێگا کۆنەکەی لادەچێت و لەو جێگا تازەیە جێگیر دەبێ کە ویستومانە.

**٢- کۆپی کردن**

- لەسەر کیبۆردەکە دوگمەی Ctrl دابگرە
- بە ماوسەکە بچۆرە سەر ئەو ئۆبجێکتەی دەتەوێ کۆپی بکەیت
- دوگمەی لای چەپ واتە کلیك دابگرە بێ ئەوەی پەنجە لابەریت
- ئۆبجێکتەکە دەبەیتە ئەو شوێنەی کە دەتەوێ و لەم کاتەدا هێمایەکی کۆ + لەگەڵیدا دەردەکەوێت پەنجە لەسەر ماوس و دوگمەی Ctrl یش لادەبەیت

ئۆبجێکتەکە بەم شێوەیە کۆپی دەکرێت واتە لە دوو جێگا دروست دەبێت و وەك ناوەکەی پێشوو لەگەڵ وشەی کۆپی copy دەردەکەوێت.

<u>شێوەکانی نیشاندەری ماوس</u>

ماوس بەپێی پرۆگرام و وەزیفەی کارکردنەکەی شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت.

 نیشاندەری ماوسەکە بۆ کلیك کردن وەیان دەبڵ کلیك

 لێرەدا ئەگەر ئۆبجێکتەکە پەیوەست بێت بە جێگایەکی ترەوە وەکوو لینك لە ئینتەرنێتدا (کلیك)

 ویندۆی 7 لەپشتەوە کاردەکات، دەتوانین کارێکی تر بکەین یان فەرمانێکی تری بدەینێ

 ویندۆی 7 سەری قاڵەو کاردەکات دەبێ چاوەڕێ بین هەتا نیشاندەرەکە وەکوو تیشکی لێ دێتەوە

## ٢-٤ مێنیوی دەستپێکردن Start menu




مێنیوی دەستپێکردن وەکوو چەقی کارپێکردنی ویندۆ وایە کە لەم ڕێگایەوە زۆربەی زۆری وەزیفە گرنگەکان و پرۆگرامەکانیش دەخرێنە کار، وەکوو:

- ✓ کردنەوەی پرۆگرام
- ✓ کردنەوەی فایلێك
- ✓ گۆڕین و گونجاندنی سیستەمەکە
- ✓ گەڕان بەدوای فایل یان پرۆگرامدا
- ✓ یارمەتی داواکردن
- ✓ کۆتایی پێهێنان واتە کوژاندنەوەی کۆمپیوتەرەکە وەیان گۆڕینی بەکارهێنەرەکەی

### ئەکتیڤ کردنی مێنیوی دەستپێکردن

◄ کلیك لەسەر دوگمەی START بکە لە شریتی تاسکدا
یان لە کیبۆردەکەدا هەردوو دوگمەی Ctrl و Esc پێکەوە داگرە
وەیان دوگمەی ویندۆ داگرە 

دوگمەی ویندۆ  دەکەوێتە لای چەپی کیبۆردەکەوە لەنێوان Ctrl و Alt وە لە هەندێ کیبۆردیشدا لای ڕاستیش هەیە کە دەکەوێتە نێوان Alt و 
مێنیوی دەستپێکردن خاڵەکانی مێنیو (فەرمانەکان) لەخۆدەگرێت هەر خاڵێ مێنیویەك بە هێمایەك و نوسینێك دەناسرێت، ئەگەر هێمای فۆڵدەرێك بەرچاو کەوت، مانای وایە خاڵی تر وەیان فەرمانی تری لەناوادایە کە بە کلیك کردن دەردەکەوێت.

## بەشەکانی مێنیوی دەستپێکردن

| | |
|---|---|
| ١ | بریتیە لە خانەی گەڕان، لەگەڵ نوسینی یەکەم پیتدا ویندۆکە لیستێك پێشنیار دەکات کە دەبێتە هۆی زۆر خێرا گەیشتن بە ئامانج |
| ٢ | لەڕێی ئەم خاڵەوە کە بە All Programms واتە هەموو پرۆگرامەکان ناسراوە بەشی پرۆگرامەکان نیشان دەدرێت لەشوێنی خاڵی ٣ دا. هەموو پرۆگرامەکانی سەر سیستەمە لێرەوە دەتوانرێت بکرێنەوە کە لەشێوەی هێماکانیان یان فۆڵدەر دەردەکەون. |
| ٣ | لێرەدا ئەو پرۆگرامانەی کە زۆر بەکاریان دەهێنیت دەردەکەون بۆ ئەوەی هەمیشە خێرا لەبەردەستماندا بن و بیانکەینەوە، واتە بەپێی پێویستیەکانی بەکارهێنەر دەگونجێت.<br>پرۆگرامێکمان بە زۆری بەکارهێنا ئەوا لێرەدا دەردەکەوێت خۆ ئەگەر ماوەیەکی زۆر ئەو پرۆگرامەمان نەکردەوە ئەوا لەم لیستەداو ون دەبێت.<br>ئەو پرۆگرامانەی کە نوکە ڕمێکی ڕەشیان لەپاڵدایە لیستی بازدانن کە لە بەشی ٧ دا باسی دەکەین. |
| ٤ | پرۆگرامەکانی ئەم لیستەیە هەرگیز لاناچن تا خۆت لایان نەبەیت پێیان دەوترێ Pinned واتە وەك دەرزییان پێوەکرابێت، دەشتوانیت لیستەکە زیاد و کەم بکەیت. |
| ٥ | وێنەی بەکارهێنەرەکە نیشان دەدات کە بە خێرایی دەتوانین لەڕێیەوە گۆڕانکاری بکەین |
| ٦ | ئەم بەشە تایبەتە بە دۆکومێنت و فۆڵدەری بەکارهێنەر، هەر بۆیە لێرەوە بەشێوەیەکی خێرا ئەو بەشانە دەکرێنەوە کە بەکارهێنەر سەیڤی کردوون یان نوسیونی وەکوو نامەکان و وێنەو مۆسیقاکان. |
| ٧ | لێرەدا بەشی کۆمپیوتەر (واتە هەموو درایڤەکان) تۆڕ و پەیوەندیەکان و هەروەها ئەو دۆکومێنتانەی لەم دواییەدا کراونەتەوە وەکوو هێما دەردەکەون. |
| ٨ | لەڕێی خاڵەکانی ئەم بەشەی مێنیووەوە دەتوانین ویندۆکە بە ئارەزووی خۆمان بگونجێنین هەروەها پرۆگرامە دیفۆڵتەکانیش وەتە بنەڕەتیەکانیش دیاری بکەین واتە فایلێك بۆ نموونە بە چ پرۆگرامێك بکرێتەوە.<br>هەروەها خاڵی مێنیوی یارمەتی و پشتگیریی ویندۆ Help and Support لەگەڵ دەزگاکان و پرینتەرەکان لەخۆدەگرێت. |
| ٩ | لێرەدا دەتوانین کۆمپیوتەرەکە بکوژێنینەوە، قفڵی بکەین وەیان لە ڕێی سێگۆشەکەوە ریستارتی بکەین، بەکارهێنەر بگۆڕین یان ویندۆکە بخەوێنین. |

## خاڵەکانی مێنیو




◀ بە کلیك کردن لەسەر دوگمەی START مێنیوی دەستپێکردن بکەرەوە یان دوگمەی دابگرە.

◀ ئەگەر پرۆگرامەکە لە لیستەیەدا نەبوو دەچیتە سەر All Programs یان کلیك بکە لەسەری یان تۆزێك ڕابوەستە خۆی دەکرێتەوە و هەموو پرۆگرامەکانی سەر کۆمپیوتەرەکە دەبینرێت.

◀ بەماوسەکە بچۆرە سەر ئەو خاڵەی دەتەوێ ئەکتیڤی بکەیت، دەبینی ڕەنگەکەی دەگۆڕێت

◀ بۆ دەرکردنی فەرمانەکە کلیك بکە (کلیکی چەپ)

یان ئەگەر پرۆگرامەکان لە فۆڵدەردا بوون، کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە بکە بۆ دەرخستنی ناواخنەکەی وەك مێنیوێك

◀ بە کلیك کردن لەسەر خاڵێکی مێنیوەکە

بۆ ئەوەی خێرا پرۆگرام یان فایلێك بکەینەوە، لەبەشی گەڕاندا پیتەکانی یەکەمی ناوەکەی دەدەین و ئنجا کلیك لە هێماکەی دەکەین

✓ بە دوگمەی تیشکەکان ➜ وەیان ➜ دەدتوانین فۆڵدەرەکان بکەینەوە هەروەها ⬆ وەیان ⬇ خاڵێکی مێنیو هەڵدەبژێرین و بە دوگمەی Enter پرۆگرامەکە دەکەینەوە

✓ کاتێك کلیك لەسەر Back دەکەین دەگەڕێینەوە سەر لیستی پرۆگرامەکان

✓ ئەگەر بمانەوێ مێنیوی دەستپێکردن بەبێ کردنەوەی هیچ پرۆگرامێك بەجێ بهێڵین دوگمەی Esc دادەگرین یان لە هەرجێیەکی دەرەوەی مێنیوەکە کلیك دەکەین وەیان دوگمەی دادەگرین.

ئەو پرۆگرامانەی تازە دابەزێنراون و هێشتا بەکارهێنەر نەیکردوونەتەوە بە ڕەنگی زەرد نیشانەدەکرێن.

خاڵەکانی مێنیو و شێوەی دەرکەوتنیان بەکارهێنەر دەتوانێ بەپێی ویستی خۆی بیانگونجێنێت.

## ٢ـ٥ کردنەوەو داخستنی پرۆگرام

### کردنەوەی پرۆگرام

◄ کلیك لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا All Programs
◄ ئەو پرۆگرامەی کە دەمانەوێ بە کلیکێك دەیکەینەوە
یان بە کلیکێك فۆلدەری پرۆگرامەکە دەکەینەوە ئەگەر لەناو فۆلدەردا بوو ئنجا ئەو پرۆگرامەی دەمانەوێ بە کلیکێك دەیکەینەوە

بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ پرۆگرامی نوسین نۆتپاد Notpad بکەینەوە، کلیك لەسەر دوگمەی START دەکەین ئنجا All Programs پاشان Accessories لێرەدا نۆتپاد کلیك دەکەین.

### داخستنی پرۆگرام یان کۆتایی پێ هێنان


بەکلیك کردن لەسەر نیشانەی X لەسووچی سەرەوەی لای ڕاستی پەنجەرەکەدا پرۆگرامەکە دادەخرێت یان داگرتنی دوو دوگمەی کیبۆردەکە Alt + F4 پێکەوە.
یاخود کلیکی لای راست لەسەر تایتڵ باڕ (چوارچێوەی سەرەوەی پەنجەرەکە) دەکەین ئنجا Close هەڵدەبژێرین.

## ٢ـ٦ شێوەکانی پەنجەرە

### پەنجەرە سوودی چیە لە ویندۆدا؟

لە ڕووتەختێکی گرافیکیدا ویندۆ ( پەنجەرە = Window ) هەموو زانیاریەکان دەخاتە بەردەست.
بۆ نمونە پرۆگرامێکی نوسین، یان وێنە لە چوارچێوەی پەنجەرەیەکدا نیشان دەدرێت هەروەها ناواخنی فۆڵدەرەکانیش هەر لە پەنجەرەیەکدا نیشان دەدرێن.
ئەو پرسیارانەی کە سیستەمەکە لە بەکارهێنەری دەکات بۆ نمونە چ لاپەرەیەك چاپ بکرێت؟ لە پەنجەرەیەکدا دەردەکەوێت پێی دەڵێن پەنجەرەی دیالۆگ Dialog box

### ا- پەنجەرەی پرۆگرام





هەموو پرۆگرامەکانی کە لەویندۆی 7 دا کاردەکەن، لە پەنجەرەیەکی تایبەتی خۆیاندا دەکرێنەوە، ناواخنی پەنجەرەکەش بە پێی پرۆگرامەکە دەگۆڕێت. دەتوانین زۆربەی پرۆگرامەکان لەڕێی دوگمەی ستارتەوە بکەینەوە.
یان دەتوانین بە دەبڵ کلیك لەسەر دۆکومێنتێك کە بەو پرۆگرامە نووسراوە پرۆگرامەکە بکەینەوە و لەهەمان کاتدا دۆکومێنتەکە ئامادە دەبێت بۆ دووبارە کارکردن تێیدا.

### ب- پەنجەرەی فۆڵدەر

لەپەنجەرەی فۆڵدەردا چەندین ئۆبجێکت دەردەکەوێت وەکوو فایل، فۆڵدەر، درایڤ یان دەزگای بەستراو بە کۆمپیوتەرەکەوە، کە بە دەبڵ کلیکێك لەسەر هێماکانیان دەتوانرێت بکرێنەوە.

شێوەی پەنجەرەی فۆڵدەر دەتوانرێت بگۆردرێت واتە بگونجێنرێت بۆیە مەرج نیە تەواو وەکوو ئەم وێنەیە دەربکەوێت.




*پەنجەرەی فۆڵدەر*

هەریەکە بە پێی گونجاندنی خۆی پەنجەرەی فۆڵدەر لەم بەشانە پێك دێت:

- ✓ تایتڵ بار، یان شریتی ناونیشان لێرەدا هێماکانی گەورەوبچوك کردنەوەو جێگۆڕینی پەنجەرەکە دەبینرێت و لە هەندێ پرۆگرامدا ناوی دۆکومێنتەکەش دەنوسرێت.
- ✓ شریتی ئەدریس، وەکوو ئەدرێس وایە بۆ ئەو فۆڵدەرەی ئێستا نیشان دەدرێت واتە بەهۆیەوە دەزانین ئەو فۆڵدەرە لە کوێدا سەیڤ کراوە، هەروەها لێرەوە دەتوانین بچین بۆ فۆڵدەرەکانی تر.
- ✓ خانەی گەڕان، بۆ گەڕان بە دوای فایل و فۆڵدەردا.
- ✓ شریتی هێماکان، بۆ خێرا بەڕێوەبردن و تاووتوێ کردنی فایل و فۆڵدەرەکان.
- ✓ بەشی لینکە پەسەندکراوەکان، لێرەشدا ویندۆ پاش ماوەیەك ئەو فۆڵدەرانەی سەردان دەکرێن وەك ...,Documents, pictures دادەنێت بۆ خێرا گەیشتن پێیان.
- ✓ بەشی ژێدەرگە وەیان کتێبخانە Libraries لێرەوە دەتوانیت بچیتە ناو دۆکەمێنتەکانت یاخود مۆسیقا و ڤیدیۆ و وێنەکانت بکەیتەوە.
- ✓ Homegroup لێرەدا هەموو ئەو فایل و فۆڵدەر و پرینتەرانەی کە لەتۆڕی کۆمپیوتەری یەکەدا Network خراونەتە بەردەست نیشان دەدرێت.
- ✓ بەشی ئەم جێ و جێ کردن، بەکلیك کردن لەسەر فۆڵدەری مەبەست ناواخنەکەی نیشان دەدرێت و دەچینە ناو ئەی فۆڵدەرەوە.
- ✓ تۆڕی کۆمپیوتەری Network لەم بەشەوە کۆمپیوتەر و دەزگاکانی تری تۆڕەکە دەبینیت.
- ✓ بەشی زانیاری، لەم بەشەدا زانیاری لەسەر بابەتی نیشانە کراو دەردەکەوێت.

### ج- پەنجەرەی دیالۆگ




وەکوو لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت، لەم پەنجەرەیەدا دیالۆگێك واتە وتووێژێك لەنێوان سیستەمەکەو بەکارهێنەرەکەدا ڕوودەدات، بۆ نموونە کاتێك بەکارهێنەر دەبێت بڕیارێك بدات.


## ٢-٧ کارکردن بە پەنجەرە

### تەکنیکەکانی پەنجەرە بە شێوەیەکی گشتی

لەکاتی کارکردنماندا زۆر جار ڕێك دەکەوێت کە پێویست دەکات پەنجەرەکە بچووك یان گەورە بکەینەوە یاخود جێگەکەی بگۆڕین. تەنها پەنجەرەی دیالۆگ نەبێت کە گەورەییەکەی ناگۆڕدرێت

### Maximize گەورەترین کردن

پەنجەرەیەکی Maximize کراو بەگەورەیی و پڕاوپڕی شاشەکە دەردەکەوێت و دەتوانین هەموو شتێکی ناو پەنجەرەکە ببینین، ئەگەر پەنجەرەیەك خۆی Maximize نەکرابوو ئەوا چەندین ڕێگا هەیە بۆ گەورەکردنی





- کلیك کردن لەسەر دوگمەی Maximize
- دەبڵ کلیك لەسەر تایتڵ بار
- کلیکی ڕاست لەسەر تایتڵ بار ئنجا Maximize
- کلیکی ڕاست لەسەر پرۆگرامەکە لە شریتی تاسکدا ئنجا Maximize

### Minimize بچووکترین کردن


ئەگەر ویستمان پرۆگرامێك لەسەر شاشەکە لابچێت بەڵام هەر لەبەردەستماندا بە کراوەیی بمێنێتەوە، ئەوا Minimize ی دەکەین واتە لەسەر شاشەکە دیار نامێنێت تەنها لەسەر شریتی تاسکەکە لە جێگاکەی خۆیدا دەمێنێتەوە

بچووکترین کردنی پەنجەرە بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەبێت




- کلیك کردن لەسەر دوگمەی Minimize
- دەبڵ کلیك لەسەر تایتڵ بار
- کلیکی ڕاست لەسەر تایتڵ بار ئنجا Minimize
- کلیکی ڕاست لەسەر پرۆگرامەکە لە شریتی تاسکدا ئنجا Minimize یان بە کلیك لەسەری ئەگەر پەنجەرەکە چالاك بوو

بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەر پرۆگرامەکە لە شریتی تاسکدا پەنجەرەکەی دەکرێتەوە.




## گەورەو بچووك كردنەوەی پەنجەرە

زۆربەی پەنجەرەكان دەتوانرێت بەهۆی راكێشانی قەراغەكانی پەنجەرەكەیەوە گەورەییەكەی بگۆردرێت.

ئەو پەنجەرەیەی گەورەكراوەو پراوپری شاشەكەیە دەبێ كلیك لەسەرMaximize بەشكردن بكرێت Restore كە هێماكەی وەك دوو پەنجەرە وایە ئنجا دەتوانرێت گەورەو بچووك بكرێتەوە.




- ◄ بە ماوسەكە دەچینە سەر قەراغی پەنجەرەكە دەبینین نیشاندەری ماوسەكە دەبێت بە تیشكێكی دووسەر
- ◄ بە ماوسەكە گەورەیی و بچووكی پەنجەرەكە دەگۆرین بە مەرجێك پەنجە لەسەر كلیكەكە لانەبەین

بە گۆرینی گەورەیی پەنجەرەكە لە سووچەكانیەوە درێژی و پانیی پەنجەرەكە هاوشێوە وەكوو یەك دەگۆرێن.

## گۆرینی شوێنی پەنجەرە

دەتوانین پەنجەرە بگوێزینەوە ئەویش بە كلیك كردن لەسەر تایتڵ بار و راكێشانی پەنجەرەكە بۆ ئەو شوێنەی دەمانەوێت و پاشان پەنجە لەسەر كلیكەكە لادەبەین.


## داخستنی پەنجەرە

بە كلیك كردن لەسەر هێمای  لە سەرەوە لای راست دەتوانین پەنجەرە دابخەین، یاخود لە كیبۆردەكەوە هەموو پەنجەرەیەكی چالاك دادەخەین بە داگرتنی هەردوو دوگمەی Alt+F4 پێكەوە وەیان كلیكی راست لەسەر یەكێك لە تایتڵ بار یان پرۆگرامەكە لە شریتی تاسكدا ئنجا Close.
لە زۆربەی زۆری پرۆگرامەكانیشدا دەتوانین لەرێی File – Exit پێشەوە پەنجەرەكە دابخەین.

## سكرۆڵ بار

سكرۆڵ بار لە قەراغی پەنجەرەكاندا هەمیشە دەردەكەون ئەگەر ناواخنی پەنجەرەكە زیاتر بوو لە گەورەیی پەنجەرەكە، واتە بەهۆی سكرۆڵ بارەوە هەموو ناواخنی پەنجەرەكە دەتوانرێت ببینرێت.
هەروەها سكرۆڵ باری ئاسۆیی و ستونی هەیە،مەرجیش نیە هەردوكیان پێكەوە دەربكەون.
واتە ئەگەر لە باری ئاسۆیی ناواخنی پەنجەرەكە زیاتر بوو لە پانی پەنجەرەكە ئەوا سكرۆڵ باری ئاسۆیی وەدەردەكەوێت، بە هەمان شێوە سكرۆڵ باری ستونییش.
سوود وەرگرتن لە سكرۆڵ بار بە چەند شێوەیەك دەبێت:

- ✓ كلیك كردن لەسەر سكرۆڵەكە وەك لە وێنەكەدا دیارە و جوڵاندنی ماوسەكە بێ ئەوەی كلیكەكە بەرەڵا بكەین.



✓ کلیك کردن لەسەر تیشکەکانی قەراغی پەنجەرەکە وەکوو لە وێنەکەدا بە سوور دەوردراوە

✓ کلیك کردن لەسەر بەتاڵایی نێوان سکرۆڵەکەو تیشکەکان

ئەگەر ماوسەکەت سکرۆڵی لەسەر بێت ئەوالێرەدا بە ماوسەکە خێراتر سوود لە سکرۆڵ وەردەگریت بە هۆی خولاندنەوەی خولۆکەی سکرۆڵەکەوە.

پەنجەرەی دیالۆگ دەتوانرێت تەنها بگوازرێتەوە یان دابخرێت، واتە گەورەو بچووك کردن وە یان Maximize , Minimize ناکرێت.

## ڕوخساری پەنجەرە کراوەکان لە شریتی تاسکدا

لەبەر ئەوەی ویندۆ توانای مەڵتی تاسکینی هەیە، دەتوانین چەند پەنجەرەیەك بکەینەوە لەهەمان کاتدا، لە شریتی تاسکیشدا هەموو پەنجەرە کراوەکان دیار دەبن کە بۆ هەموو پەنجەرەیەك دوگمەیەك بەدی دەکرێت.








لە ویندۆی 7 دا شریتی تاسك و شریتی دەستپێکردنی خێرا یەکێکن، ویندۆ هەموو پەنجەرە لەیەکچووەکان دەکاتی گروپێك واتە بۆ نموونە ئەگەر چەند پەنجەرەیەکی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەت کردبێتەوە ئەوا هەر یەك هێما لەسەر شریتی تاسك دەردەکەوێت.

کاتێك بە ماوسەکە دەچینە سەر دوگمەی یەکێك لە پەنجەرەکان ئەگەر گروپ نەکرابن ئەوا نوسینێکی بچووك دەردەکەوێت کە ناوی پەنجەرەکە یان زانیاریەکی کورتمان دەداتێ لەبارەی ئەو پەنجەرەیەوە، خۆ ئەگەر لە ویندۆکەدا Windows-Aero چالاك کرابێت ئەوا وەکوو وێنەیەکی بچکۆلە زانیاریەکە دەردەکەوێت.






## ڕێکخستنی پەنجەرەکان

پەنجەرە کراوەکان جگە لەوانەی Minimize کراون دەتوانرێت بە سێ شێوە ڕێک بخرێن ئەویش بە هۆی کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵدا لەسەر شریتی تاسک و هەڵبژاردنی یەکێک لەوانە

Cascade یەک لە پشت یەکترەوە

Stacked لەسەریەک هەڵچنراو


Side by Side لەتەنیشت یەکتردا

## دێسکتۆپ نیشاندانی وەیان Minimize ی هەموو پەنجەرەکان

کلیکی لای ڕاست بکە لە جێیەکی بەتاڵدا لەسەر شریتی تاسک و ئنجا Show the desktop هەڵبژێرە، یان + D ، وەیان هێمای لەسەر شریتی تاسک. یاخود + M

بۆ گەڕانەوەیان بۆ باری پێشوو کلیک لەسەر دوگمەکانیان بکە لەسەر شریتی تاسک وەیان کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵی شریتی تاسک و Shoe Open Windows هەڵبژێرە.

## چۆن گۆڕکێ کردن لەنێوان پەنجەرە کراوەکاندا

| | |
|---|---|
| بەهۆی شریتی تاسکەوە | لە شریتی تاسکدا کلیک لەسەر دوگمەی پەنجەرەکە دەکەین |
| پەنجەرەی دیار بە کلیک چالاک کردن | ئەگەر پەنجەرەکە هەمووی یان بەشێکی دیار بوو لەسەر دێسکتۆپەکە ئەوا بە کلیکێک لەسەری چالاک دەبێت |
| دوا پەنجەرەی چالاک دووبارە چالاک کردنەوە | بە هۆی داگرتنی دوو دوگمەی Tab Alt پێکەوە |
| جێگۆڕین لە نێوان هەموو پەنجەرەکاندا  | دوگمەی Alt دادەگرین و بەدەست پیانانی یەك لە دوای یەکی دوگمەی Tab دەتوانین هەموو پەنجەرەکان وەدیاربخەین لیستەیەك دەردەکەوێت کە هێمای هەموو پەنجەرەکانی تێدایە لەسەر هەر هێمایەك کەدەمانەوێت دەست لەسەر دوگمەی Alt لادەبەین ئەوا ئەو پەنجەرەیە دەردەکەوێت |
|  | دوگمەی داگرە ئنجا بەداگرتنی Tab پەنجەرەکان یەك بە یەك دێنە پێشەوە بەدەست لابردن ئەو پەنجەرەیە دەمێنێتەوە. (تایبەتە بە Aero ) |

## لیستەی بازدان Jump List




لیستەی بازدان تازەگەریەکی ویندۆی 7 هەروەك لەناوەکەیدا دیارە بەبازێك دەگەینە ئەو فایل یان ئەو لاپەڕەی ئینتەرنێتانەی یان ئەو فۆڵدەرانەی کە لە دواییدا کراونەتەوە.

ئەم لیستەیەش بە کلیکی لای ڕاست لەسەر هێماکەی سەر شریتی تاسك دەکرێتەوە و بە کلیکێك ئەوەی مەبەستتە دەکرێتەوە. یان دەتوانیت هەموو پەنجەرەکان دابخەیت.

لەمێنیوی دەستپێکردنیشدا وەك نوکەڕمێکی ڕەش لەبەردەم پرۆگرامەکاندا دەردەکەوێت.


جگە لەوە ئەم لیستەیە دەتوانرێت لێی بسڕێتەوە یان بۆی زیاد بکرێت، هەروەها هەندێك فەرمانی تریش لەخۆدەگرێت.

## ٢ـ٨ مێنیو و شریتی هێماکان

### مێنیوی داخزاو Pulldown-Menu

پەنجەرەی زۆربەی پرۆگرامەکان لەسەرەوە شریتێکی مێنیوی هەیە کە بەکارهێنانی پرۆگرامەکە و گۆڕینی ئاسان دەکەن. هەموو یەکێك لە خاڵەکانی ئەو مێنیوە لە مێنیویەکی داخزاو پێك دێت Pulldown menu ئەمانەیش وەکوو لەناوەکەیانەوە دیارە بە کلیك کردن لەسەریان مێنیویەکی تر دەکرێتەوە بۆ خوارەوە کە فەرمانە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت.

### چالاك کردنی مێنیو بە ماوس




چالاك کردنی مێنیویەك بەهۆی ماوسەوە دەبێت، ئەویش بە کلیك کردن لەسەری.

### چالاك کردنی مێنیو بە کیبۆرد

بەهەمان شێوەی ماوسەکە دەتوانین بەهۆی کیبۆردەکەوە مێنیویە چالاك بکەین، بۆ نموونە لە وێنەکەی سەرەوەدا بەهۆی Alt ئنجا F ئەو مێنیویەی سەرەوەمان بۆ دیاردەکەوێت، وەپاخود Ctrl+N فایلێکی نوێمان بۆ دەکرێتەوە.

ℹ هەندێ لەو مێنیوانەی کە زۆر بەکاردەهێنرێن دەتوانین چالاکیان بکەین بەیارمەتی دوگمەی Alt و Ctrl.

### تایبەتمەندێتیەکانی مێنیو

خاڵەکانی ئەم مێنیوە هەمیشە هێما یان نیشانەیەکیان لەگەڵدایە کە زانیاریمان دەداتێ ئەو خاڵە چ هەنگاوێکی بەدوادا دێت.

| | | |
|---|---|---|
| سێ خاڵ | Open... | کلیك کردنی ئەم مێنیوە پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکاتەوە. |
| سێگۆشە | ▸ | ئەم مێنیوە مێنیوی تری لەخوارەوەیە کە ئەگەر بە ماوسەکەبچینە سەریان نیشان دەدرێن. |
| نیشانەی ڕاست | ☑ | ئەم خاڵەی مێنیو وەکوو سویچێك وایە کە لەنێوان چالاك کردن و ناچالاکدا |

| | |
|---|---|
| | بەکارهێنەر بواری هەڵبژاردنی هەیە دەکرێت زیاتر لە یەک مێنیو چالاک بکەین. |
| خاڵ | هەندێ خاڵی مێنیو وەکوو سویچێکی هەڵبژاردن وان بەڵام تەنها دەشێت یەک دانە هەڵبژێردرێت. |
| نوسینی خۆڵەمێشی<br>Preview message | ئەگەر نوسینی مێنوەکە خۆڵەمێشی بوو مانای وایە لەم کاتەدا ئەم مێنیوە ناتوانرێت بەکاربهێنرێت. |

## بەکارهێنانی شریتی هێماکان

بەپێی ئەو فایلەی کە نیشانەکراوە شریتی هێماکان دەگۆڕێت، ئەم هێمایانەش کارئاسانیەکە بۆ خێرا دەرکردنی فەرمانەکان.





بۆ نموونە لە وێنەکەی سەرەوەدا ئەم هێمایانە دەبینین:

- ✓ Organize بەکلیك کردن لەسەر ئەم مێنیوە لیستەیەك دەکرێتەوە کە خاڵی مێنیوی تر لەخۆ دەگرێت و یان فەرمانی تێدایە
- ✓ Include in Library ئەم دوگمەیە بەشەکانی ژێدەرەگە Libraries دەکاتەوە.
- ✓ Share with وەکوو لە ناوەکەیەوە تێ دەگەین واتە بەش کردن لەگەڵ بەکارهێنەری تردا، کە بەهۆیەوە بەکارهێنەرێکی تریش ئەم فۆڵدەرە دەکەوێتە بەردەستی.
- ✓ Slide show وێنەکان بە شێوەی سڵاید نیشان دەدات.
- ✓ Burn واتە کۆپی کردنی ئەو فایل و فۆڵدەرانە بۆ سەر دیسکێك.
- ✓ New folder فۆڵدەرێکی نوێ دەکەیتەوە.
- ✓ دوو دوگمەکەی لای ڕاست شێوەی نیشاندان و ڕووخساری ناوخنی فۆڵدەرەکەی پێ دەگۆڕێت.
- ✓ ? مانای بەدەست کەوتنی یارمەتیە.

## لیستی پێکهات یان کۆنتێکست مێنیو Context menu

زۆرجار هەر ماوسی لای ڕاستی پێ دەڵێین، چونکە بەهۆی کلیك کردنی ماوسی لای ڕاستەوە ئەم مێنیوە دەردەکەوێت، هەروەها بەهۆی کیبۆردەکەشەوە لەڕێی دوگمەی کۆنتێکست مێنیوەوە هەروەها بەپێی ئەو جێیەی کلیکی لای ڕاستەکەی لەسەر دەکرێت لیستەی فەرمانەکان دەگۆڕێن.




لەڕێی ئەم مێنیوەوە ویندۆ زۆر کارئاسانیمان بۆ دەکات و گرنگترین فەرمانەکانی کە لەوێدا دەگونجێت دەخاتە خزمەتی بەکارهێنەرەوە.


بۆ نموونە کلیکی ڕاست لەجێیەکی بەتاڵی لەسەر دێسکتۆپەکە بکە، دەبینین لیستەیەك دەکرێتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانین شێوە ڕوخساری دێسکتۆپەکە بگۆڕین یان هەندێ فەرمانی تر دەربکەین..

## ٩-٢ کارکردن بە ویزارد و پەنجەرەی دیالۆگ

### پەنجەرەی دیالۆگ چ خزمەتێك پێشکەش دەکات؟

هەرگیز پەنجەرەی دیالۆگ بە گاڵتە وەرمەگرە، چونکە هەمیشە وەکوو ئاراستەی ڕێگاوبان وایە دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت یان چی لە دۆکومێنتێك بکەیت واتە ویندۆکە پێویستی بە زانیاری هەیە کە بیدرێتێ بۆ نموونە دۆکومێنتێك سەیڤ بکرێت یان نا، ناوی بنرێت چی وە هەروەها.

جگە لەمانە پەنجەرەی گەورەتری دیالۆگ هەیە کە زانیاری زیاتر لەخۆدەگرێت و دەتوانرێت گۆرانکاری لە زۆر بواردا بکرێت.




### بەشەکانی پەنجەرەی دیالۆگ

<u>تۆمارگا tab :</u> بە کلیك کردن لەسەر یەکێك لە تۆمارگاکان شێوەی پەنجەرەکە دەگۆڕێت و جۆرێکی تر لە زانیاری دەردەخات کە پاش گۆڕینی ئەم زانیاریانە بە کلیك کردن لەسەر OK هەموو گۆڕانکاریەکانی تۆمارگاکان سەیڤ دەبێت.

<u>خانەی پێدان input field, input box :</u> ئەم خانەیە چەند جۆرێکی هەیە بۆ نموونە دەتوانین بە کلیك کردن لەسەر سێگۆشەکان ژمارەیەك هەڵبژێرین وەیان خۆمان ژمارەیەك بنوسین جۆری تریان هەیە نوسینێکی تیا دەنوسیت وەکوو گەڕان بە دوای بابەتێکدا.

<u>خانەی لیستە list box :</u> لێرەدا بەکارهێنەر بواری تەنها یەك هەڵبژاردنی هەیە، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر لیستەکەو پاشان کلیك کردن لەسەر ئەو خاڵەی لیستەکە.

لیستەش هەمیشە شایانی کەم و زیاد کردنە واتە دەتوانرێت خاڵی تازەی بۆ زیاد بکرێت.

<u>خاڵی هەڵبژاردن radio button, option :</u> لەم خاڵەی مێنیوەدا بەکارهێنەر دەتوانێت لەنێوان چەند خالێکدا تەنهایەکێك هەڵبژێرێت.

<u>چوارگۆشەی هەڵبژاردن checkbox :</u> لێرەشدا بەکارهێنەر بواری هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان چەند خاڵێکدا، بەلام دەتوانێت هیچ هەڵنەبژێرێت، یان یەکێك یان زیاتر لەیەك خاڵ هەڵبژێرێت.


<u>دوگمەکان button :</u> دوگمەکانیش فەرمان و گۆڕانکاریی جێگیر لەخۆدەگرن.

## گۆڕانکارییەکانی پەنجەرەی دیالۆگ لەڕێی کیبۆردەوە

| هەنگاو – ئەگەر بمانەوێ | دوگمەی کیبۆرد |
|---|---|
| لەنێوان بەشەکانی پەنجەرەی دیالۆگدا ئەم جێ و جێ بکەین | Tab وەیان Shift و Tab |
| چوارگۆشەی هەڵبژاردنەکان چالاک و ناچالاک بکەین | دوگمەی بەتاڵ blank Spacebar |
| جێ وجێ کردن لەنێوان خاڵی هەڵبژاردندا | ↑ یان ↓ |
| گۆڕانکارییەکان کۆتایی پێ بێنین | دوگمەی Enter واتە OK |

## ویزاردەکان Wizards

لەهەندێ کاتدا وەکو دابەزاندنی Install پرۆگرامێك یان چاپ print کردن ویندۆکە یارمەتیدەر وەیان ڕێنیشاندەرێکمان دەخاتەوە خزمەت کە بریتیە لە زنجیرەیەك پەنجەرەی دیالۆگ کە هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکارییە گرنگەکانمان لێ دەپرسێت و جێگیر دەکرێت، هەموو هەنگاوێکیش ڕوون کردنەوەی لەگەڵدایە تاکو بەکارهێنەر لای ئاشکرا بێت چی دەکات.




*ویزارد*

### دوگمەکانی ویزاردیش زیاتر بریتین لە:

Next واتە داهاتوو یان بەردەوام بە

➲ بەهۆی ئەم هێمایەوە دەتوانین بگەڕێینەوە هەنگاوی پێشوو بۆ ڕاست کردنەوە گۆڕینی تر

Cancel بیپچڕێنە یان وازی لێ بێنە

End واتە تەواو یان ئەنجام

## ٢-١٠ کۆتایی هێنان بە ویندۆ یان کوژاندنەوە

### ویندۆ کۆتایی پێ هێنان

چەند رێگایەك هەیە بۆ کۆتایی پێهێنانی ویندۆ، بۆ نموونە تۆ دەتەوێت لە سیستەمە دەرچیت و بەکارهێنەرێکی تر بچێتە ژوورەوە، یان دەمانەوێ تەواو بیکوژێنینەوە وەیاخود بۆ ماوەیەکی کورت بەجێی بهێڵین وە هەروەها.

### کۆمپیوتەر قفڵ کردن

ئەگەر بمانەوێ بۆ ماوەیەکی کورت کۆمپیوتەرەکە بەجێ بهێڵین و لەهەمان کاتدا خەڵکی رێگاپێنەدراو نەتوانێت کۆمپیوتەرەکەمان بەکار بهێنێت ئەوا یەك لەم رێگایانە بەکار دێنین.

◄ دوگمەی دەست پێکردن START کلیك دەکەین ئنجا دەچینە سەر تیشکەکەی تەنیشت دوگمەی Shut down و Lock هەڵدەبژێرین.

یاخود لە رێی کیبۆردەکەوە بە داگرتنی هەردوو دوگمەی و L پێکەوە.

یەکسەر پەنجەرەی چوونەژوورەوە دێت واتە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکە دەبێ خۆ تۆمار بکرێت. پاشان screen saver پارێزەری شاشە دەردەکەوێت، کە بە جوڵاندنی ماوس یان داگرتنی هەر دوگمەیەکی کیبۆردەکە پەنجەرەکە دەردەکەوێتەوە.


کاتێك کۆمپیوتەر کۆتایی پێ دەهێنین، ویندۆکە هەموو پرۆگرامە کراوەکان کۆتایی پێ دەهێنێت و گۆرانکاری و گونجاندنەکانی بەکارهێنەرەکە سەیڤ دەکات، بێ گومان بەرنامە و دۆکومێنتەکانی کە گۆرانیان تێدا کراوە لەرێی پەنجەرەی دیالۆگەوە لێمان دەپرسێت ئایا سەیڤی بکەین یان نا.

خاڵی Log off یش کۆمپیوتەرەکە قفڵ دەکات بەڵام دەرچوونی بەکارهێنەریشە لە ویندۆکە لەهەمان کاتدا و پەنجەرەی خۆتۆمارکردن دەردەکەوێت.

### گۆرینی بەکارهێنەر

بۆ نموونە ئەگەر بەکارهێنەرێکی تر خێرا بیەوێت بچێتە ژوورەوە، ئەوا Switch User وە دەتوانین بە ئەنجامی بگەیەنین و لەهەمان کاتدا پرۆگرامەکان و دەوروبەرەکەی خۆمان نافەوتێت کاتێ دیسان خۆمان دەچینەوە ژوورەوە.

ئەمیش وەکوو لە وێنەکەدا دیارە کلیك لەسەر START دەکەین ئنجا دەچینە سەر تیشکەکەی تەنیشت دوگمەی Shut down و سێگۆشەکە پاشان Switch user لەئەنجامدا دەچینەوە سەر لاپەرەی چوونەژوورەوە وەکوو لە بەشی دووەدا باسمان کرد.




ئەگەر کۆمپیوتەرەکە لە تۆرێکی کۆمپیوتەریدا بوو ئەوا لەسەر زانیاریەکانی بەکارهێنەر سێرڤەیەك باڵادەستە وریگا نادات دوو بەکارهێنەر لە یەك کاتدا لەسەر هەمان کۆمپیوتەر کار بکەن.

### Sleep خەواندنی کۆمپیوتەرەکە
لێرەدا ویندۆکە دەچێتە باری بەفیڕۆنەدانی ووزەوە، کە بەداگرتنی دوگمەیەکی کیبۆردەکە یان جولاَندنی ماوس ویندۆکە خەبەری دەبێتەوە.

### Hibernate هایبەرنەیت
ویندۆکە هەموو زانیاریەکانی ڕام لەسەر هاردەکە کۆپی دەکات و دەکوژێتەوە، کاتێ دووبارە ویندۆکە دادەگیرسێنینەوەو خۆتۆمار دەکەین هەموو پرۆگرامە کراوەکان و دەوروبەرەکە وەك خۆی دێتەوە بەردەستمان.

## ڕیستارت و کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر
زۆربەی جار پاش دابەزاندنی پرۆگرامی نوێ ویندۆ پێویستی بە ڕیستارتێك دەبێت بۆ ئەوەی ئەو پرۆگرامە نوێیە لەگەڵ ویندۆکەدا بکەونەوە ئیش و خۆیان لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بگونجێنن. لێرەدا کوژاندنەوەو دووبارە داگیرساندنەوەی کۆمپیوتەرەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت وەکوو کوژاندنەوەیەکی ئاسایی پرۆگرامەکان دادەخرێن و پرسیار لەبارەی دۆکومێنتە گۆڕاوەکانەوە دەکرێت سەیڤ بکرێن یان نا.
ئەگەر بەتەواوی کۆمپیوتەرەکە بکوژێنینەوە ئەمیش بۆ نموونە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زیاتر پێویستمان پێی نەبێت

- ◄ کلیك لەسەر دوگمەی دەست پێکردن START بکە
- ◄ پاشان Shut down یان Restart هەڵبژێرە.

⚠ هەرگیز کۆمپیوتەرەکەت لە کارەباوە مەکوژێنەرەوە واتە بەوەی کارەبای لێ ببڕیت، لێرەدا هەموو گۆڕان و گونجانەکانی ویندۆ دەفەوتێن و بۆی هەیەبەشە ڕەقەکانیش زیانیان لێ بکەوێت.

- ✓ لەلاپەڕەی سەرەتای ویندۆی ٧ دا (چوونەژوورەوە) هەروەها دەتوانیت لەڕێی هێمای  وە کۆمپیوتەرەکە بکوژێنیتەوە یان لەڕێی سێگۆشەکەوە هەنگاوەکانی تر بنێیت.
- ✓ ئەگەر لەکاتی کارکردنماندا ماوسەکە وەستا ولەکارکەوت ئەوا بەهۆی داگرتنی دوو دوگمەی Alt+F4 وەپەنجەرەیەکی دیالۆگمان بۆ دەکرێتەوە تابتوانین کۆمپیوتەرەکە بکوژێنینەوە، بێگومان لێرەدا پەنجەرە چالاکەکانیش دادەخرێن، بۆیە دەبێ چەند جارێك دوو دوگمەکە دابگرین.
- ✓ ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت لە تۆڕێکی کۆمپیوتەریدا بوو ئەوا لیستەیەکت بۆ دەردەکەوێت کە بواری هەڵبژاردنی هەنگاوەکانت دەبێت.

## ٢ ـ ١١ ئاوڕدانەوەیەك

| ماناى چیە . . . | |
|---|---|
| نیشاندان | بە ماوسەکە دەچینە سەر هێمایەکی سەر شاشەکە |
| کلیك کردن | هێمایەك نیشان دەدەین و کلیکێکی کورت دەکەین لەسەر لای چەپی ماوس |
| دەبڵ کلیك | هێمایەك نیشان دەدەین و دووکلیکی خێرای لای چەپ دەکەین |
| ڕایکێشەوبەرەڵای کە | هێمایەك نیشان دەدەین و کلیکی لای چەپ دەکەین بەبێ ئەوەی بەری بدەین هێماکە ڕادەکێشین بۆ ئەو جێیەی کە دەمانەوێ و ماوسەکە بەرەڵا دەکەین |
| مێنیوی دەستپێکردن | ئەم مێنیوە لەڕێی کلیك لەسەر دوگمەی START یان کیبۆردەکە دوگمەی وە دەکرێتەوە، لێرەوە دەتوانین پرۆگرامەکان و یان دۆکومێنتەکانمان بکەینەوە |
| پەنجەرەی پرۆگرام | ئەو پەنجەرانەن کە پرۆگرامە کراوەکان دەردەخەن |
| پەنجەرەی فۆڵدەر | ناواخنی فۆڵدەرەکان بەرچاودەخەن بە هەموو فۆڵدەری ترو فایلەکانەوە |
| پەنجەرەی دیالۆگ | پەنجەرەیەکە وەکوو دیالۆگێك لەنێوان کۆمپیوتەرو بەکارهێنەردا کە تێیدا بەکارهێنەر دەبێت بڕیارێك بدات. |
| ویزارد | چەند پەنجەرەیەکی یەك لەدوای یەکی ڕێنیشاندەرن هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری دەکرێت لەگەڵ ڕوون کردنەوەدا. |

| دەتەوێ | ڕێگەچارە | ڕێگای تر |
|---|---|---|
| ویندۆز 7 بکەیتەوە | کۆمپیوتەرەکەت داگیرسێنە | -- |
| پرۆگرامێك بکەیتەوە | START – All Programs ئنجا پرۆگرامەکە کلیك دەکەیت | دوگمەی کیبۆردەکە دادەگریت بەیارمەتی تیشکەکە چوار دەچیتە سەر ئەو پرۆگرامەی کە دەتەوێ و دوگمەی دادەگریت |
| کردنەوەی کۆنتێکست مێنیو (لیستی پێکهات) | کلیکی لای ڕاست لەو جێیەدا یان لەسەر ئەو هێمایەی کە دەتەوێ دەکەیت | هێماکە نیشانە دەکەین و دوگمەی دادەگریت |
| لەنێوان پەنجەرەکاندا ئەم جێ و جێ بکەیت | لەشریتی تاسکدا کلیك لەسەر دوگمەی پرۆگرامەکە دەکەیت و پەنجەرەکە هەڵدەبژێریت | داگرتنی دوو دوگمەی Alt پێکەوە |
| پەنجەرەکان ڕێك بخەیت | کلیکی لای ڕاست لەسەر شریتی تاسك و هەڵبژاردنی شێوەیەك | -- |
| دێسکتۆپ دەربخەیت | کلیکی لای ڕاست لەسەر شریتی تاسك و Show the Desktop | D + وەیان یان M + |

| | | |
|---|---|---|
| بەکارهێنەر بگۆڕیت | Switch User - START - | Switch User – L + |
| کۆمپیوتەرەکە قفڵ بکەیت | Lock - START - | L + |
| دەرچوونی بەکارهێنەر | Log off - START - | -- |
| کۆتایی هێنان بە ویندۆ | Sleep یان - START - hibernate | -- |
| ریستارت | Restart- START - | -- |
| کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر | Shut Down - START | -- |


## ٢ ـ ١٢ ڕاهێنان

### کارکردن لە ویندۆدا

1. کۆمپیوتەرەکەت داگیرسێنە تاکو ویندۆی 7 بکەوێتە کار.
2. کلیك لە ناوی بەکارهێنەر بکە و وشەی نهێنیەکەت بدە ئەگەر درابوو بۆ ئەوەی بچیتە ژوورەوە .
3. لیستی تاسك بکەرەوە.
4. ژمێرەر (حاسبە) کە بکەرەوە لەڕێی Accessories – All Programs - START – Calculator لەڕێی View شێوەکەی بگۆڕە بۆ شێوە زانیاریەکەی.
5. کۆمپیوتەرەکەت قفڵ بکەو کەمێ پشوو بدە.

### کارکردن لەگەڵ چەندپەنجەرەیەکدا

1. لە مێنیوی دەست پێکردندا بەهۆی خانەی گەڕانەوە پرۆگرامی Notpad بکەرەوە.
2. هەروەها پرۆگرامی وێنە Paint بکەرەوە لەڕێی نوسینی ناوەکەیەوە لە خانەی گەڕاندا ئنجا پرۆگرامی ژمێریار بە نوسینی Calculator.
3. لەنێوان ئەم پەنجەرانەدا لەڕێی شریتی تاسکەوە ئەم جێ و جێ بکە.
4. ئەم جارە بەهۆی کیبۆردەکەوە لەنێوان پەنجەرەکانداا ئەم جێ و جێ بکە بە بەکارهێنانی دوو دوگمەی Alt Tab .
5. ئەم سێ پەنجەرەیە لەسەر ڕووی شاشەکە وا دابنێ کە نەکەونە سەریەکتری بۆ ئەمە دەتوانیت گەورەوبچووکیان بگۆڕیت




6. پەنجەرەکەی Notpad گەورە بکە پڕاوپڕی شاشەکە.
7. بچۆ بۆ پرۆگرامی Paint و Minimize بکە.
8. پەنجەرە Minimize کراوەکە دووبارە دەربخەرەوە.
9. هەموو پەنجەرەکان Minimize بکە بەجۆرێك کە دێسکتۆپ دەرکەوێت.
10. هەموو پەنجەرەکان وەکوو سەفتەکراو نیشان بدە، تەنها ژمێریارەکە نەبێ هەموویان دابخە.
11. کۆتایی بە ویندۆکە بهێنە کە بچیتە دۆخی بەفیرۆنەدانی ووزەوە Sleep.
12. کۆمپیتەرەکە بخەرەوە کار و بچۆرەوە ژوورەوە.

**ئەی خوایە لەکارت سەری زانا گێژە**
**شیرنایی دەنێ یە دەم، دەڵێی مەیچێژە**
**خۆت جوانی دروست دەکەی، دەڵێی مەی بینە**
**پیاڵێکی پڕاوە، لاری کە و مەیڕێژە**
**خیام**

# ٣ یارمەتی Help لە ویندۆی 7 دا

لە بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:
- چۆن سوود لە یارمەتی ویندۆ وەردەگریت
- چۆن ئەو نووسینەی کە بە دوایدا گەڕاویت بەکاردەهێنیت.

مەرجەکان:
- ✓ زانیاریی سەرەتایی کۆمپیوتەر

## ٣-١ پەنجەرەی یارمەتی

### یارمەتی چ خزمەتێك پێشکەش دەکات؟

یارمەتی پرۆگرامێکی سەربەخۆی ویندۆیەوە بەهۆیەوە دەتوانین زانیاری لەبارەی پرۆگرام و بەشەکانی ویندۆوە بەدەست بخەین. هەروەها ئەگەر لەناو کۆمپیوتەرەکەدا هیچ نەدۆزرایەوە پێشنیاری ئینتەرنێت دەکرێت.

### کردنەوەی پەنجەرەی یارمەتی

- کلیك لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا Help and Support.

یان دوگمەی و F1

وەیان کلیك لەسەر هێمای بکە لەسەر شریتی هێماکان لە پەنجەرەی فۆلدەرێکدا.

لاپەڕەی دەستپێکردنی یارمەتی و پشتگیری دەردەکەوێت کە جۆرەها یارمەتی لەخۆدەگرێت.



هەموو کاتێ دەتوانین بێینەوە ئەم لاپەڕەی دەستپێکردنە بەکلیک کردن لەسەر هێمای .

## ناوەڕۆك

ناوەڕۆك سەردێری بابەتەکان لەخۆدەگرێت و وەك کتێبێك وایە لەبارەی زانیاریەکانەوە و هەروەها ڕێگایەکی لەباریشە بۆ فێربوون و ناسینی ویندۆ.




- کلیك لەسەر ئەم هێمایە بکە.
- کلیك لەسەر بەشێك بکە بۆ نموونە ١ باسی بابەتێك بە نیشانەی پرسیارەکەدا دەناسینەوە لەهێمای بەردەمیدا وەکوو ٢ بەڵام ئەم هێمایە نیشانەی ئەوەیە کە بابەتی تری لەخواراوەیە.
- کلیك لەسەر بابەتێك بکە بۆ نموونە ٢ ویان بەشەکانی تری بابەتێك بکەرەوە وەکوو ٣

بەشی ٤ نیشانی دەدات کە ئێمە ئێستا لەکوێداین.


## گەڕان بەدوای وشەیەکدا

لەڕێی خانەی گەڕانەوە دەتوانین بەدوای ئەو وشەیەدا بگەڕێین کە دەمانەوێ.




- لەخانەی گەڕاندا وشەکە بنووسە.
- کلیك لە هێما زەڕەبینەکە بکە لەلای ڕاستی خانەکەدا یان دوگمەی Enter دابگرە دەبینیت ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بەو وشەیەوە هەیە وەدیاردەکەون.
- لەلیستەکەدا کلیك لەسەر بابەتێکیان بکە بۆ نموونە خاڵی ٢ بۆ ئەوەی باس لەسەر ئەو بابەتە نیشان بدرێت.

بۆ بینینی درێژەی بابەتێك كلیك لەسەر بابەتەكە دەكەین.




ویندۆ تا ڕادەیەك شێوەی نوسینی هەڵە قوبوڵ دەكات وەك لە وێنەكەدا دیارە.

## داخستنی پرۆگرامی یارمەتی

◄ كلیك لەسەر هێمای داخستن بكەلەسەر پەنجەرەی پرۆگرامی یارمەتیەكە.


وەیان كلیك لەسەر هێمای بكە لەسەر شریتی ناونیشان(تایتڵبار) لە مێنیوەكەوە close واتە دایبخە كلیك بكە.

## ٢-٣ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستی یارمەتی دا

### جووڵان لەناو تێکستی یارمەتیدا

| ئەگەر ویستت ... | |
|---|---|
| بچیتەوە سەر لاپەڕەی دەستپێکردن | کلیك لەسەر ئەم هێمایە بکە. |
| ئەم جێ وجێ بکەیت لەنێوان تێکستەکانی یارمەتیدا | بەهۆی هێمای تیشکەکانەوە و دەتوانین بچینە سەر لاپەڕەکانی داهاتوو وەیان گەڕانەوە بۆ لاپەڕەکانی پێشوو. |
| لەناو تێکستەکەدا زیاتر بگەڕێیت | کلیك لە لینکەکانی بەشی لای ڕاست بکە بۆ نموونە وەك لەژێر In this article دا دیارە لە وێنەکەی خوارەوەدا. |
| بچیتە سەر بابەتی تری هاوشێوە | لەناو تێکستەکەدا کلیك لەسەر لینکە ڕەنگ شینەکان بکە دەبینیت ڕوون کردنەوەیەك دەردەکەوێت ٢. |

بۆ نموونە پاش ئەوەی بەدوای وشەی ماوس Mouse دا دەگەڕێیت، کلیك لەسەر Working with windows دەکەیت، ئەو ووشانەی کە بە ڕەنگی سەوز نوسراون پێناسەیەکیان لەپشتەوەیە کە بەکلیك کردن لەسەریان پارچە تێکستێك دەردەکەوێت.





بۆ نموونە وەك لەوێنەکەدا دیارە وشەی دێسکتۆپمان کلیك کردووە پارچە تێکستەکە پێناسەیەکمان نیشان دەدات.

بە داگرتنی دوگمەی Esc یان کلیك کردن لە جێیەکی تر بکەین پارچە تێکستەکە وون دەبێتەوە.




## نیشاندانی تێکستە شاراوەکان

بۆ نموونە هەر لە پەنجەرەی The desktop (overview) دا کە لەبەشی یەکەمدا لە گەڕان بەدوای وشەی دێسکتۆپدا بینیمان،




لەخوارەوەی تێکستەکەدا کلیك لەسەر نوسینە قەڵەوەکە بکە کە سێگۆشەیەکی لەبەردەمدایە To add a shortcut tot he desktop یان کلیکی لەسەر بکەرەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بیشاریتەوە.

## کردنەوەی پەنجەرەیەکی دیالۆگ یان ئەنجامدانی فەرمانێك لە یارمەتیەوە





◄ کلیك لەسەر ئەو لینکە بکە کە تیشکێکی لەبەردەمدایە ➔ لێرەوە پەنجەرەیەکی تر دەکرێتەوە کە ئەو فەرمانەمان ڕاستەوخۆ بۆ جێبەجێ دەکات. واتە لەجیاتی ئەوەی خۆت پرۆگرامەکە لەجێگای خۆیەوە بکەیتەوە ویندۆکە بە کلیکێك دەیکاتەوە.

✓ لەوێنەکەی تەنیشتدا گەڕاوین بەدوای وشەی music دا پاشان Managing your music مان هەڵبژاردووە.

## گۆڕینی گەورەوبچووکی تێکستەکە (نوسینەکە)

◀ کلیک لەسەر دوگمەی Options بکە ئنجا Text Size پاشان گەورەو بچووکیەکە هەڵبژێرە

## گەڕان لەناو خودی تێکستێکی یارمەتیدا




ئەگەر تێکستێکی گەورەت هەبێت زۆر جار پێویستە خێرا بزانیت ئەو وشەیەی تێدایە کە تۆ مەبەستەتە.

دەتوانیت کرداری گەڕانەکە بگونجێنیت بۆ نموونە گەورەو بچوکی ڕەچاو بکرێت یان نا یاخود هەموو وشەکە بدۆزێتەوە یان بەشێك جگە لەمانە ئەگەر خاڵی Highlight all matches هەڵبژێریت، لەگەڵ نوسینی وشەکەدا ئەو ووشانەی کە لەو دەچن بە ڕەنگی زەرد نیشانە دەکرێن.

◀ کلیک لەسەر دوگمەی Options بکە ئنجا Find (on this page)... پاشان پەنجەرەی گەڕانەکە دەکرێتەوە.
◀ ئەو وشەیەی بدەرێ کە بەدوایدا دەگەڕێیت.
◀ لێرەدا دەتوانین بۆ وشەکە بەتەواوی بگەڕێین یان بەشێکی، یان گەورەو بچووکی نووسینەکە ڕەچاوبکات.
◀ زیاتر دەگەڕێین بە کلیك کردن لەسەر Next وەیان دەگەڕێینەوە بەهۆی Previous.
◀ وشە دۆززراوەکان نیشانە دەکرێن بەشین.
◀ بە هێمای  دەتوانین پەنجەرەکە دابخەین

## گەڕانی ئۆنلاین (لە ئینتەرنێتدا)

هەروەها ئەگەر بمانەوێ لاپەڕەکانی مایکرۆسۆفتیش بگەڕێین لە ئینتەرنێتدا ئەوا دەبێت Windows-Online-Help چالاك بکەین.


◀ کلیک لەسەر دوگمەی Options بکە ئنجا Setting پاشان Improve my search results by using online Help (recommended) چالاك دەکەین و ئنجا OK دادەگرین.

## ٣-٣ یارمەتیی تایبەتی

### پرسیار لە یەکێکی تر بکە (  )

ئەگەر کۆمپیوتەرەکەمان بە ئینتەرنێتەوە بەسترابوو، دەتوانین یارمەتی لە مایکرۆسۆفتەوە یان بەکارهێنەرێکی ترەوە وەربگرین.

- ◀ کلیك لەسەر هێمای Ask بکە.
- ◀ ئەگەر لە ئینتەرنێتدا لە لاپەڕەکانی مایکرۆسۆفت یان فۆرومەکاندا بە دوای زانیاریدا بگەڕێین، کلیك لەسەر یەکێك لە لینکەکان (١) دەکەین ئەوا ویندۆئێکسپلۆرەر دەکرێتەوە یارمەتیی پێویست پێشکەش دەکات.




ℹ لەڕێی ئەم لینکەوە (٢) دەتوانین لە پەنجەرەکانی داهاتوودا هاوکارێکمان یان کارمەندێك بانگهێشت بکەین بەسەر کۆمپیوتەرەکەماندا باڵادەست بێت و گۆڕانکاری بکات هەروەها لە پەنجەرەیەکی تردا لەگەڵیدا چات بکەیت و پرسیار و وەڵام بگۆڕنەوە.

### چاپ کردنی تێکستی یارمەتی

- ◀ تێکستی یارمەتیەکەی کە دەتەوێ چاپ ی Print بکەیت نیشانە بکە.
- ◀ کلیك لە هێمای Print  بکە.
- ◀ پاشان پەنجەری دیالۆگی چاپ کردنەکە دەکرێتەوە لەوێدا داتوانیت هەموو لاپەرەکە چاپ بکەیت یان تەنها تێکستە نیشانەکراوەکە.

## ٣-٤ ئاوڕدانەوەیەك

| دەتەوێ... | ڕێگەچارە | ڕێگای تر |
|---|---|---|
| داوای یارمەتی لەویندۆز بکەیت | START ئنجا Help and Support | و F1 |
| بگەڕێیتەوە لاپەرەی دەست پێکردنی یارمەتی | | -- |
| نیشاندانی ناوەڕۆك | | -- |
| تێکستێکی یارمەتی نیشان بدەیت | کلیك لەسەر هێمای بکە ئنجا کلیك لەسەر نیشانەی پرسیارەکە | -- |
| ئەم جێ وجێ بکەیت لەنێوان تێکستەکانی یارمەتیدا | و | -- |
| تێکستێکی یارمەتی چاپ بکەیت | ماوسی لای ڕاست لەسەر بابەتی یارمەتیەکە و لە لیستی پێکهاتدا print | |
| یارمەتی کۆتایی پێ بهێنیت | کلیك لەسەر بکە | Alt+F4 |
| بەدوای وشەیەکدا بگەڕێیت | پێدانی وشەکە لەخانەی گەڕاندا | -- |

## ٣-٥ ڕاهێنان

1. پرۆگرامی یارمەتی بکەرەوە.
2. بەهۆی خانەی گەڕانەوە بۆ زانیاری لەبارەی Context menu بگەڕێ.
3. پاشان بابەتی Pin a program tot he Start menu کلیك بکە.
4. بچۆ بۆ بابەتی Using Jump Lists to open programs and items.
5. تێکستێك چاپ بکە.
6. کۆتایی بە یارمەتی بهێنە.

**داهاتوو! تەنها بیانوویەکە بۆ ئەوانەی کە نایانەوێ ئێستا کارێک بکەن**
**هارۆڵد پینتەر (نوسەری شانۆ)**

# ٤ ئاشنابوون بە فایل و فۆڵدەر

**لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:**


- دروست کردنی فایلێك لەسەر دێسکتۆپ
- دروست کردنی فۆڵدەر و فایل خستنەناوی
- گۆڕینی ناوی فایل و فۆڵدەر
- ڕێکخستنی دێسکتۆپ و بابەتەکانی

**مەرجەکان:**

- ✓ زانیاریی سەرەتایی کۆمپیوتەر

## ٤-١ فایل دروست کردن لەسەر دێسکتۆپ

### فایل و دۆکومێنت چین؟

**فایل** کۆکراوەی کۆمەڵێ داتان وەیان زانیارین کە بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی پەیوەستن پێکەوە وەکوو یەکەیەك لەژێر ناوێکدا لەسەر هەڵگری داتاکان storage device سەیڤ کراون، هەڵگری داتاش لەوانەیە هارددیسك یان سی دی وەیان دی ڤی دی ، یاخود فلاش مێمۆری، ... بێت.

ئەو فایلانەی کە بە پرۆگرامێك دروست دەکرێن وەکو تێکستێك، وێنە، خشتە، ... پێشیان دەوترێت دۆکومێنت و ئەم دۆکومێنتانە بە هێمای پرۆگرامەکە دەناسرێنەوە هەر بۆیە بە دەبڵ کلیك کردن لەسەر ئەم دۆکومێنتانە ئەو پرۆگرامە دەکرێتەوە کە پێی نووسراوەو دۆکومێنتەکە نیشان دەدرێت.

هەروەها فایلەکانی دەنگ و ڕەنگ بە فایلە گرنگەکان دەژمێردرێن لەوەتی هارددیسکی گەورە هاتۆتە بازاڕەوە.

جگە لەمانە فایلی تر هەن کە تایبەتن بە کارکردنی سیستەمەکە یان پرۆگرامەکان، بە شێوەیەکی بنەڕەتیش ئەو فایلانە شاراوەن بۆ ئەوەی بەکارهێنەری ئاسایی نەتوانێت بیانسڕێتەوە چونکە بەسڕینەوەیان لەوانەیە سیستەمەکە لەکاربکەوێت یان پرۆگرامێك ئیدی کارنەکات.

**فایلە ئێکزەکیوتەبڵەکان** Executable Files یان **فایلی پرۆگرامەکان** ئەو فایلانەن کە کارێك لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەکەن، دەتوانین بە **فایلە جێبەجێکەرەکان** ناویان ببەین چونکە بە دەبڵ کلیك کردن لەسەریان پرۆگرامێك دەکرێتەوە.


لەبەر ئەوە ئەم جۆرە فایلانە ئەگەر دڵنیا نەبیت باش نیە بیانکەیتەوە واتە دەبڵ کلیکیان لەسەر بکەیت چونکە بۆی هەیە کارێکی خراپ لەسەر کۆمپیوتەرەکە بکات یان زیان بە سیستەمەکە بگەیەنێت.

شایانی باسە هەمیشە بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە فایلانە سیستەمەکە پرسیاری دڵنیاییمان لێ دەکات لە پەنجەرەیەکی دیالۆگدا واتە دەبێ ڕێگای پێ بدەین.

## دروست کردنی فایل

◀ کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵی دێسکتۆپەکەدا بکە.
◀ پاشان New ئنجائەو فایلەی دەتەوێت بکەیت دروستی بۆ نموونە Text Document.

لەبەشەدا هەموو فایلەکانی کە لەتواناندا هەیە لەژێر ویندۆکەدا دروست بکرێن لیست دەکرێن واتە بە پێی ئەو پرۆگرامانەی دابەزێنراون و مەرج نیە کۆمپیوتەرەکەی تۆ هەمان لیستە نیشان بدات.




لێرەدا ویندۆ هێمایەك کە نیشانەی پرۆگرامەکەیە لەو جێیەدا دروست دەکات و لە بنەڕەتدا ناوی دەنێت New Text Document واتە دۆکومێنتێکی تێکستی نوێ.

◀ خۆمان ناوێکی تری لێ دەنێین.
◀ دوگمەی Return دادەگرین یان کلیکێك لە جێیەکی بەتاڵیی دەکەین.

هەمیشە باشتر وایە ناوی گونجاو بەکاربهێنین وە زۆر درێژ نەبێت چونکە سەرمان لێ تێك دەدات و لەسەر دێسکتۆپیش بەشێکی وەکوو سێ خاڵ دەردەکەوێت.

شایانی باسە هەموو سیستەمەکە و تێکڕای ئەو زانیاریانەی کەتۆ دەیبینیت فایلن، هەر پرۆگرامێك کەلەسەر ویندۆکەیە لە فایل پێك دێت و بۆ کارکردنی بە دروستی دەبێت پرۆگرامەکە بزانێت کام فایل لەکوێدایە بۆ نموونە شوێنی فایلێك لە فایلەکانی کە پرۆگرامەکە لە کاتی دابەزاندنیدا دروستی کردوون بگۆڕیت بۆی هەیە پرۆگرامەکە ئیتر ئیش نەکات.

## کردنەوە یان داختستنی فایلێك

◀ دەبڵ کلیك لەسەر هێمای فایلەکە دەکەین.
یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Open دەبینین فایلەکە بە پرۆگرامەکەیەوە دەکرێتەوە.
◀ هەروەها دەتوانین بە ماوسی لای ڕاست ئنجا Edit هەڵبژێرین بۆ کارکردن لە دۆکومێنتەکەدا

بۆ داخستنیشیان (فایلەکە بە پرۆگرامەکەیەوە) کلیك لەسەر نیشانەی  دەکەین یان هەردوو دوگمەی Alt و F4 پێکەوە دادەگرین.

جگە لەمانە زۆربەی پرۆگرامەکانیش لەڕێی مێنیوی File وە دەتوانیت بە کلیك کردن لەسەر Close یان Exit فایلەکە دابخەیت.

## ٤-٢ فۆڵدەر

### فۆڵدەر چیە؟

فۆڵدەر پێرستن Directory کە فایل و دۆکومێنت لەسەر کۆمپیوتەرەکە ڕێك دەخەن. فۆڵدەر لە بنەڕەتدا هێمای وەردەگرێت و لە شێوەی بۆکسفایلێکدایە وەك ئەوەی لەڕاستیشدا لە ئۆفیسدا دۆکومێنتی تێدا هەڵدەگیرێت، ئەو فۆڵدەرانەی کە سیستەمەکە خۆی دروستی دەکات ئایکۆن واتە هێمای لەباریان بۆ دادەنێت وەکوو ... Music, Pictures, کە وێنەیەکیان پێوەیە بیرۆکەیەك لەسەر ناواخنی فۆڵدەرەکە دەدەن.





هەر فۆڵدەرێك دەشێ فۆڵدەری تری لەناودا بێت و ئەویش فۆڵدەری تر وە هەروەها، ئەمەش زۆر سوودی لێ دەبینرێت بۆ ڕێکخستنی بابەتەکان بۆ نموونە ساڵ ئنجا مانگەکان وە هەروەها.









## دروست کردنی فۆڵدەر لەسەر دێسکتۆپ


- هەروەك لە دروست کردنی فایلدا کلیکی لای راست لەجێیەکی بەتاڵییدا لەسەر دێسکتۆپەکە بکە لەوجێیەی کەدەتەوێ فۆڵدەرەکەی لێ دروست بکەیت.
- لە کۆنتێکست مێنیودا بچۆرە سەر New
- کە مێنیوی دووەم کرایەوە بچۆرە سەر Folder و کلیك بکە.
- ویندۆ فۆڵدەرێك دروست دەکات و ناوی دەنێت New Folder و نیشانەی دەکات.
- فۆڵدەرەکە ناوێکی بدەرێ ودوگمەی Return دابگرە




بۆ ناونانی فۆڵدەرەکەش ئەگەر ویستت بە کوردی بێت بۆ نموونە زمانی نوسینەکە دەگۆڕیت لەسەر شریتی زانیاری لەخوارەوە لای راستدا.

## کردنەوە و داخستنی فۆڵدەر

دەبڵ کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە دەکەین.
وەیان کلیکی لای راست لەسەر هێمای فۆڵدەرەکە و ئنجا Open.
پەنجەرەی فۆڵدەرەکە دەکرێتەوە و هەموو فایل و فۆڵدەری ترو دیڤایسەکان نیشان دەدرێت کە لەناویدان و ئەگەر بەتاڵیش بێت ئەوا هیچ نیشان نادرێت.

بۆ داخستنی فۆڵدەرەکەش کلیك لەسەر هێمای  لە سەرەوە لای راست دەکەین یان Alt+F4.
یاخود لەسەر شریتی تاسك کلیکی لای راست لەسەر هێمای فۆڵدەرەکە دەکەین ئنجا Close

## فۆڵدەر لەناو فۆڵدەردا

بۆ ڕێکخستنی فایل و زانیاریەکان بەشێوەیەکی گونجاو هەروەها کە بە ئاسانیش بدۆزرێتەوە وەکوو لەپێشدا باسمان کرد فۆڵدەرەکان بە شێوەی پلە پلە و بە گوێرەی پێویستی خۆمان دروست دەکەین.

- ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە دەتەوێ فۆڵدەری تری تێدا دروست بکەیت.
- کلیك لەسەر Organize بکە لە شریتی هێماکاندا ئنجا New Folder هەڵبژێرە.

یاخود لەپەنجەرەی فۆڵدەردا لەسەر شریتی هێماکان کلیك لەسەر دوگمەی New folder بکە.
وەیان لەناو فۆڵدەرەکەدا لە جێیەکی بەتاڵییدا کلیکی لای راست بکە ئنجا New پاشان Folder سەرەنجام لە شوێنەدا فۆڵدەرێك دروست دەبێت بە ناوە بنەڕەتیەکەیەوە.

- ناوێکی گونجاوی بدەرێ و دوگمەی Return داگرە.

## دروست کردنی فایل لەناو فۆڵدەردا

- ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە دەتەوێ فایلێکی تێدا دروست بکەیت.
- کلیکی لای راست لەجێیەکی بەتاڵییدا لەناو فۆڵدەرەکەدا بکە ئنجا New پاشان جۆرێك لەو فایلەی کەدەتەوێ هەڵدەبژێریت
- ناوێکی گونجاوی بدەرێ و دوگمەی  داگرە.

## جوڵاندنی فایلەکان بۆ ناو فۆڵدەر

- کلیك لەسەر هێمای فایلەکە بکە بێ ئەوەی پەنجە لابەریت.
- فایلەکە ڕاکێشە ناو فۆڵدەرەکەوە و لەم کاتەدا هێمای فۆڵدەرکە ڕەنگی دەگۆڕێت و لەم کاتەدا تێکستێکی زانیاری دەردەکەوێت کە کرداری جوڵاندنەکە ڕوون دەکاتەوە.
- ماوسەکە بەرەڵابکە





یان لەسەر هێمای فایلەکە ماوسی لای ڕاست Cut ئنجا لەناو فۆڵدەرکەدا دیسان ماوسی لای ڕاست و Copy .

کرداری جوڵاندن Move لابردنی فایلەکەیە لەجێگایەکدا و دانانی لە جێگایەکی تردا بە پێچەوانەی کرداری کۆپیەوە Copy کە لێرەدا کۆپیەك یان وێنەیەك لەو فایلە لە جێگایەکی تردا دادەنرێت

ئەگەر ویستت قەبارەیەکی گەورە (بۆ نموونە GB١٠) لە فایل و فۆڵدەر بجوڵێنیت باشترە جارێ کۆپیان بکەیتە جێگا تازەکە و کە تەواو بوو و دڵنیا بویت هەمان قەبارە و هەمان فایل و فۆڵدەر کۆپی کراون، ئنجا کۆنەکە بسڕەرەوە، چونکە زۆر جار لە کرداری جوڵاندنەکەدا کێشە دروست دەبێت وەك جیاکردنەوەی درایڤ یان کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر و یان کەمیی جێگا لە شوێنە تازەکەدا و هتد.
ئەمانەش زۆربەی جار دەبنە هۆی پچڕاندنی کردارەکە، بۆیە لە کۆپی کردندا هیچ کێشەیەك نیە چونکە دەتوانیت دووبارەی بکەیتەوە، بەڵام لە کرداری جوڵاندندا زۆر جار دەبینی هەندێ فایل جوڵێنراون و هەندێکی تر ماون بە نیوەناچڵی و گێڕانەوەی کردارەکە کەمێك ئاڵۆز دەبێت.

## ٤-٣ مامەڵە کردن لەگەڵ ناوی فایل و فۆڵدەردا

### گۆڕینی ناو

| | | |
|---|---|---|
| گۆڕینی هەموو ناوەکە | ◀ لەسەر ناوی فایلەکە یان فۆڵدەرەکە دوو جار کلیك بکە (نەك دەبڵ کلیك) یاخود F2 دابگرە هەموو ناوەکە نیشانە دەکرێت<br>◀ ناوە تازەکە بنووسە |  |
| گۆڕینی چەند پیتێك لە ناوەکە | ◀ کە ناوەکە نیشانە کرا وەکوو خاڵی پێشوو لە جیاتی ئەوەی هەموو ناوەکە بگۆڕین کلیك لەو شوێنەدا دەکەین کە پیتەکانی دەگۆڕین و نووسینەکە تەواو دەکەین<br>پیتەکانی لای چەپی ماوسەکەوە بە دوگمەی Back space دەسڕینەوە<br>پیتەکانی لای راستی ماوسەکەش بە دوگمەی del دەسڕینەوە |  |
| بەشێك لە ناوەکە نیشانە بکەیت و بیگۆڕیت | ◀ کلیك لەسەر سەرەتای یان کۆتایی ناوەکە بکە وەکوو لەپێشەوە روون کراوەیە، کلیکەکە بەردەوام ماوسەکە راکێشە بۆ ئەوسەر تا ئەو جێیەی مەبەستە.<br>◀ ناوەکە بگۆڕە واتە ناوێکی تر بەسەریدا بنوسە.<br>وەیان بە بەکارهێنانی دوگمەی ⇧ و یەکێك لە تیشکەکان.<br>وەیان دەبڵ کلیك لەسەر تێکستی ناوەکە بکە تا بەشێکی نیشانەبکرێت | |
| تەواوکردنی ناوگۆڕین | دوگمەی Enter دادەگریت یان کلیك لەجێیەکی بەتاڵیی دەکەیت | |

### Undo گێڕانەوەی دواهەنگاو (پاشگەزبوونەوە)

ئەگەر لەسەر دێسکتۆپ یان هەر جێیەکی تر گۆڕانکاریەکت کرد وەکوو بۆ نموونە گۆڕینی ناو، دەتوانیت ئەو گۆڕینە وەك خۆی لێ بکەیتەوە.

◀ راستوخۆ دوای ئەی هەنگاوە کلیکی لای راست بکە لە جێیەکی بەتاڵیدا.
◀ ئنجا Undo Rename هەڵبژێرە.
یاخود دوو دوگمەی Ctrl و Z دابگرە.

بەپێی ئەو گۆڕانکاریەکەی کە کراوە رستەکەش دەگۆڕێت بۆ نموونە ئەگەر دواهەنگاوەکە سڕینەوە بێت ئەوا دەبێ Undo Delete هەڵبژێرین.

# ٤-٤ ساز کردنی فایل و فۆڵدەرەکانی سەر دێسکتۆپ

## جوڵاندنی فایل و فۆڵدەر

هێمای فایل و فۆڵدەرەکان دەتوانرێت لەسەر دێسکتۆپ بەهەموو لایەکدا بە ئازادی بجوڵێنرێن.


- لەسەر دێسکتۆپەکە کلیك لەسەر هێمای فایل یان فۆڵدەرێك بکە.
- بەبێ ئەوەی پەنجە لەسەر ماوسەکە لابەریت هێماکە ڕاکێشە بۆ جێگا تازەکەی بۆ نموونە بۆ ناو فۆڵدەرێك و ئنجا ماوسەکە بەرەڵابکە.

کاتێك هێماکە دەخەیتە ناو فۆڵدەرێکەوە، ڕەنگی فۆڵدەرەکە دەگۆڕێت و تێکستێکی زانیاری دەردەکەوێت کە کرداری جوڵاندنەکە ڕوون دەکاتەوە پاشان فایل یان فۆڵدەرەکە دەچێتە جێگا تازەکەی.

ئەگەر لەکاتی ڕاکێشانی فایل وەیان فۆڵدەرکەدا پەشیمان بویتەوە لە جوڵاندنەکە پێش ئەوەی ماوسەکە بەرەڵابکەیت دوگمەی Esc دابگرە ئەوا کارەکە دەپچڕێنێت.


## چەند تێبینیەك لەسەر جوڵاندن

ناتوانرێت هەموو ئۆبجێکتێك بجوڵێنرێت، بەهۆی شێوەی ماوسەکەوە لەکاتی جوڵاندنەکەدا دەتوانین بزانین هەنگاوەکەمان چ جۆرێکە لە جوڵاندن:

| | |
|---|---|
|  | ئامانجی جوڵاندنەکە دەکەوێتە سەر درایڤێکی تر و ویندۆکە لەوێ کۆپیەك دروست دەکات. |
|  | لەو جێگەیەدا شۆرت کەتێك Short Cut (قەدبڕێك) دروست دەکرێت. قەدبڕ جێگا بۆ فایل یان فۆڵدەرەکە دەگرێت و ڕێگا کورتکەرەوەیەکە بۆ گەیشتن بەو فایل یان فۆڵدەرە و ئەسڵیەکەش هەر لەجێی خۆی دەمێنێت. وەکوو باسمان کرد هەموو ئۆبجێکتێك ناتوانرێت بجوڵێنرێت بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ سەتڵی خۆڵەکە بخەینە فۆڵدەرێکی ترەوە ئەوا ویندۆکە قەدبڕێك لەوێ دروست دەکات. |
|  | ئۆبجێکتەکە ناتوانرێت بجوڵێنرێت بۆ ئەو جێیەی ئێستا، کە ماوسەکە بەر دەدەیت ئۆبجێکتەکە هەر لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە. |

## ڕێکخستنی هێماکان لەسەر دێسکتۆپ


دیارە دێسکتۆپیش وەك مێزی کارکردن وایە لە ماڵەوە یان ئۆفیسێکدا، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی باش ئەم جێی کارکردنە ڕێك نەخرێت، کارکردن ئاڵۆز دەبێت و ئەوەی پێویستتە بەئاسانی نایدۆزیتەوە خۆ ئەگەر بێتوو لەسەر دێسکتۆپیش زۆر کار بکەیت پاش ماوەیەك هێماکان ئەوەندە زۆر دەبن کە بەئاسانی فایل نادۆزیتەوە، بۆیە وا باشە بەرێك و پێکی ریزیان بکەین و ئەو بابەتانەی لەیەك دەچن بخرێنە ناو فۆڵدەرێکەوە.




- لەجێیەکی بەتاڵیدا لەسەر دێسکتۆپەکە کلیکی لای ڕاست بکە.
- لەمێنیوەکەدا Sort By هەڵبژێرە پاشان بەچ جۆرێك دەتەوێ ڕێکیان بخەیت کلیك لەسەر ئەوە دەکەیت.

## دانانی چەند فایلێك لەناو فۆڵدەرێكدا

كۆكردنەوەی چەند فایلێكی وەك یەك یان سەبارەت بە یەك بابەت زۆر پێویستە بۆ ڕێكخستنی زانیاریەكانی ناو كۆمپیوتەرەكە.
واتە دۆكومێنتەكانی سەر بەهەمان بابەت یان وێنەكانی كە پەیوەستن بە بابەتێكەوە یاخود ئەو گۆرانی و مۆسیقایانەی كە بۆ نموونە سەر بە یەك ئەلبوم یان هی هەمان گۆرانیبێژن باشترە بیانخەیتە فۆڵدەرێكەوە.




- ◄ بۆ ئەوەی بۆ نموونە ئەو فایلانەی لەیەك دەچن بیانخەیتە ناو فۆڵدەرێكەوە جارێ لە جێیەدا فۆڵدەرێكی تازە دروست بكەو ناوی بنێ.
- ◄ ئەو فایلانەی كە دەتەوێ بیانجوڵێنیت نیشانەیان بكە.

- ✓ ئەگەر فایلەكان لەپاڵ یەكدا بوون خێراترین ڕێگا بۆ نیشانەكردنیان كلیك بەدەوریاندا بكە بێ ئەوەی پەنجە لابەریت هەر وەك چوارچێوەیەك دروست بكەین بەدەوریاندا.
- ✓ خۆ ئەگەر لەیەكەوە دوور بوون ئەوا كلیكیان لەسەر دەكەیت یەك لەدوای یەك لەگەڵ داگرتنی دوگمەی Ctrl دا.

- ◄ بەماوسەكە بچۆرە سەر یەكێك لە هێمانیشانەكراوەكان و ڕایكێشە سەر هێمای فۆڵدەرەكە.
- ◄ هەر كە ڕەنگی فۆڵدەرەكە گۆڕا ماوسەكە بەرەڵا بكە.

بەم جۆرە فایلەكان دەچنە ناو فۆڵدەركەوە.

- ✓ هەموو كارەكانی وەك نیشانەكردن و ڕێكخستن و جوڵاندن هەروەك فایل بۆ پەنجەرەی فۆڵدەریش دەبێت.
- ✓ لەكاتی كۆپی كردن یان سڕینەوە یان جولاندندا لە پەنجەرەی فۆڵدەردا ژمارەی هێما نیشانەكراوەكان بە بچووكی دەردەكەوێت.

## لابردنی نیشانەكردن

| | |
|---|---|
| هەموو نیشانەكردنەكە لابەریت | لەسەر هەمان ڕووتەخت كلیك لەجێیەكی بەتاڵیی بكە. |
| لەسەر چەند ئۆبجێكتێك نیشانەكردنەكە لابەریت | دوگمەی Ctrl دادەگریت و كلیك لەسەر ئەو ئۆبجێكتانە دەكەیت كە دەتەوێ نیشانەكردنیان لەسەر لابەریت. |

## ٤-٥ ئاوڕدانەوەیەك

| دەتەوێ... | ڕێگەچارە |
|---|---|
| فایلێك دروست بكەیت | ماوسی لای ڕاست ئنجا New پاشان فایلەكە هەڵدەبژێریت |
| فایلێك بكەیتەوە | دەبڵ كلیك لەسەر هێماكەی یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Open |
| فایلێك یان پرۆگرامێك دابخەیت | كلیك لەسەر  یان Alt و F4 پێكەوە دادەگریت |
| فۆڵدەرێك دروست بكەیت | ماوسی لای ڕاست ئنجا New پاشان Folder یان<br>لە پەنجەری فۆڵدەرەكەدا دوگمەی Organize ئنجا New Folder یان<br>لە پەنجەری فۆڵدەرەكەدا دوگمەی لەسەر شریتی هێماكان New Folder |
| ناوی فایلێك یان فۆڵدەرێك بگۆڕیت | دوو جار لەسەر تێكستی ناوەكەی كلیك دەكەیت و ناوەكەی دەگۆڕیت |
| فایلێك یان فۆڵدەرێك بجوڵێنیت | كلیك لەسەر هێماكەی دەكەیت و بێ ئەوەی پەنجە لابەریت ڕایدەكێشیت و لەجێی تازەكەیدا ماوسەكە بەرەڵا دەكەیت |
| هێماكان ڕێك بخەیت | ماوسی لای ڕاست ئنجا Sort By |
| هێماكان نیشانەبكەیت | بەدەوریاندا كلیك دەكەین وەك چوارچێوەیەك دروست كەین یان یەكەیەكە كلیك لەسەریان دەكەین و Ctrl یش دادەگرین. |

## ٤-٦ ڕاهێنان

### بەڕێوەبردنی زانیاری

1. لەسەر دێسکتۆپەکە فۆڵدەرێکی نوێ دروست بکە.
2. ناوی بنێ *ڕاهێنان*.
3. ناوەکەی بگۆڕە بە *شارەکانی کوردستان*.
4. لەسەر دێسکتۆپەکە فایلێکی تێکست دروست بکە و ناوی بنێ *هەولێر*.
5. دوو فایلی تری تێکست دروست بکەو ناویان بنێ *سلێمانی* و *دهۆك*.
6. فایلی تێکستەکان نیشانە بکە و بیانخەرە ناو فۆڵدەری شارەکانی کوردستانەوە.
7. فۆڵدەرەکە بکەرەوە تا فایلی تێکستەکان نیشان بدەیت.
8. فایلێکی تێکستی تازە دروست بکە لەناو فۆڵدەری شارەکانی کوردستاندا و ناوی بنێ کەرکوك.
9. پەنجەرەی فۆڵدەرەکە دابخە.

### ڕێکخستنی زانیاریەکان

1. هەموو پەنجەرە کراوەکان دابخە با دێسکتۆپ دەرکەوێت.
2. فۆڵدەرێکی نوێ لەسەر دسکتۆپەکە دروست بکە و ناوی بنێ *کۆمپانیا* .
3. فۆڵدەری شارەکانی کوردستان بکەرەوە و هەموو فایلەکانی بخەرە سەر دێسکتۆپەکە.
4. هەموو هێماکانی سەر دێسکتۆپ بەپێی ناوەکانیان ڕێك بخە.
5. ئەو فایلی تێکستانەی لە *شارەکانی کوردستاندا* بوون نیشانەیان بکە.
6. فایلە نیشانەکراوەکان بخەرە ناو فۆڵدەری *کۆمپانیاوە* .

**لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کرد بە خاک وپێی پیا نەنام جارێ**
**دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چبکەم**
**دەمێکە شاری پڕ شۆڕی موحیببەت مات و خامۆشە**
**بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ بەرپا نەکەم چبکەم**

**مەحوی**

# ٥ دروست کردنی فایل بە نۆتپاد

لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:

- چۆن دۆکومێنتێك دروست دەکەیت.
- نووسینی تێکست و دەستکاری کردنی.
- سەیڤ کردنی دۆکومێنت، چاپ کردن و داخستنی.

مەرجەکان:

✓ توانای کارکردن بە مێنیو و پەنجەرەکان.

## ٥-١ دروست کردنی دۆکومێنتێك


### نۆتپاد Notepad چی یە؟

نۆتپاد ساکارترین پرۆگرامی نوسینی تێکستە، کە تێکست بە شێوەی فۆرماتی ANSI (فۆرماتی تێکست) دەنوسێت و بە *.txt سەیڤ دەکرێت واتە ناوی فایلەکە ئنجا .txt وەکوو پاشکۆی فایل File Extension هەڵدەگرێت. لە بەکارهێنانەکانی ئەم پرۆگرامە تۆمارکردنی تێبینی یان نوسینی کورتەنامەیە واتە تەنها دەقی پێ دەنوسرێت بەبێ توانای گۆڕینی شێوەو فۆرماتکردن هەروەها بەبێ وێنە و ناواخنی تر جگە لە خودی دەقەکە خۆی.

ئەگەر تێکستێکی فۆرماتکراو و یان بەشێوەیەکی هونەریمان بوێت ئەوا باشترە پرۆگرامی Wordpad ی ویندۆ یاخود پرۆگرامێکی نوسینی پرۆفێشناڵ بەکار بهێنین.



## کردنەوەی نۆتپاد لەڕێی دوگمەی START ەوە





- کلیك لەسەر دوگمەی START بکە لە شریتی تاسکدا ئینجا All Programs
- بچۆرەسەر Accessories پاشان Notepad

یان لەخانەی گەڕاندا Notepad دەنوسین و دەبڵ کلیك لەسەر هێمای نۆتپادەکە دەکەین لەسەرەوە.

## دروست کردنی دۆکومێنتێکی تێکست

- کلیکی لای راست لەجێیەکی بەتاڵییدا لەسەر دێسکتۆپەکە یان لەناو فۆڵدەرێکدا بکە
- لە کۆنتێکستی مێنیودا بچۆرەسەر New ئینجا Text Document.
- ئۆبجێکتەکە ناو بنێ.
- بۆ کردنەوەی پرۆگرامەکە دەبڵ کلیك لەسەر هێمای تێکستەکە بکە.




هەروەها دەتوانین دۆکومێنتێکی تێکست دروست بکەین ئەویش لەڕێی START-All Programs-Accessories-Notepad

لەم کاتەدا پرۆگرامی نۆتپادەکە دەکرێتەوە کە پەنجەرەیەکی بەتاڵ لەخۆدەگرێت و بەشێوەیەکی بنەرەتی ناوی Untitled ی لێ دەنرێت، کاتێ سەیڤی دەکەیت دەتوانیت ناوێکی تری بنێیت.

# ٢-٥ نوسینی تێکست (دەق) و ڕاست کردنەوەی

## نوسینی دەق

◀ بەهۆی کیبۆردەکەوە ئەو دەقەی دەمانەوێ دەینوسین، کاتێك هێمایەك یان پیتێك دەنوسین لە شوێنی نوسینەکەدا هێڵێکی ستونی دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە پێی دەوترێ جێنیشاندەر Cursor و نوسینەکەمان پاڵ بەو هێڵەوە دەنێ.

◀ لەکاتی نوسیندا هەڵەکان بە دوگمەی  ڕاست دەکەینەوە.

◀ لە بنەڕەتدا پرۆگرامەکە بە یەك دێڕ هەردەنوسێ چەند درێژیش بێت مەگەر نا دەبێ لەژێر Format دا دێڕشکان بیگۆڕین، خۆ دەشتوانین خۆمان بچینە دێڕی تازەوە، واتە سەری دێڕ بە داگرتنی دوگمەی Return.

### ℹ تێبینی لەسەر دێڕشکان Word Wrap

بۆ ئەوەی دەقەکە لەبارتر دەرکەوێت باشتر وایە دێڕشکان ئەکتیڤ بکەین، Format ئنجا Word Wrap.

✓ کاتێك وشەیەك لەدێڕێکدا جێی نەبێتەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەچێتە دێڕی تازەوە.

✓ ئەگەر خۆت بتەوێت بچیتە دێڕی تازەوە یان دێڕێکی بەتاڵ بەجێ بهێڵێت دوگمەی Return دادەگریت.

✓ ئەگەر دوای نوسینی دەقێك پەنجەرەکە گەورە یان بچووك بکەیتەوە دێڕەکان خۆیان دەگونجێنن.

## کۆنتڕۆڵ کردنی جێنیشاندەر Cursor

| دوگمەکان | جووڵەی جێنیشاندەرەکە |
|---|---|
| → ← وەیان ↑ ↓ | هێمایەك بەلای ڕاست یان چەپ وەیان دێڕێك بۆ سەرەوە یان خوارەوە |
| Home یان End | سەرەتا یان کۆتایی دێڕ |
| Page Up یان Page Down | پەڕەپەڕە (بەدەقەدەرشاشەکە) بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە |
| Ctrl ← یان → | یەك وشە بۆ لای چەپ یان بۆ لای ڕاست |
| Ctrl+Home یان Ctrl+End | سەرەتا یان کۆتایی دەقەکە |

ℹ بەکلیك کردن لە جێیەکی دەقەکە، جێنیشاندەرەکەش دەچێتە ئەوێ. بەجوڵاندنی سکرۆڵەکە پارچەکانی تری دەقەکە دەردەکەون.

## تێئاخنینی نوسینێك

◀ جێنیشاندەرەکە بخەرە ئەو شوێنەوە کە نوسینی پێوە دەلکێنی.

◀ دەست دەکەیت بەنوسین و نوسینی دوای جێنیشاندەرەکە هەر دەمێنێتەوە و پاڵی پێوەدەنرێ.

## نیشانەکردنی پارچەدەقێك

| ماوس | کیبۆرد |
|---|---|
| ◀ کلیك لەسەرەتا یان کۆتایی دەقەکە بکە.<br>◀ بەماوسەکە بەسەر دەقەکەدا برۆ بێ ئەوەی پەنجە لابەریت.<br>◀ ماوسەکە بەرەڵابکە. | ◀ جێنیشاندەرەکە بخەرە سەرەتا یان کۆتایی دەقەکەوە.<br>◀ دوگمەی Shift دابگرە.<br>◀ جێنیشاندەرەکە بخەرە کۆتایی یان سەرەتای دەقەکەوە.<br>◀ دوگمەی Shift بەرەڵابکە. |

بەهۆی داگرتنی یەکێك لە کۆنترۆڵ کەرەکانی (ماوس، کیبۆرد) جێنیشاندەرەوە بە داگرتنی دوگمەی Shift وەیان کلیك کردن لەهەر جێیەك بێت نیشانەکردن لادەچێت.

✓ هەموو دەقەکە دەتوانیت بە خێراترین ڕێگا نیشانەبکەیت ئەویش بە داگرتنی هەردوو دوگمەی Ctrl+A.

✓ یەك وشە خێرا نیشانە دەکەیت بە دەبڵ کلیك کردن لەسەری.

## سڕینەوەی بەشێك لە دەق

| | |
|---|---|
| سڕینەوەی هێمای لای ڕاستی جێنیشاندەرەکە | دوگمەی Del دابگرە |
| سڕینەوەی هێمای لای چەپی جێنیشاندەرەکە | دوگمەی Back space دابگرە |
| سڕینەوەی دەقە نیشانەکراوەکە | دوگمەی Del یان Back space دابگرە. |
| سڕینەوەی دێرەکانی پاش جێنیشاندەرەکە | Ctrl+Del |
| سڕینەوەی دێرەکانی پێش جێنیشاندەرەکە | Ctrl+Back space |

بۆ داپۆشینی بەشێك لە دەقێك بە دەقێکی تر، ئەو بەشە نیشانەدەکەین و دەست دەکەین بە نوسین واتە دەقەکەی پێشوو داپۆشین (دەسڕینەوە)

## گێڕانەوەی هەنگاوێك (نوسین بێت یان سڕینەوە)

هەمیشە بۆ گێڕانەوەی **ئەو** فەرمانی Ctrl+Z دەتوانین بەکاربهێنین.

ئەگەر پارچە دەقێك بسڕیتەوە و پاشان یەك هێما بسڕیتەوە ئەوا Ctrl+Z تەنها هێماکە دەگێڕێتەوە، چونکە ئەوە **ئەو** فەرمانی بووە.

## ٣-٥ سەیڤ کردنی دۆکومێنتێك


### سەیڤ کردنی دەقێك

◄ کلیك لە خاڵی مێنیوی File ئنجا Save بکە یان Ctrl+S دابگرە.

لەم کاتادا ئەو دەقە لەسەر هاردیسکەکە سەیڤ دەبێت واتە تۆمار دەکرێت، دەقی پێشووتر لەژێر هەمان ناودا دادەپۆشرێت واتە دوا دەق دەمێنێتەوە لە هەمان شوێندا.
ئەگەر فایلەکە لەسەر دیسکتۆپ دروست کردبێت ئەوا ویندۆکە ناوێك پێشنیار دەکات و لەوێ سەیڤی دەکات.

### سەیڤ کردنی دەقێك بە ناوێکی ترەوە

گۆڕانکاریەك لە دۆکومێنتێکدا دەکەیت بەڵام دەتەوێ ڤێرژنەکەی پێشووتش هەر بمێنێ، لێرەدا دۆکومێنتەکە بە ناوێکی ترەوە سەیڤ دەکەیت.





◄ لەژێر خاڵی مێنیوی File دا Save As هەڵبژێرە.
◄ لە خانەی File name دا ناوی دۆکومێنتەکە بنوسە.
◄ کلیك لەسەر دوگمەی Save بکە.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی فایلە تازەکەش لەهەمان شوێنی کۆنەکەدا سەیڤ دەبێت، مەگەر خۆت شوێنەکەی بگۆڕیت بەکلیك کردن لەسەر Browse Folders.

### سەیڤ کردنی دەقێك لە شوێنێکی تردا

زۆر جار لەجێی خۆیایەتی فایلێك لە شوێنێکی تردا سەیڤ بکەیت، بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە فەوتان بیپارێزیت.




◄ کلیك لەسەر Browse Folders بکە.
◄ لە شریتی هێماکاندا کلیك لەسەر New Folder بکە.
یان ماوسی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی لە پەنجەرەی دیالۆگەکەدا بکە و ئنجا Nwe پاشان Folder هەڵبژێرە.
◄ فۆڵدەرەکە ناو بنێ.
◄ کلیك لەسەر دوگمەی Save بکە یان دوگمەی Enter دابگرە.

## ٤-٥ چاپ کردن و داخستنی دۆکومێنتێك

### چاپ کردنی دۆکومێنت

◀ کلیك لە خاڵی مێنیو File ئنجا Print بکە یان Ctrl+P دابگرە.
◀ ئنجا کلیك لەسەر دوگمەی Print بکە.

ویندۆکە هەمیشە چاپکەر Printer یێکی بنەڕەتی دەناسێ و ئەویش هەڵدەبژێرێت.

### داخستنی دۆکومێنتەکەوە نۆتپاد


پەنجەرەی نۆتپادیش هەروەك هەموو پەنجەرەیەکی تری ویندۆ دەتوانرێت دابخرێت لەڕێی.

◀ کلیك لەسەر هێمای  بکە یاوەن Alt+F4

## ٥-٥ چەند بەکارهێنانێکی نۆتپاد


### گەڕان لە دەقێکی نۆتپاددا

◀ کلیك لەخاڵی مێنیو Edit بکە ئنجا Find.
یان Ctrl+F
◀ لەخانەکەدا ئەو وشەیە دەنوسیت کە بەدوایدا دەگەڕێیت
◀ دەتوانیت دیاری بکەیت بەرەوخوار یان بەرەوژوور بگەڕێت وەیان گەورە بچووك نوسینی وشەکە ڕەچاو بکرێت یان نا.
◀ کلیك لە Find Next بکە
◀ بەدوواە کلیك کردنەوە لەسەر Find Next وشەی داهاتوو دەدۆزێتەوە




ئەگەر پەنجەرەی گەڕانەکەت داخست، ئەوا بە داگرتنی دوگمەی F3 جارێکی تر دوا وشەی کە دۆزرابۆوە نیشان دەدرێتەوە.

## دۆزینەوە و لەبری دانان




◀ کلیک لەخاڵی مێنیو Edit بکە ئنجا Replace. وەیان Ctrl+H

◀ لەسەرەوە ئەو وشەیە دەنوسین کە دەگەڕێین بەدوایدا پاشان ئەو وشەیەی کە جێی دەگرێتەوە دەنوسین.

◀ کلیک لە Find Next بکە

◀ ئەگەر وشەکە دۆزرایەوە ئەم ڕێگایانەمان لەبەردەستدایە:

✓ بە کلیک لەسەر Replace ئەو وشەیەی کە دۆزراوەتەوە جێی دەگیرێتەوە بە وشەکەی دووەم.

✓ بە کلیک لەسەر Replace All هەموو وشەکانی ناو دەقەکە دەدۆززرێنەوە جێیان دەگیرێتەوە.

✓ بە کلیک کردن لەسەر Find Next وشەی داهاتوو دەدۆزرێتەوە بە بێ ئەوەی گۆڕانکاریەک ڕوو بدات.

## هەندێ بەکارهێنانی تر

| | |
|---|---|
| فۆنتەکان | ◀ کلیک لە خاڵی مێنیو Format بکە ئنجا Font<br>◀ لەپەنجەرەی دیالۆگەکەدا ئەو فۆنتەی دەمانەوێ هەڵی دەبژێرین و OK دەکەین |
| سەرپەڕە و پێپەڕە Header, Footer | ◀ کلیک لەسەر خاڵی مێنیو File بکە ئنجا Page Setup، پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکرێتەوە کە لەبەشی خوارەوەی دووخانە هەن کە زانیاری تێدا دەنوسرێت وەکوو ژمارەی لاپەڕەکە ناوی فایلەکە، ئەم زانیاریانە لەسەر شاشاکە دەرناکەون تانها لەگەڵ چاپ کردندا نەبێت. |
| بەروار و کات | جێنیشاندەرەکە لەهەرکوێدا بێت، لەوێدا دەتوانین کات و بەروار داغڵ بکەین<br>◀ کلیک لەسەر خاڵی مێنیو Edit بکە و ئنجا Time/Date وەیان دوگمەی F5 دادەگرین |
| دروست کردنی فایلێکی نوێ | ◀ کلیک لەسەر خاڵی مێنیو File بکە ئنجا New وەیان Ctrl+N |
| کردنەوەی فایلێك | ◀ کلیک لەسەر خاڵی مێنیو File بکە ئنجا Open وەیان Ctrl+O.<br>◀ پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکرێتەوە کە فایلەکانی تێدایەوە بە دەبڵ کلیك فایلێك دەکەینەوە |

ئەو گۆڕانکاریانەی لە دێرشکێن و فۆنتەکاندا دەکرێت، تەنها بۆ ئەو پەنجەرەیە نیە بەڵکو بۆ هەموو فایلە تازەکانیشە کە دەکرێنەوە.

## ٥-٦ ئاوڕدانەوەیەك

| دەتەوێ... | ڕێگەچارە | ڕێگای تر |
|---|---|---|
| دۆکومێنتێکی تێکست دروست بکەیت | Start - All Programs – Accessories - Notepad | ماوسی لای ڕاست New ئنجا Text Document |
| فایلێك بکەیتەوە | دەبڵ کلیك لەسەر هێماکەی | ماوسی لای ڕاست Open |
| دوا هەنگاو دووبارە بکەیتەوە | Edit – Undo | Ctrl + Z |
| دەقێك سەیڤ بکەیت | File – Save<br>File – Save As | Ctrl + S |
| دەقێك چاپ بکەیت | File - Print | Ctrl + P |
| دۆکومێنتێك دابخەیت | File – Exit |  یان Alt + F4 |
| بەدوای وشەیەکدا بگەڕێیت | Edit – Find | Ctrl + F |
| وشەیەك لەبری وشەیەکی تر دابنێیت | Edit – Replace | Ctrl + H |
| فۆنتەکان بگۆڕیت | Format – Font | -- |
| گۆڕینی سەرپەرە و پێپەرە | File – Page Setup | -- |
| تیانوسینی بەروار و کات | Edit - Time/Date | F5 |
| لە نۆتپاتدا فایلێکی تر دروست بکەیت | File – New | Ctrl + N |
| لە نۆتپاتدا فایلێکی تر بکەیتەوە | File – Open | Ctrl + O |

## ٥-٧ ڕاهێنان

### دروست کردنی دۆکومێنتێکی تێکستی ساکار و چاپ کردنی

1. لەسەر دێسکتۆپەکە دۆکومێنتێکی تێکست دروست بکە و ناوی بنێ.
2. فایلەکە بکەرەوە و دەقێکی کورتی تیا بنوسە.
3. دێڕشکێن ئەکتیڤ بکە.
4. لە کۆتایی دەقەکەدا بەرواری ئەمڕۆ داغڵ بکە و فایلەکە سەیڤ بکە.
5. کەمێك گۆڕان لە دەقەکەدا بکە و ئەگەر هەڵەت کرد ڕاستی بکەرەوە.
6. فۆنتێکی تر هەڵبژێرە و با دێڕی یەکەم گەورەتر بێت.
7. فایلەکە بە ناوێکی ترەوە سەیڤ بکە.
8. دەقەکە چاپ بکە و نۆتپاد دابخە.

**لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان**
**بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان**
**لە خەوفی طەلعەتی ڕۆژ هەر وەکوو شێت**
**بە ڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان**

**نالی**

# ٦ کارکردن بە پەنجەرەی فۆڵدەر

**لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:**

- ◀ ئاشنابوون بە درایڤەکان.
- ◀ جم و جوڵ لە پەنجەرەی فۆڵدەردا.
- ◀ گۆڕینی ڕوخساری ناواخنی پەنجەرە.
- ◀ ڕێکخستن و سەفتە کردنی هێماکان لە پەنجەرەی فۆڵدەردا.

**مەرجەکان:**

- ✓ توانای کارکردن بە مێنیو و پەنجەرەکان.
- ✓ دروست کردنی فایل و فۆڵدەر و کارکردن لەسەریان.

## ٦-١ بناغەکانی درایڤ و فۆڵدەر و فایل

### درایڤ و فۆڵدەر و فایل چین؟

**درایڤی خۆجێیی یان هارددیسک**

کۆمپیوتەربە زانیاری کاردەکات، ئەو زانیاریانەش دەبێ لە جێیەکدا هەبن وەیا هەڵگیرابن لەسەر جۆرە دەزگایەك Device.

درایڤ Drive بریتیە لە هارددیسکێك وەیان ناوەندێکی دەرەکی وەکوو( CD, DVD, USB,...) کە بەشێوە و فۆرماتێك زانیاری هەڵدەگرن.

هەموو دەزگایەك لەلایەن سیستەمەکەوە بە پیتێك دەست نیشان دەکرێت، بەشێوەیەکی ئاسایی هارد دیسکەکان پیتی C وە D وەردەگرن ئەگەر دوو هارددیسکمان هەبێت بۆ نموونە.

ئنجا درایڤەکانی تریش پیتەکانی دوای ئەمان وەردەگرن وە هەروەها، لەناو فۆڵدەری کۆمپیوتەردا My Computer بۆ هەر درایڤێك لە سیستەمەکەدا ئۆبجێکتێك نیشان دەدرێت




**تۆڕدرایڤ Network drive**

ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت بە تۆڕێکی کۆمپیوتەرەوە بەسترابوو، بەهەمان شێوە لە فۆڵدەری کۆمپیوتەردا My Computer درایڤی تر دەردەکەون کە لەڕاستیدا داتاکان لەسەر کۆمپیوتەری ترن و ئازاد کراون.




**فۆڵدەر (پێڕست)**

هەموو درایڤێك لەڕێی فۆڵدەر و فۆڵدەری خوارترەوە بەش بەش بکرێت و ڕێك بخرێت، ژمارەی ئەو فۆڵدەرانەی کە بەدوای یەکدا دێن بە پێی پێویستی دەگۆڕێت.




فۆڵدەریش بە هێماکەیدا دەناسرێتەوە لەهەمان کاتدا فۆڵدەری وەکوو دێسکتۆپ و سەتڵی خۆڵ هێمای جیاوازی خۆیان هەیە وەکوو لەبەشی دووەدا باسمان کرد.

**فایل**

لەسەر هارددیسکەکە دوو جۆر فایل هەن، جۆرێکیان پێویستە بۆ پێکەوە گونجان و دروست کارکردنی سیستەمەکە و پرۆگرامەکان.

جۆرەکەی تریان ئەو فایلانەن کە بەکارهێنەر دروستیان دەکات، وەکوو دۆکومێنت و وێنە و ...








## قەبارەی فایل و فۆڵدەر و درایڤ


فایل و فۆڵدەر یان هەر درایڤێك یاخود بۆ نموونە کارتێکی مێمۆری قەبارەیەکی دیاری کراوی هەیە، زانینی قەبارەش گرنگە بۆ نموونە فایلێك ئەگەر بزانیت زۆر گەورەیە ئەوا ناردنی بە ئیمایڵ ئاسان نابێ و لەوانیە هەر نەنێردرێت، هەروەها زانینی قەبارەی درایڤ یان کارتی مێمۆری گرنگە تا بزانیت چەند و چی تیا سەیڤ بکەیت.

| ناو | کورتە | ژمارە نزیکەییەکەی | ناوە نزیکەییەکەی | ژمارەکە لە ڕاستیدا |
|---|---|---|---|---|
| کیلۆبایت Kilobyte | K یان KB | 1000 | هەزار | 1024 یان $2^{10}$ |
| مێگابایت Megabyte | M یان MB | 1000000 | میلیۆن | 1047576 یان $2^{20}$ |
| گێگابایت Gigabyte | G یان GB | 1000000000 | ملیار | 1073741824 یان $2^{30}$ |
| تێرابایت Terabyte | T یان TB | 1000000000000 | بلیۆن | 1099511627776 یان $2^{40}$ |

## ڕێڕەو Path سووری چیە؟

ڕێڕەو شوێنی فۆڵدەرو فایلەکان نیشان دەدات واتە پێمان دەڵێ فایل یان فۆڵدەرەکە لە کوێدا دانراوە واتە سەیڤ کراوە پلە بە پلە لەپێشدا واتە لەسەرەوە پیتی هاردیسکەکە ئنجا ئەو فۆڵدەرانەی لە خوارەوە دێن، هەموو پلەیەکیش یاخود هەموو فۆڵدەرێکیش بە هێڵێکی کەوتوو بەلای چەپدا واتە دوگمەی \ جیادەکرێتەوە لە پلەکانی سەروو و خواروو خۆی.




ڕێڕەو

## ڕێساکانی ناونانی فایل و فۆڵدەر

✓ ناوی فایل و فۆڵدەر دەشێن هەتا ٢٥٥ هێما درێژ بن.
✓ ئەم هێمایانە ڕێگەپێدراون:

| پیتەکان | ژمارەکان | هێماتایبەتیەکان Special character |
|---|---|---|
| A-Z هەروەها a-z | 0 - 9 | هەموو هێما تایبەتیەکان بە کۆما و بلانك (بەتاڵ) یشەوە |


**بەڵام ئەم هێمایانە لەناوناندا ڕێگەیان پێ نادرێت: " | > < ؟ * : \ /**

✓ پیتەکان بە گەورە یان بە بچووك بنوسرێن بۆ ویندۆ هیچ جیاوازیەکی نیە، بۆ نموونە COMPANY و company هەمان ناون بۆ فۆڵدەرێك.
✓ بلانك (بەتاڵ) لەسەرەتا یان لە کۆتایی ناودا ئۆتۆماتیکی لادەبرێت.

بۆ گۆڕینەوەو کۆپی کردنی فایل لەگەڵ ئۆپەرێتین سیستەمی تردا وەك UNIX یان MAC-OS باشتر وایە بەتاڵ و هێما تایبەتیەکان بەکار نەهێنرێت، هەروەها درێژیی ناوەکە لە ٨ هێما تێنەپەڕێت و گەورەو بچووك نوسین ڕەچاو بکرێت.

## پاشکۆی فایل File extension چیە؟

لە ویندۆدا ناوی فایلەکان هەمیشە پاشکۆیەکی لەگەڵدایە کە بە خاڵێك لەناوەکە جیا کراوەتەوە لەلای ڕاستی ناوەکەدا واتە لەلای ڕاستەوە تا دەگاتە خاڵێك ئەوە پاشکۆکەیە، پاشکۆکانیش پەیوەستن بە پرۆگرامەکانەوە کە دروستیان دەکەن، بۆ نموونە:




| | |
|---|---|
| .bmp | فایلی وێنە Bitmap |
| .txt | دۆکومێنتی تێکست |
| .exe | فایلی پرۆگرام Executable File |
| .pdf | فایلی ئەدۆبە بۆ دۆکومێنت |

## نیشاندانی پاشکۆی فایلەکان

بە شێوەیەکی بنەڕەتی پاشکۆی فایلەکان نیشان نادرێن، ئەمەش بەباش نازانرێت چونکە بۆی هەیە فایلێکی .exe کلیك بکەیت و ڤایرۆسی تێدا بێت، لەبەر ئەوە پاشکۆی فایلەکان وەدیاردەخەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

◄ لە پەنجەرەی فۆڵدەرێکدا لەسەر شریتی هێماکان کلیك لەسەر دوگمەی Organize بکە ئنجا Folder and Search Options
◄ کلیك لەسەر تۆمارگای tab ی View بکە ئنجا چوارگۆشەی هەڵبژاردنی Hide extensions for known file types ناچالاك بکە
◄ کلیك لە OK بکە


هەمیشە کە فایلێك نیشانە دەکەیت Select تەنها ناوی فایلەکە نیشانە دەبێت واتە خاڵەکەو پاشکۆکەی وەك خۆیان دەمێننەوە مەگەر خۆت ئەوانیش پاشان نیشانە بکەیت ئەمەش کارئاسانیەکە بۆ خێرا گۆڕینی ناوی فایل.

# ٢-٦ بەکارهێنانەکانی فۆڵدەر

## کردنەوەی پەنجەرەیەکی فۆڵدەر

◄ ئەو فۆڵدەرەی دەتەوێ بیکەیتەوە دەبڵ کلیکی لەسەر بکە وەیان بە دوگمەی تیشکەکان نیشانەی دەکەین و دوگمەی Enter دادەگرین وەیاخود

◄ فۆڵدەری Computer دەکەینەوە بە ڕێگەیەکی خێرا ئەویش بە داگرتنی دوو دوگمەی و E لێرەوە دەتوانین بگەینە هەموو فایلەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەمان و بیانکەینەوە




فۆڵدەری *My Computer*

## بەشەکانی پەنجەرەی فۆڵدەر


| | |
|---|---|
| شریتی ئەدرێس | لێرەدا ناونیشانی ئەو فۆڵدەرەی کەتێیداین نیشان دەدرێت واتە ڕێڕەوی ئەو فۆڵدەرەمان بۆ دەردەخات کە ئێستا لەناویداین |
| خانەی گەڕان | لەم خانەیەدا دەتوانیت بەدوای فایل و فۆڵدەردا بگەڕێیت |
| شریتی هێماکان | لەڕێی دوگمەکانی سەر ئەم شریتەوە زۆر کاری گرنگ جێبەجێ دەکرێت و دوگمەکان بە پێی ئەو فایلەی نیشانەی دەکەین دەگۆڕێن و شێوەی نیشاندانی ناواخنیش لێرەوە دەتوانرێت بگۆڕدرێت. |
| ناواخن | لێرەدا ناواخنی ئەو فۆڵدەرەی نیشانە کراوە نیشان دەدرێت |
| بەشی ئەم جێ و جێ کردن | لەم بەشەدا دەتوانرێت زۆر بەخێرایی لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی تر بچیت واتە لە درایڤێکەوە بۆ درایڤێکی تر وەیان لە فۆڵدەرێکەوە بۆ فۆڵدەرێکی تر<br>✓ لەبەشی سەرەوەیدا لیستەی لینکەپەسەندەکانی Favorites تێدایە<br>✓ لیستی کتێبخانەکان Libraries وەك کتێبخانەیەکی گەورە وایە کە دۆکومێنت و مۆسیقا و وێنە و ڤیدیۆی تێدا نیشان دەدرێت.<br>✓ Homegroup لەم بەشەوە فۆڵدەرەکانت لە تۆڕی کۆمپیوتەردا لەگەڵ بەکارهێنەرانی تردا بەش دەکەیت. |
| بەشی زانیاری | ئەو هێمایەی کە نیشانە کراوە لێرەدا زانیاری لەبارەیەوە نیشان دەدرێت وەکو گەورەیی و سەیڤ کراو و بەشی بەبەتاڵ ماو لەسەر دیسکەکە. |

## فۆڵدەری بەکارهێنەر و فۆڵدەری گشتی

بەشێوەیەکی بنەڕەتی ویندۆ بۆ هەر بەکارهێنەرێك فۆڵدەرێك دروست دەکات لەژێر فۆڵدەری C:\Users دا و ناوی بەکارهێنەرەکەش هەڵدەگرێت و تایبەتە بەو بەکارهێنەرە و لەژێر ناوی Libraries دا دەردەکەوێت.

ئەو فۆڵدەرانەی لەخوار ئەم فۆڵدەرە تایبەتەوە دێن لەلایەن زۆربەی پرۆگرامەکانەوە پێشنیار دەکرێت بۆ سەیڤ کردنی فایلەکان.

لەسەر ئەم فۆڵدەرە تەنها بەکارهێنەرەکە خۆی و بەڕێوەبەرAdministrator مافیان هەیە واتە مافی نوسین و گۆڕین، جگە لەمان بەکارهێنەرەکانی تر لێرە مافیان نیە مەگەر مافی بەڕێوەبەریان هەبێت.



*فۆڵدەری بەکارهێنەر و فۆڵدەری گشتی*

بۆیە ئەگەر فایلێك سەیڤ بکەیت کە هەموو بەکارهێنەرەکانی سەر کۆمپیوتەرەکە بتوانن مافیان لەسەری هەبێت ئەوا لەژێر گشتیدا Public سەیڤی دەکەیت.

بۆ نموونە لە وێنەکەدا My Music تایبەتە بە بەکارهێنەرەکە خۆی و Public Music گشتییە

ئەم فۆڵدەرانە لە چەندین شوێندا بەرچاو دەخرێن بۆ ئەوەی خێرا دەستمان پێیان بگات
- ✓ لە شریتی ئەدرێسدا کاتێك ئەو فۆڵدەرە دەکرێتەوە
- ✓ لەلیستی فۆڵدەرەکاندا وەك فۆڵدەرێکی ژێر دێسکتۆپ هەروەها وەك فۆڵدەرێکی ژێر C:\Users
- ✓ لە ژێر لینکە پەسەندە کراوەکاندا

## ٦-٣ پەنجەرەی فۆڵدەر و شێوەکانی نیشاندانی

### نیشاندان و شاردنەوەی بەشەکانی ئەم جێ و جێ کردن و زانیاری و پێشبینی

هەندێ جار ئەگەر ناواخنی فۆڵدەرێك فایل و فۆڵدەری زۆری تێدا بێت بۆ نیشاندانی باشتر دەتوانین بەشەکانی وەك بەشی ئەم جێ و جێ کردن و زانیاری بشارینەوە




- ◄ کلیك لەسەر دوگمەی Organize بکە لە پەنجەرەی فۆڵدەردا ئنجا Layout.
- ◄ ئەو بەشە هەڵبژێرە کە دەتەوێ وەدیاربخرێ یان بشاردرێتەوە.

بە ماوسەکە دەتوانیت ئەم بەشانە گەورەو بچووك بکەیتەوە ئەویش کاتێك دەچیتە سەر قەراغەکەی و هێمای ماوسەکە دەبێت بە تیشکێکی دووسەر.


بۆ نیشاندانی بەشی پێشبینین وەك لەسەرەوەدا خالی Preview pane هەڵدەبژێرین یان لەسەر شریتی هێماکان کلیك لەسەر هێمای  دەکەین




*نیشاندانی بەشەکانی پەنجەرەی فۆڵدەر*

## گۆڕینی شێوەی نیشاندانی هێماکانی ناو فۆڵدەرێك Views


دەتوانین بە چەندین شێوە هێماکانی ناو پەنجەرەیەکی فۆڵدەر بگۆڕین و گەورەو بچووکیشیان بکەینەوە





◄ بۆ گۆڕینی شێوەی نیشاندان، لەسەر لای ڕاستی شریتی هێماکان کلیك لەسەر تیشکەی دوگمەی  بکە و شێوەیەکیان هەڵبژێرە

وەیان

◄ کلیک لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی پەنجەرەی فۆڵدەرەکەدا بکە و لە مێنیوی ئۆبجێکتەکەدا بچۆرە سەر Views و شێوەکە هەڵبژێرە، ئەو شێوەیەی ئێستاش کە نیشان دەدرێت خاڵێکی لەبەردەمدایە وەك وێنەکەی تەنیشت




جۆرەکانی شێوەی نیشاندان:

| | |
|---|---|
| Extra Large, Large, Medium زۆر گەورە و گەورە ومام ناوەندی | ئەم شێوە نیشاندانە زیاتر لەبارە بۆ فۆڵدەری وێنە و لاپەڕەی ئینتەرنێت چونکە پێش وەخت ناواخنەکەیان دەبینین، لەم شێوە نیشاندانانەدا دەتوانیت ناوی فایلەکان بشاریتەوە، ئەویش لەرێی ماوسی لای راست ئنجا View پاشان Hide file names   |
| Small Icons ئایکۆنی بچووك | لێرەدا هێماکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی وەك هێمای بچووك بچووك دەردەکەون   |
| List لیستە | هەروەك لەناوەکەیدا دیارە هێماکان وەك لیستەیەك دەردەکەون، ئەگەرفایلەکان زۆر بوون ئەوا وەك زیاتر لە چەند ستوونێك نیشان دەدرێت. ئەم شێوەیە لەبارە بۆ ئەو فۆڵدەرانەی کە فایلی زۆر لەخۆ دەگرن   |
| Details وردەکاری | لێرەدا وەك لیستە هێماکان نیشان دەدرێن بەڵام لەگەڵ زانیاریی زیاتردا وەك ناو، قەبارەو بەروار، ...   |
| Tiles پارچە | ئەم شێوە نیشاندانە وەك شێوە مام ناوەندیەکە وایە جگەلەوە لەپاڵ هێماکەدا ناوی فایلەکە و هەندێ زانیاری تر وەك فۆرماتی فایلەکە و قەبارە، .. نیشان دەدرێت   |
| Content بەش | بەشێکی فایلەکە نیشان دەدرێت   |

- ✓ ئەو گونجاندنانەی بۆ پەنجەرەی فۆڵدەرێك دەیکەین وەك ڕێکخستن و شێوەی نیشاندان، هەمیشە هەروا دەمێنێتەوە بۆ ئەو فۆڵدەرە ئەگەر جارێکی تریش کردمانەوە هەر بەو جۆرە دەمێنێتەوە کە دواجار گونجاندبوومان
- ✓ بۆ خێرا دۆزینەوەی فایلێك دەتوانیت پیتی یەکەمی ناوەکەی دابگریت
- ✓ بە داگرتنی دوگمەی Ctrl و خولاندنەوەی خلۆکەی ماوس دەتوانیت قەبارەی هێماکان بگۆڕیت

## ٦ ـ ٤ کتێبخانەکان Libraries




بەشی کتێبخانەکان تایبەتمەندێتیەکی ویندۆی 7 و بەشێوەیەکی بنەڕەتی چوار بەش لەخۆ دەگرێت (دۆکومێنتەکان، مۆسیقا، وێنەکان و ڤیدیۆ) و لەو شوێنانەدا ویندۆکە هەمیشە پێشنیار دەکات فایلەکان سەیڤ بکرێن.


### گونجاندنی کتێبخانەکان

بەشەکانی کتێبخانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەو فایلانە لەخۆدەگرن کە لەناو ( My Documents, My Music, My Pictures, My Videos) دا هەیە.

بۆ زیاد کردنی فایل بۆ ناو بەشەکانی کتێبخانە:

- کلیك لەسەر بەشێکی کتێبخانە بکە.
- ئنجا کلیك لەسەر locations بکە پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە کە شوێنەکانی تێدایە.
- کلیك لەسەر دوگمەی ...Add بکە و فۆڵدەرەکە هەڵبژێرە و کلیك لەسەر دوگمەی Include folder بکە پاشان OK کلیك بکە ( ئەگەر فۆڵدەرەکانت بەش کردبێت لەگەڵ بەکارهێنەرانی تردا ویندۆکە لێت دەپرسێت "دەتەوێت ئەم فۆڵدەرەش بەش بکەیت واتە بەشی بەکارهێنەری تری بدەیت"گەر بتەوێت کلیك لەسەر Yes, share this folder دەکەیت.

### زیاد کردنی بەشێك بۆ کتێبخانە




- کلیکی لای ڕاست لەسەر Libraries بکە.
- ئنجا New پاشان Library و ناوێکی لێ بنێ.
- کلیك لەسەر بەشە تازەکە بکە هێشتا بەتاڵە.
- لەبەشی ناواخندا کلیك لەسەر Includes folder بکە و فۆڵدەرێك هەڵبژێرە و کلیك لە OK بکە.

ئەگەر بەشێکی بنەڕەتی کتێبخانەمان بەهەڵە سڕیەوە دەتوانیت بیگێڕینەوە بە کلیکی لای ڕاست لەسەر Libraries ئنجا Restore default libraries

### گەیشتنی خێرا بە فایل و فۆڵدەرلەڕێی بەشی کتێبخانەوە Libraries

وەك لەبەشی ٦-٢ دا باسمان کرد ئەم بەشە لەخوار بەشی پەسەندکراوەکانەوە دێت و بە کلیکێك دەگەینە ئەو فۆڵدەرەی کە دەمانەوێت

### ڕێکخستنی فایل و فۆڵدەرەکانی کتێبخانە


ڕێکخستنی فایل یان فۆڵدەرەکان لە پەنجەرەی کتێبخانەدا بە تایبەتمەندێتیەکی ویندۆی 7 دادەنرێت، ئەمیش وەك لەناوکەیدا دیارە Arrange by بریتیە لە جۆرێك ڕێکخستن و جیاکردنەوە وەك چۆن لەسەر مێزێك ئەو شتانەی پەیوەنیان بەیەکەوە هەیە لەپاڵ یەکدا دایدەنێین.

- کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی ناواخنی فۆڵدەرەکەدا بکە و لە مێنیوی ئۆبجێکتەکەدا بچۆرە سەر Arrange by.
- یەک لە خاڵەکان هەڵبژێرە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی Folder چالاکە و بەپێی ناواخنەکە خاڵەکانی خوار ئەو دەگۆڕێن

## شێوەنیشاندانی View تایبەت بە کتێبخانەکان

- کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی لەناو بەشێکی کتێبخانەکان بکە و لە مێنیوی ئۆبجێکتەکەدا بچۆرە سەر View .
- ئنجا یەک لە خاڵەکانی خوارەوەی مێنیوەکە هەڵبژێرە.

Expand all groups هەموو گرووپەکانی ناو ئەو بەشە دەکاتەوە و ناواخنەکانیان نیشان دەدات
Collapse all groups هەموو گرووپەکان دادەخات بەجۆرێك ناواخنەکانیان دەرنەکەوێت و ناوی فۆڵدەری سەرەوەیان نیشان دەدرێت.



## ٦ـ٥ کردنەوەی درایڤ و فۆڵدەر و فایل


### گەیشتن بە فایل لەڕێی درایڤ و فۆڵدەرەوە

- کلیک لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا Computer وەیان هەردوو دوگمەی و E پێکەوە دابگرە تا فۆڵدەری Computer بکەیتەوە
- لە فۆڵدەری کۆمپیوتەردا کلیک لەسەر ئەو درایڤە بکە کە مەبەستتە وەیان ماوسی لای ڕاست لەسەر هێمای درایڤەکەو کۆنتێکست مێنیو Open کلیک بکە
- کاتێک ناواخنی درایڤەکە بە فۆڵدەرو فایلەکانیەوە نیشان دەدرێت دەبڵ کلیک لەسەر ئەو فۆڵدەرە بکە کە دەتەوێ بیکەیتەوە
- هەر بەم جۆرە ئەو فۆڵدەرانەی خوار ئەمیشەوە دەکەیتەوە تا دەگەیتە ئەو فایلەی کە دەتەوێت
- فایلەکە دەکەیتەوە بە دەبڵ کلیک یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Open

خۆ ئەگەر فۆڵدەرەکە لەسەر دێسکتۆپ بوو ئەوا بە دەبڵ کلیک دەتوانیت بیکەیتەوە.


ئەگەر بۆ نموونە فایلێکمان لە فۆڵدەرێکدا لابردبێت هەندێک جار ڕێک دەکەوێت کە ناواخنی فۆڵدەرەکە هێشتا شێوەیەکی پێشوو نیشان دەدات، لێرەدا دەتوانین بە F5 یان بە کلیک کردن لەسەر هێمای فۆڵدەرەکە تازەبکەینەوە و شێوەی ئێستای نیشان بدات.

لەکاتێکدا درایڤی CD یان DVD بەتاڵ بێت و کلیکی لەسەر بکەین ئەوا پەنجەرەیەکی دایەلۆگمان بۆ دەکرێتەوە کە CD یان DVD بخەینە ناو درایڤەکەوە بە کلیک لەسەر Cancel دەگەڕێینەوە سەر پەنجەرەی فۆڵدەرەکە.




### چەسپاندنی پرۆگرامە بنەڕەتیەکان بۆ کردنەوەی فایل

کاتێ دەمانەوێ فایلێک بکەینەوە،هەندێ جار ویندۆکە نازانێت بە چ پرۆگرامێك بیکاتەوە چونکە ئەو فۆرماتە لە بنەڕەتیەکانیدا نیە ئەوا پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە.






- خاڵی هەڵبژاردنی ١ چالاك بكە و كلیك لەسەر OK بكە.
- لە پەنجەرەی دیالۆگی Open with دا و لەخانەی لیستەكەدا ٢ ئەو پرۆگرامە نیشانە بكە كە دەتەوێ فایلەكەی پێ بكرێتەوە.
- ئەگەر ئەو پرۆگرامەی دەتەوێ لە لیستەكەدا نەبوو كلیك لەسەر دوگمەی ٣ بكە بۆ ئەوەی لە كۆمپیوتەرەكەدا بەدوای پرۆگرامەكەدا بگەڕێیت.

پاشان فایلەكانی لەو فۆرماتە بە شێوەیەكی بنەڕەتی هەمیشە بەو پرۆگرامە دەكرێنەوە.

- ئەگەر بتەوێ هەموو جارێك پرسیارت لێ بكرێت ئەو فایلانە بە چ پرۆگرامێك بكرێنەوە ئەوا خاڵی هەڵبژاردنی ٤ ناچالاك بكە.
- ئەگەر پێویستی كرد لەخانەی پێدانی ٥ دا دەتوانی وەسفێكی جۆری فایلەكە بنوسیت ئەمەش لە پاشان لە بەشی زانیاریدا دەردەكەوێت.
- كلیك لەسەر OK بكە.

وەیان بۆ ئەوەی لە ئینتەرنێتدا بگەڕێیت بە دوای پرۆگرامێكدا خاڵی هەڵبژاردنی ٦ چالاك بكە و كلیك لەسەر OK بكە.


## گۆڕینی پرۆگرامە بنەڕەتیەكان بۆ كردنەوەی فایل

دەتوانیت پرۆگرامی هەڵبژێراو بۆ كردنەوەی فایلێك هەموو كاتێك بگۆڕیت. بۆ نموونە وێنەكانی فۆرماتی gif. بە دەبڵ كلیك بە Internet Explorer دەكرێنەوە خۆ ئەگەر بتەوێ بیگۆڕیت بۆ نموونە بە پرۆگرامی Windows Photo Viewer بكرێتەوە ئەوا:

- كلیك لەسەر Start – Default Programs بكە پاشان لە پەنجەرەی دیالۆگەكەدا كلیك لەسەر Associate a file type or protocol with a program بكە.
- لە لیستەكەدا پاشكۆی فایلەكە ١ نیشانە بكە و كلیك لەسەر ...Change program ٢ بكە.

وەیان كلیكی لای ڕاست لەسەر فایلێك بكە و ئنجا كۆنتێكست مێنیو Open with وەكو خاڵەكانی پێشو پرۆگرامێك هەڵدەبژێریت ە كلیك لەسەر OK دەكەیت بە Close پەنجەرەكە دادەخەیت.

ڕێگایەكی تر ئەویش كلیكی لای ڕاست ئنجا كۆنتێكست مێنیو Properties پاشان تۆمارگای General – Open with – Change لێرەداكۆمپیوتەرەكە لەهەموو جێیەك ئەو فایلە پەیوەست دەكات بەو فۆرماتەوە واتە هەمیشە بەو فۆرماتە دەیكاتەوە.



# ٦-٦ لەڕێی شریتی ئەدرێسەوە لەناو فۆڵدەرەکاندا بگەڕێ

## بەکارهێنانی شریتی ئەدرێس بۆ هاتووچۆ لەناو فۆڵدەرەکاندا

لە پەنجەرەی فۆڵدەردا و لە ڕێی شریتی ئەدرێسەوە دەتوانین بەخێرایی لەفۆڵدەرێکەوە بۆ فۆڵدەرێکی تر بچین ئەویش بەهۆی کلیك کردن لەسەر تیشکەکە ئنجا ئەو فۆڵدەرەی کە دەمانەوێت.





*شریتی ئەدرێس و چوون لە فۆڵدەرێکەوە بۆ فۆڵدەرێکی تر*

هەروەها دەتوانین لەڕێی تیشکەکەی لای ڕاستی شریتی ئەدرێسەکەوە ▾ کە ڕووی لەخوارەوەیە لە هاردێکەوە بۆ هاردێکی تر بچین یان ڕاستەوخۆ بچینە ئینتەرنێتەوە بۆ ئەو لینکانەی کە نیشان دەدرێن.

## تەواوکردنی ئۆتۆماتیکیی ئەدرێسەکان

ڕێگایەکی تری خێرا بۆ گەیشتن بە فۆڵدەرێك یان زۆر جار فایلێك ئەویش بە نوسینی پیتی یەکەمی فۆڵدەرە خوازراوەکە لە شریتی ئەدرێسدا

- ◀ کلیك لەسەر شریتی ئەدرێس بکە دەبینیت نیشانە دەکرێ
- ◀ کاتێ پیتی یەکەمی وشەکە دەنوسیت ویندۆکە خۆی لیستێك پێشنیار دەکات کە بە ماوس یان لەڕێی کیبۆردەکەوە لێیان هەڵدەبژێریت.




- ✓ ئەگەر بتەوێ پلەیەك بچیتە سەرەوە ئەوا دوو خاڵ دەنوسیت لە شریتی ئەدرێسەکەدا هەروەها بە نوسینی لارەهێڵێکی پێچەوانە دەگەڕێیتەوە ڕەگی پێڕستی درایڤەکە.
- ✓ جگەلەوەش لێرەوە دەتوانیت بە هەندێ بەشی ویندۆکەش بگەیت وەکو Control panel, Recycle Bin, …

## جم و جۆڵ کردن بەهۆی هێمای تیشکەکانەوە

◀ کلیك لەسەر هێمای بکە وەیان دوو دوگمەی Alt و ← دابگرە بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ فۆڵدەری پێشوو

◀ کلیك لەسەر هێمای بکە وەیان دوو دوگمەی Alt و → دابگرە بۆ ئەوەی بچیتە فۆڵدەری داهاتووەوە




بەهۆی کلیك کردن لەسەر تیشکە بچووکەکەی لای ڕاستی دوو هێمای تیشکەکانەوە، لیستێك دەکرێتەوە کە ویندۆکە بۆ ئەو فۆڵدەرانەی کە سەردانمان کردوون دروستی کردووە، دەتوانین بەکلیك کردن لەسەر هەر فۆڵدەرێکیان بچینە ئەوێ هەروەها لەڕێی کیبۆردەکەشەوە بە تیشکەکانی ↓ ، ↑ دەچینە سەر فۆڵدەرەکەو دوگمەی Enter واتە Ok دادەگرین

## ٦-٧ بەشی ئەم جێ وجێ کردن و جێگۆڕکێکردن لەنێوان فۆڵدەرەکاندا

### لەڕێی بەشی پەسەندکراوەکانەوە Favorites خێراگەیشتن بە فایل و فۆڵدەر

لە پەنجەرەی فۆڵدەردا لەبەشی سەرەوەی بەشی ئەم جێ و جێ کردندا بەشی پەسەندکراوەکان دەبینرێت کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لینك بۆ فۆڵدەرە گرنگەکانی بەکارهێنەر لەخۆ دەگرێت کە بە کلیکێك خێرا پێیان دەگەین.


لێرەدا هەروەها ئەو فایلانەی لەم دواییەدا گۆڕدراون دەردەکەوێت.

دەتوانین ئەم لیستە بە پێی ویستی خۆمان بگونجێنین بە سڕینەوە یاخود بە زیاد کردنی فۆڵدەری تر ئەویش بە ڕاکێشانی ئەو فۆڵدەرەی دەمانەوێت زیادی بکەین بە ماوس بۆ ناو لیستەکە، جگە لەمانە دەتوانین ناوەکان بگۆڕین وەیان ڕێکیان بخەین.

ئەگەر هاتوو ئەم لیستە بەتاڵ بوو یان سڕابووەوە، دەتوانین لینکە بنەڕەتیەکان بهێنینەوە ئەویش بەم شێوەیە:

کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی لە لیستەکەدا بکە و ئنجا Restore favorite Links کلیك بکە.

## کردنەوە و داخستنی پلەکانی لیستەی فۆڵدەرەکان




هەمیشە لەلای چەپی ویندۆ ئێکسپلۆرەردا فۆڵدەرەکان وەك لیستێك نیشان دەدرێن و لێرەشەوە دەتوانیت فۆڵدەرێك بکەیتەوە یان دایبخەیت هەر فۆڵدەرێکیش هیچ هێمایەکی لەبەردەمدا نەبوو ئەوا فۆڵدەری تری لەخوارەوە واتە لەناودا نیە، خۆ ئەگەر هێمای نوکەرمێکی سپیی لەبەردەمدا بوو واتە فۆڵدەری تر هەیە لەناویدا و لەلیستەکەدا لەخواریەوە بە کلیك کردن لەسەری دەکرێتەوە و بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەری دادەخرێتەوە.
هەر فۆڵدەرێکیش کرایەوە هێماکەی بەردەمی دەبێت بە نوکەرمێکی رەش.




*لیستەی فۆڵدەر*


پەیکەری فۆڵدەر لە ویندۆدا وەك دارێك وایە کە بەکوردی ناوی پێرستمان لێ ناوە و بە ئینگلیزی Directoriy پێ دەڵێن، بۆ نموونە وەك لەم وێنەیەدادیارە کۆمپیوتەرێك کە لە سێ درایڤ پێك دێت.




# ٨-٦ گونجاندنی ناواخنی فۆڵدەر

## گونجاندنی ستوونەکان

لەپەنجەرەی فۆڵدەردا لەنیشاندانی ووردەکاریدا Details ستوونەکان زانیاری لەسەر فایلەکان دەدەن، ئەم ستوونانە دەتوانین ڕیزکردنیان، پانییان، ژمارەیان بگۆڕین، بەڵام ناوی فایلەکان هەر دەمێنێتەوە.

| ئەگەر بمانەوێ ... | |
|---|---|
| لەنیشاندانی وردەکاریدا Details گونجاوترین پانیی ستوونەکان وەدەست بهێنین | ◀ دەبڵ کلیك لەسەر قەراغی لای ڕاستی ستوونەکە بکە یان<br>◀ ماوسی لای ڕاست لەسەر ستونەکە و Size Colum nto Fit هەڵبژێرە بۆ یەك ستوون و Size All Colum nto Fit بۆ هەموو ستوونەکان<br>بەو هۆیەوە ستوونەکە خۆی بەپێی درێژترین ناو لە لیستەکەدا دەگونجێنێت |
| ستوونەکان پاش و پێش بخەیت | ◀ کلیك لە بەشی سەرەوەی ستوونەکە بکە و بە ماوسەکە ڕایکێشە بۆ ئەو جێیەی کە دەتەوێت |
| ستوونەکان زیادوکەم بکەیت واتە نیشاندان و شاردنەوەیان | ◀ کلیکی لای ڕاست لەسەر بەشی سەرەوەی ستوونەکە بکە.<br>◀ لە کۆنتێکست مێنیوەکەدا ئەو ستوونەی دەتەوێ هەڵی بژێرە وەیان ئەوەی کە ناتەوێ لای دەبەیت بە لابردنی هێماکەی بەردەمی<br> |

## نیشاندانی ستوونی زیاتر




◀ کلیکی لای ڕاست لەسەر بەشی سەرەوەی ستوونەکە بکە لە مێنیوی ئۆبجێکتەکەدا کلیك لە خاڵی مێنیوی More بکە.

◀ لە پەنجەرەی دیالۆگەکەدا ئەو ستوونەی دەتەوێ دەرکەوێت چالاك و ئەوەی ناتەوێ ناچالاکی دەکەیت.

◀ دەتوانیت ستوونەکان چۆن دەتەوێت ئاوا ڕیزیان بکەیت بەهۆی دوو دوگمەی Move Up و Move Down واتە ستوونی نیشانکراو بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە بەریت.

◀ دەتوانیت هەر لێرەدا پانیی ستوونەکەش دیاری بکەیت لەکە خانەکەی خوارەوەدا دەینوسیت.

◀ بە کلیك کردن لەسەر OK پەنجەرەکە دابخە

## ٦-٩ ڕیزکردن و بەگروپ کردن و فلتەرکردنی هێماکان

### ڕیزکردنی هێماکان لە پەنجەرەی فۆڵدەردا

لەنیشاندانی ووردەکاریدا Details دەتوانیت هێماکان ریز بخەیت لەڕێی کلیك کردن لەسەر ستوونەکە لە بەشی سەرەوەی پەنجەرەی فۆڵدەردا، بۆ نموونە کلیك لەسەر Name دەکەیت ئەوا بەپێی ناوەکان ریز دەکرێن و ئەو ستوونە هێمای تیشکێك وەردەگرێت کە بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەری ئاڕاستەی تیشکەکە دەگۆڕێت واتە بە پێچەوانەوە ڕیز دەکرێن.

هەروەها دەتوانیت لەڕێی کۆنتێکست مێنیووەوە هەمان هەنگاو بنێیت واتە کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی ناواخنی فۆڵدەرەکەدا ئنجا Sort By پاشان ئەو شێوەیەی دەتەوێ هەڵی دەبژێری.

لە ویندۆی 7 دا هەمیشە هێماکانی ناو فۆڵدەرێك لەسەر بناغەیەك ریزکراون واتە ناتوانی وەك لە ڤیستادا فۆڵدەرێك بە ئارەزوی خۆت بخەیتە جێیەکی تر لە ریزەکەدا.

بۆ گۆڕینی شێوەنیشاندانەکان بە خێرایی دەتوانیت دوگمەی Ctrl دابگریت و بە خلۆکەی ماوسەکە لەگەڵ هەر خولاندنەوەیەکدا شێوەیەك نیشان دەدرێت.


بۆ ئەوەی پانی ستوونەکان وەك پێویست دەربکەون دوگمەی Ctrl دابگرە و پاشان هێمای + ی لای ژمارەکان دابگرە.

### بەگروپ کردنی هێماکان (فایل و فۆڵدەر)

زۆر جار باشترە کە ناواخنی فۆڵدەرەکان بە گروپ گروپ نیشان بدەیت بۆ ئەوەی ئاسانتر لەیەکتر جیابکرێنەوەو ئەو فایلەی دەتەوێ خێراتر بیدۆزیتەوە،

دەتوانیت لەسەر چەند بناغەیەك ناواخنەکە بەگروپ بکەیت:

| بەگروپ کردن | بۆ نموونە |
|---|---|
| ناو Name | A-G, H-M |
| جۆر Type | File Folder, JPEG-Picture |
| قەبارە Size | 10-100 KB |
| Date modified بەرواری گۆڕین | Today |



لەنیشاندانی ووردەکاریدا Details کلیك لەسەر هێمای تیشکەکەی بەشی سەرەوەی ئەو ستوونە بکە کە بەپێی ئەو دەتەوێ بەگرووپیان بکەیت ئنجا کلیك لەسەر Group دەکەیت.


- ✓ بە کلیك کردن لەسەر بەشی سەرەوەی ستوونەکە ئاڕاستەی بەگروپ کردنەکە پێچەوانە دەبێتەوە.
- ✓ دەتوانیت بە گروپ کردنەکە لابەریت لەرێی کلیك کردن لەسەر هێمای تیشکەکەی بەشی سەرەوەی ستوونەکە و هەڵبژاردنی Sort. یان کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی ناو فۆڵدەرەکە و ئنجا Group by پاشان (None) هەڵبژێرە.

بۆ بەگروپ کردن لەشێوە نیشاندانەکانی تردا لەبەر ئەوەی ستوونەکان نین، دەبێت کلیکی لای ڕاست بکەیت و ئنجا Group by پاشان شێوەیەك هەڵبژێریت بۆ نموونە بەپێی Type هەموو دۆکومێنتەکان لە وێنەو هی تر جیا دەکاتەوە.

## فلتەرکردنی هێماکان (فایل و فۆڵدەر)

ئەگەر فۆڵدەرێك فایل و فۆڵدەری زۆری تێدابێت، ئەوا گەڕان بەدوای فایلێك و دۆزینەوەی کارێکی ئاسان نابێت بۆیە فلتەرکردن واتە پاڵاوتنی ناواخنەکە بەوشێوەیەی کە دەتەوێت ئەو کارە ئاسان دەکات.


بۆ نموونە دەتوانیت تەنها ئەو فایلانە نیشان بدەیت کە لە ماوەیەکی دیاری کراودا گۆڕدراون.




◄ لە شێوەنیشاندانی ووردەکاریدا Details کلیك لەسەر هێمای تیشکەکەی بەشی سەرەوەی ستوونی بەروار بکە و فلتەرەکە هەڵبژێرە.

◄ پاشان شێوەی سەفتەکردنەکە هەڵدەبژێریت

هێماکان وەك گرووپێك نیشان دەدرێن.




بەهەمان شێوە بەپێی هەموو زانیاریەکان دەتوانین فلتەر بکەین وەك لە وێنەکەدا دیارە تەنها فایلی وێنەمان هەڵبژاردووە.

تەنها لە شێوەنیشاندانی ووردەکاریدا Details دەتوانیت سوود لە فلتەرکردن وەربگریت.

- ✓ کاتێك فلتەرێك چالاك دەکەیت، ئەو فایلانەی کە لەو بوارەدا نین دەشاردرێنەوە.
- ✓ فلتەری چالاککراو بە هێمای ✓ لەبەشی سەرەوەی ستوونەکەدا دەناسینەوە.
- ✓ ئەگەر بتەوێ فلتەرێك لابەریت واتە ناچالکی بکەیت ئەوا کلیك لەسەر هێمای ✓ دەکەیت واتە ئەو هێمایە لادەبەیت.

## ٦-١٠ ئاوڕدانەوەیەك

| ماناى چیە . . . | |
|---|---|
| درایڤ | هەڵگرى زانیاریە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەسەرى سەیڤ دەکرێت |
| ڕێڕەو | هەموو فۆڵدەرەکانە یەك لەدواى یەك بە درایڤەکەشەوە کە ئەو فایلەى لێوە هاتووە واتە ئەدرێسى تەواوى ئەو جێیەى لێى سەیڤ کراوە. |
| پاشکۆى فایل | نیشانەیەکە لەلاى ڕاستى ناوى فەیلەکەدا کە لەڕێیەوە دەزانرێت ئەو فایلە بە چ پرۆگرامێك دەکرێتەوە، هەمیشە بە خاڵێك لە ناوى فایلەکە جیا دەکرێتەوە |
| فۆڵدەرى بەکارهێنەر یاخود کتێبخانە | هەر کەس لەسەر کۆمپیوتەرەکە خۆى تۆمار بکات ویندۆکە فۆڵدەرێکى بۆ دروست دەکات بۆ ئەوەى فایلەکانى خۆى وەك وێنەکان و مۆسیقا و ڤیدیۆ لەوێ سەیڤ بکات و بۆ بەکارهێنەرێکى تر شاراوە دەبێت مەگەر مافى بەڕێوەبەرى هەبێت. |

| دەتەوێ . . . | |
|---|---|
| فۆڵدەرى My Computer بکەیتەوە | Start – Computer وەیان داگرتنى دوو دوگمەى E |
| بەشى کتێبخانەکان بکەیتەوە | لەسەر شریتى تاسك کلیك لەسەر هێماى بکە یان لە فۆڵدەرى My Computer دا کلیك لەسەر Libraries بکە لەلاى چەپدا. |
| فۆڵدەرێك، درایڤێك یان فایلێك بکەیتەوە | دەبڵ کلیك لەسەر درایڤەکە یان فۆڵدەر و فایلەکە، یان لە بەشى ئەم جێ و جێ کردندا کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە بکە. |
| بچیتە فۆڵدەرێکى سەرووترەوە | کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە بکە لە شریتى ئەدرێسدا |
| بچیتە فۆڵدەرێکى خوارترەوە | کلیك لەسەرهێماى لە شریتى ئەدرێسدا فۆڵدەرکە هەڵبژێرە |
| بگەڕێیتەوەبۆ فۆڵدەرى پێشوو یان بچیتە فۆڵدەرى داهاتوو | و یان Alt ← و Alt → |
| Layout بگۆڕیت لە پەنجەرەى فۆڵدەردا | شریتى هێماکان Organize ئنجا Layout |
| نیشاندانى هێماکان بگۆڕیت | شریتى هێماکان ئنجا دوگمەى Views یان لەلاى ڕاستى شریتى هێماکان کلیك لەسەر هێماى بکە. |
| هێماکان ڕێك بخەیت | کۆنتێکست مێنیو واتە ماوسى لاى ڕاست ئنجا Sort B y یان کلیك لەسەر بەشى سەرەوەى ستوونەکە بکە. |
| نیشاندانى پەنجەرەیەك تازە بکەیتەوە | هێماى لە شریتى ئەدرێسدا یان F5 |

## ٦-١١ ڕاهێنان
### جم و جۆڵ کردن لەناو فۆڵدەرەکاندا

1. فۆڵدەری My Computer بکەرەوە.
2. دەبڵ کلیك لەسەر درایڤێك بکە بۆ نموونە :C بۆ ئەوەی فۆڵدەرەکانی ناوی نیشان بدەیت.
3. لەڕێی لیستی فۆڵدەرەکانەوە فۆڵدەری Windows بکەرەوە.
4. بچۆرە ناو بەشی کتێبخانەکانەوە و Documents هەڵبژێرە.
5. فایل و فۆڵدەرەکان بە شێوەنیشاندانی وردەکاری Details نیشان بدە.
6. فایل و فۆڵدەرەکان بەپێی بەرواریان ڕێك بخە.
7. تەنها ئەو فایلانە نیشان بدە کە هەفتەی پێشوو گۆڕدراون.
8. فایلەکان بەپێی جۆریان Type فلتەر بکە.
9. لەڕێی شریتی ئەدرێسەوە بگەڕێرەوە فۆڵدەری کتێبخانەکان.
10. پەنجەری فۆڵدەرەکە دابخە.

**ووتم بەبەختی خەواڵوو بەسە ئەتوبی خوا**
**لەخەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا**
**گورەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی ووڵات**
**پڕە لە لالە و نەسرین و نێرگسی شەهلا**
**حاجی قادری کۆیی**

# ٧ بەڕێوەبردنی فایل و فۆڵدەر

**لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:**

- ◀ چۆنیەتی دروست کردنی فایل و فۆڵدەرێك و نیشانە کردنییان.
- ◀ چۆن فایل و فۆڵدەرێك کۆپی دەکەیت یان دەیجوڵێنیت.
- ◀ دروست کردنی قەدبڕ Shortcut.
- ◀ سڕینەوەی فایل و فۆڵدەر و سوودەکانی سەتڵی خۆڵ.
- ◀ سەیڤ کردنی چەند فایلێك لە فۆڵدەرێکی کەپس کراودا.

**مەرجەکان:**


- ✓ سەرەتاکانی درایڤ و فایل و فۆڵدەر.
- ✓ کارکردن بە دێسکتۆپ و پەنجەرەی فۆڵدەر.

## ٧-١ دروست کردنی فایل و فۆڵدەر

### لە فۆڵدەرێکدا فۆڵدەرێکی تر یان فایلێك دروست کردن

زانیاری هەمیشە لەفایلدا هەڵدەگیرێت ئەو فایلەش چ دۆکومێنت بێت چ وێنە چ دەنگ وەیان ڤیدیۆ، ئەمانە هەموویان جۆری فایلن هەریەکەو بە فۆرماتی خۆی.

دیارە فایلیش ئەگەر بەشێوەیەکی بەربڵاو هەمووی لەسەر درایڤەکە سەیڤ بکرێت نارێك و پێکی و شپرزەیی بۆ بەکارهێنەر دروست دەکات، بۆیە دانانی ئەو فایلانەی کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە لە فۆڵدەرێکداو ناونانی فۆڵدەرکە بە ناوێك کە جۆرە وەسفێك بێت بۆ فایلەکان رێك و پێکیەك دەبەخشێ بە کۆمپیوتەرەکەو کارکردن و دۆزینەوەی فایلەکان ئاسان دەکات.




بۆ نموونە بۆ کارئاسانیی ژمێریاری دۆکومێنتی هەر مانگێك دەخەینە فۆڵدەرێکەوە و ناوی ئەو مانگەی لێ دەنێین، فۆڵدەری مانگەکانیش دەخەینە فۆڵدەرێکی ترەوە ناوی ساڵەکەی لێ دەنێین.


◀ کلیك لەسەر ئەو فۆڵدەرە بکە کە دەتەوێ کاری تێدا بکەیت لە بەشی کتێبخانەکاندا بۆ نموونە فۆڵدەری Documents لێرە دا فۆڵدەرێکی تر دروست بکە ئەویش بە کلیك کردن لەسەر شریتی هێماکان لەسەر دوگمەی New folder

وەیان

◀ لەناو ئەو فۆڵدەرەی کە مەبەستتە کلیکی لای ڕاست بکە و کۆنتێکست مێنیوی New ئنجا Folder هەڵبژێرە و ناوێك لە فۆڵدەرەکە بنێ

بێگومان لەم فۆڵدەرەشدا دەتوانیت فۆڵدەرێکی تر وەیان فایلێك دروست بکەیت ئەویش بە کلیکی لای ڕاست و New ئنجا فۆڵدەرێك یان فایلێك کە بمانەوێت.

## نیشاندانی تایبەتمەندیی فایل و فۆڵدەر




*تایبەتمەندێتی فایلێك*

تایبەتمەندێتی وەسفێکی فایل یان فۆڵدەرەکە دەکات وەك لەکوێدا سەیڤ کراوە، کەی دروست کراوە بە چ پرۆگرامێك دەکرێتەوە (بۆ فایلەکان) و چەندین زانیاری تر.

- ◀ کلیکی لای ڕاست لەسەر هێمای فایل یان فۆڵدەرەکە بکەو لە لیستی پێکهاتەکاندا Properties هەڵبژێرە.
  وەیان دوگمەی Alt دابگرەو دەبڵ کلیك لەسەر هێماکە بکە ئەوا پەنجەرەی دیالۆگی تایبەتمەندێتی دەکرێتەوە.
- ◀ بۆ داخستنی پەنجەرەکە کلیك لەسەر OK بکە.

بەپێی جۆری فایلەکە بۆی هەیە پەنجەرەی تایبەتمەندێتی زیاتر لە کارتێکی تۆمارگای tab هەبێت.

## ٧-٢ نیشانەکردنی فایل وفۆڵدەر select

### سوودەکانی نیشانەکردن

زۆر جار ڕێك دەکەوێت چەند هێمایەك (بۆ نموونە چەند وێنەیەك) پێکەوە کۆپی بکەین یان بیانجوڵێنین Move یان بیانسڕینەوە، لەجیاتی ئەوەی بۆ هەر فایل یان فۆڵدەرێك هەمان کار دووبارە بکەینەوە دێین هەموویان نیشانە دەکەین و کارەکە ئەنجام دەدەین.
نیشانەکردنیش بە کلیکێکی ئاسایی دەبێت و هەمیشە لە چوارچێوەی پەنجەرەیەکدا واتا لەیەك شوێندا.

### نیشانەکردن بە کێشانی چوارچێوەیەك بەدەوری هێماکاندا




- ◀ لەجێیەکی بەتاڵدا کلیك بکە بێ ئەوەی پەنجە لەسەر کلیکەکە لاببەیت.
- ◀ بە ماوسەکە چوارچێوەیەك بکێشە بەدەوری ئەو هێمایانەدا کە دەتەوێ نیشانەیان بکەیت، دەبینیت دەکەونە چوارگۆشەیەکی شینەوە.
- ◀ پەنجە لەسەر کلیکەکە لابەرە.

### نیشانەکردنی چەند هێمایەك لێرەو لەوێ




- ◀ بە کلیکێك یەکەم هێما نیشانە بکە.
- ◀ دوگمەی Ctrl داگرەو پەنجەی لەسەر لامەبە.
- ◀ پاشان یەك لەدوای یەك کلیك لەسەر هێماکانی تریش بکە کە دەتەوێ نیشانەیان بکەیت لەو پەنجەرەیەدا.

## نیشانەکردنی چەند هێمایەکی (یان ئۆبجێکتێکی) یەك لەدوای یەك




◀ بە کلیکێك یەکەم هێما نیشانە بکە.
◀ دوگمەی ⇧ دابگرەو کلیك لەسەر دوا هێما بکە کە دەتەوێ نیشانەی بکەیت.

وەیان

◀ بە کلیکێك یەکەم هێما نیشانە بکە.
◀ دوگمەی ⇧ دابگرەو بە تیشکی ئاراستەکان ←→↑↓ هێماکانی تر نیشانە بکە.

بۆ نیشانەکردنی هەموو ئۆبجێکتەکان لە فۆڵدەرێکدا هەردوو دوگمەی Ctrl و A دادەگرین.

## لابردنی نیشانەکردن

| | |
|---|---|
| لابردنی هەموو نیشانەکراوەکان | ◀ کلیك لەجێیەکی بەتالاییدا بکە یان دوگمەی F5 دابگرە. |
| لابردنی هەندێك لە نیشانەکراوەکان | ◀ کلیك بکەو لەهەمان کاتدا دوگمەی Ctrl دابگرە یەك لەدوای یەك لەسەر هەموو هێماکانی کە دەتەوێ نیسانەکردنیان لابەریت. |

# ٧-٣ کۆپی کردن و جوڵاندنی فایل و فۆڵدەر

## کۆپی کردنی ئاسان بە Drag & Drop ڕاکێشەو بەری دە

زۆر بە ئاسانی بە ڕاکێشان دەتوانیت فایل و فۆڵدەر بجوڵێنیت یان کۆپی بکەیت، خۆ ئەگەر ڕاکێشانەکە بۆ سەر درایڤێکی تر بوو ئەوا خۆی دەبێ بە کۆپی کردن بەلام ڕاکێشانەکە بۆ جێگایەك لەسەر هەمان درایڤ ئەوا کردارەکە دەبێ بە جوڵاندن Move مەگەر لەهەمان کاتدا واتە لە کاتی ڕاکێشانەکەدا دوگمەی Ctrl دابگریت تا دەبێتە کۆپی کردن.




◀ ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە فایل یان فۆڵدەرەکەی تێدایە کەکۆپی دەکرێت.
◀ فایل یان فۆڵدەرەکە نیشانە بکە و دوگمەی Ctrl دابگرە.
◀ کلیك لەسەر فایل یان فۆڵدەرە نیشانەکراوەکە بکە و ڕابکێشە بۆ ئەو جێیەی مەبەستتە
◀ لەم کاتەدا نوسینێکی بچووك هاوڕێی ڕاکێشانەکە دەبێ.
◀ ماوسەکە بەرەڵلا بکە ئنجا پەنجە لەسەر دوگمەی Ctrl لابەرە.

سوودی کۆپی کردن بەتایبەتی لەو کاتانەدایە کە بۆ نموونە وێنەیەکت هەیە و دەتەوێ هەندێ دەستکاری بکەیت، یان دۆکومێنتێکت هەیە دەتەوێ هەندێ گۆڕانی تێدا بکەیت و لە سەرەنجامی ئەو گۆڕین و دەستکاریە دڵنیا نیت، دیارە کۆپیەکە هەرچیەکی لێ بێت کێشە نیە.

## کۆپی کردن یان جوڵاندن بە هۆی کلیپ بۆردەوە Clipboard

کلیپ بۆرد وەك عەمبارێکی کاتی وایە لەکاتی کۆپی کردن یان جوڵاندنی فایلەکاندا سوودی لێ وەردەگیرێت ئەو فایلانەش لەوێدا دەمێننەوە تا یەکێکی تر جێیان دەگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێگایەك هەیە:

- ✓ کۆنتێکست مێنیو واتە ماوسی لای ڕاست.
- ✓ دوگمەی Organize لەسەر شریتی هێماکان لە پەنجەرەی فۆڵدەردا.
- ✓ لەڕێی کیبۆردەوە.

## لیستی پێکهات (کۆنتێکست مێنیو) و کۆپی کردن یان جوڵاندن

- ◄ بەکلیکێك فایل یان فۆڵدەرەکە نیشانە بکە و ئنجا کلیکی لای ڕاست بکە.
- ◄ ئەو کارەی کە مەبەستتە هەڵی بژێرە Copy یان Cut.
- ◄ ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە فایل یان فۆڵدەرەکەی بۆ دەبەیت.
- ◄ لەناو ئەو فۆڵدەرەدا کلیکی لای ڕاست بکە و ئنجا Paste هەڵبژێرە.

## کۆپی و جولاندن بەهۆی دوگمەی Organize ەوە

- ◄ بەکلیکێك فایل یان فۆڵدەرەکە نیشانە بکە لە پەنجەرەی فۆڵدەردا.
- ◄ کلیك لەسەر دوگمەی Organize بکە لەسەر شریتی هێماکان.
- ◄ ئەو کارەی کە مەبەستتە هەڵی بژێرە Copy یان Cut.
- ◄ ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە فایل یان فۆڵدەرەکەی بۆ دەبەیت.
- ◄ لەو جێیەدا کە مەبەستتە کلیکی لای ڕاست بکە و ئنجا Paste هەڵبژێرە وەیان لەپەنجەرەی فۆڵدەرەکەیدا دیسانەوە کلیك لەسەر Organize بکە و Paste هەڵبژێرە .

## کۆپی و جوڵاندن بەهۆی کیبۆردەوە

بۆ کۆپی کردن هەردوو دوگمەی Ctrl و C پێکەوە دادەگرین.


بۆ جولاندن واتە بڕین هەردوو دوگمەی Ctrl و X پێکەوە دادەگرین.

بۆ دانانی لەجێگەکەی تردا واتە لەجیاتی Paste تێئاخنین هەردوو دوگمەی Ctrl و V پێکەوە دادەگرین.

ℹ کرداری کۆپی کردن یان جوڵاندن هەمیشە دەگێڕدرێتەوە واتە وەك خۆی لێدەکرێتەوە لەڕێگەی هەڵبژاردنی Undo لەژێر دوگمەی Organize دا یان لە کۆنتێکست مێنیودا، یاخود بەهۆی کیبۆردەکەوە ئەویش بەداگرتنی دوو دوگمەی Ctrl و Z پێکەوە.

## بەکارهێنانی فەرمانی Send To

ئەم فەرمانەش وەك لەناوەکەیدا دیارە ناردن واتە جۆرە کۆپی کردنێکە کە فایلێکی پێ دەنێریتە جێیەکی تر.




- ◄ کلیکی لای ڕاست لەسەر فایلەکە بکە.
- ◄ لە لیستی پێکهاتەکەدا Send To هەڵبژێرە و پاشان فۆڵدەری پێویست کلیك بکە.

## کۆپی کردن و جوڵاندنی خێرا لە ڕێی بەشی ئەم جێ و جێ کردنەوە




- ◄ ئەو فایلانەی دەتەوێ بیانجوڵێنیت نیشانەیان بکە.
- ◄ بەماوسەکە ڕایانکێشە بۆ سەر ئەو فۆڵدەرەی دەتەوێ.
- ◄ دەبینیت فایلەکان دەجوڵێن بۆ ئەو جێیە نوسینێکیش لە کاتدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.
- ◄ ئەگەر ویستت کۆپیان بکەیت ئەوا دوگمەی Ctrl لەکاتی ڕاکێشانەکەدا دادەگریت تا کارەکە ئەنجام دەدەیت.

- ✓ ئەگەر ویستت فایلەکان بخەیتە فۆڵدەرێکی لاوەکیەوە (خوارترەوە) ماوسەکە لەسەر فۆڵدەرە سەرەکیەکە ڕابگرە تا دەکرێتەوە و بیخەرە فۆڵدەرەکەی خواریەوە.
- ✓ لەکاتی کۆپی کردن و جوڵاندندا لەسەر هێما جوڵێنراوەکە ژمارەیەك دەردەکەوێت ئەویش ژمارەی فایلە جوڵێنراوەکان نیشان دەدات.

## ماناکانی نیشانەکانی ماوسەکە لەکاتی کۆپی کردن و جوڵاندندا


| | |
|---|---|
| Copy to Sample Pictures | کۆپی کردن، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەدرایڤێکەوە بۆ درایڤێکی تر. |
| Move to Desktop | جوڵاندن، بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەگەر لەسەر هەمان درایڤ بن. |
| ⦸ | کۆپی و جوڵاندن بۆ ئەو جێیە نابێت. |


- ✓ ڕاکێشان بۆ فۆڵدەرێکی سەر درایڤێکی تر دەبێت بە کۆپی کردن، بۆ فۆڵدەری سەر هەمان درایڤ دەبێت بە جوڵاندن.
- ✓ بۆئەوەی جوڵاندن بکەیت بە کۆپی کردن دوگمەی Ctrl دابگرە.
- ✓ بۆ ئەوەی کۆپی کردن بکەیت بە جوڵاندن دوگمەی  دابگرە.
- ✓ کاتێك فایل یان فۆڵدەرێك بۆ جێگایەك دەجوڵێنیت یان کۆپی دەکەیت و لەو جێیەدا فایلێك یان فۆڵدەرێك بەو ناوەوە هەبێت، ئەو کاتە دەبێ وەڵامی پرسیاری دڵنیاییەکە بدەیتەوە ئایا بەسەر ئەو فایل یان فۆڵدەرەدا دەیسەپێنی و ئەو دادەپۆشیت؟
- ✓ ئۆبجێکتی تایبەتیی وەك درایڤ یان پرینتەر یان کۆنترۆڵ پەناڵ ناتوانرێت کۆپی یان بجوڵێنرێن، ئەگەر هەوڵیشی بۆ بدەیت سیستەمەکە پرسیار دەکات ئاخۆ قەدبڕێك لەو جێیە دروست بکرێت.

# ٧-٤ کۆپی کردنی فایل لەسەر CD وەیان DVD

## کۆپی کردنی فایل و فۆڵدەر بۆ سەر CD/DVD

کۆپی کردنی فایل و فۆڵدەر بۆ سەر CD/DVD جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ کۆپی کردن بۆ سەر درایڤ، بە مەرجێك درایڤێك بۆ ئەم مەبەستە هەبێت کە بتوانێت لەسەر CD/DVD بنوسێت، وە بۆ دروست کردنی سی دی دەنگ دەتوانیت Windows Media Player بەکار بهێنیت.




- ◄ CD یان DVD بەتاڵ بخەرە درایڤەکەوە.
- ◄ لەپەنجەرەی فۆڵدەرەکەدا ئەو فایل و فۆڵدەرانەی دەتەوێت کۆپیان بکەیت نیشانە بکە و کلیك لەسەر دوگمەی Burn بکە.

وەیان فایل و فۆڵدەرەکان کۆپی بکە ناو Clipboard ئنجا دەیخەیتە ناو درایڤی CD/DVD

وەیان فایل و فۆڵدەرەکان ڕاکێشە بۆ سەر هێمای درایڤەکە، پاشان پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکرێتەوە Burn a Disc لێرەدا دەتوانیت یەك لەم خاڵانە هەڵبژێریت:

- ✓ Like a USB flash drive دیسکەکە دانانرێت واتە هەموو کات دەتوانیت فایل و فۆڵدەری تری لەسەر سەیڤ بکەیت وەك USB Flash
- ✓ With a CD/DVD player دیسکەکە دادەخرێت واتە ناتوانیت فایل و فۆڵدەری تری تێدا سەیڤ بکەیت ئەم فۆرماتەش لەلایەن هەموو دەزگایەکەوە دەخوێنرێتەوە.

لەوێنەکەی سەرەوەدا ئەگەر خاڵی یەکەم هەڵبژێریت ئەوا پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکرێتەوە زانیاریمان لەسەر کرداری کۆپی کردنەکە دەداتێ.

## ٧-٥ قەدبڕ Short Cut

### قەدبڕ چی یە؟

هەروەك لەناوەكەیدا دیارە ڕێگاكورتكردنەوەیەكە بۆ گەیشتن بە فایل یان فۆڵدەر یان پرۆگرامێك بەبێ ئەوەی بچین لە شوێنی سەیڤ كردنەكەیدا بیكەینەوە.




كەواتە قەدبڕ لینكێكە بۆ سەر شوێنی فایلەكە و هەمان هێمای وەك ئەسڵیەكەی هەیە لەگەڵ تیشكێكی خوار كە بە دەبڵ كلیك دەكرێتەوە.

### سوودەكانی قەدبڕ


- ✓ فایلە ئەسڵیەكە هەر لە جێی خۆی دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی بیجوڵێنیت.
- ✓ قەدبڕ قەبارەی فایلەكەی زۆر بچوكە و جێگەی زۆر داگیر ناكات.
- ✓ كاتێك لەسەر قەدبڕێك كار دەكەیت هەموو گۆڕانەكان ڕاستەوخۆ لەسەر ئەسڵیەكە دەبن نەك وەك كۆپی ببێتە هۆی شپرزەیی.
- ✓ ئەگەر پێویستت بە قەدبڕەكە نەما دەتوانیت بیسڕیتەوە بەبێ هیچ كاریگەریەك لەسەر ئەسڵیەكە.
- ✓ ئەگەر بۆ نموونە ڕۆژانە فایلێك یان پرۆگرامێك بەكاربهێنیت ئەوا بۆ خێرا گەیشتن بەو فایلە یان پرۆگرامە قەدبڕێك لەسەر دێسكتۆپ دروست دەكەیت.
- ✓ ئەگەر بتەوێ ئەو فایلانەی كە بۆ مەبەستێك پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە لەفۆڵدەرێكدا دابنێیت بەبێ ئەوەی كۆپیەكانیان بێنیت قەدبڕەكانیان لەوێدا دادەنێیت.

## ٧-٦ دروست كردنی قەدبڕ


### دروست كردنی قەدبڕ بە ڕاكێشانی ماوس

زۆر بە ئاسانی و خێرا بە ڕاكێشانی هێمای فایلەكە بە ماوس بۆ ئەو جێیەی مەبەستتە دەتوانیت قەدبڕ دروست بكەیت

- ◀ كلیكی لای ڕاست لەسەر هێماكە دەكەیت و بێ ئەوەی پەنجە بەربدەیت هێماكە ڕادەكێشیت بۆ ئەو جێگایەی كە دەتەوێت بۆ نموونە دێسكتۆپ.
- ◀ لە لیستی پێكهاتەكەدا Create Shortcuts Here هەڵبژێرە.




هەروەها دەتوانیت قەدبڕ دروست بكەیت ئەویش بە كلیك كردن لەسەر هێماكە بێ ئەوەی پەنجە لابەریت و لەهەمان كاتدا هەردوو دوگمەی Ctrl و  پێكەوە دابگرەو هێماكە ببە بۆ ئەو شوێنەی كە دەتەوێت لەم كاتەشدا تێكستێكی زانیاری بچووك لەگەڵ هێماكەدا دروست دەبێت پێمان دەڵێت كەقەدبڕێك لەوێ دروست دەبێت.



## دروست کردنی قەدبڕ بەهۆی کلیپ بۆردەوە

کلیپ بۆرد هەروەك چۆن بۆ کۆپی کردن و جوڵاندن بەکاردێت، بەهەمان شێوە بۆ دروست کردنی قەدبڕیش دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت




- کلیکی لای ڕاست لەسەر هێماکە دەکەیت.
- لە لیستی پێکهاتەکەدا Copy هەڵبژێرە یان هەردوو دوگمەی Ctrl و C دابگرە.
- کلیکی لای ڕاست لەشوێنی مەبەستدا بکە.
- لە لیستی پێکهاتەکەدا خاڵی Paste Shortcut هەڵبژێرە

## دروست کردنی قەدبڕێك بەهۆی مێنیوەوە و گواستنەوەی بەهۆی کلیپ بۆردەوە

- کلیکی لای ڕاست لەسەر هێماکە دەکەیت.
- لە لیستی پێکهاتەکەدا Create Shortcut هەڵبژێرە یان لەپەنجەرەی فۆڵدەردا لەشریتی هێماکاندا کلیك لەسەر File بکە ئنجا Create Shortcut.
- قەدبڕەکە دەبڕین واتە دەیجوڵێنین بەداگرتنی دوو دوگمەی Ctrl و X واتە بڕین و هەڵگرتنی لەناو کلیپ بۆرددا ئنجا داگرتنی دوو دوگمەی Ctrl و V واتە تێئاخنین لەوە شوێنەدا کە مەبەستمانە.

یاخود قەدبڕەکە بە ماوسەکە ڕادەکێشینە ئەو شوێنەی کە مەبەستمانە.

## دروست کردنی قەدبڕ بۆ پرۆگرام

- کلیك لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا بگەڕێ بۆ ئەو پرۆگرامەی کە مەبەستتە یان کلیك لەسەر All Programs بکەو فۆڵدەری پرۆگرامەکە بکەرەوە و بەماوسەکە بچۆرە سەر پرۆگرامەکە.
- دوگمەی Ctrl دابگرەوە هێمای پرۆگرامەکە ڕاکێشە بۆ ئەو جێیەی کە مەبەستتە بۆ نموونە دێسکتۆپ.

وەیان

- ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە فایلی پرۆگرامەکەی تێدایە و دوای داگرتنی دوو دوگمەی Ctrl و هێمای پرۆگرامەکە ڕاکێشە بۆ ئەو جێیەی کە مەبەستتە


باشتر وایە پرۆگرام لەجێی خۆی نەجوڵێنرێت یان کۆپیش نەکرێت چونکە بۆی هەیە کە بەدروستی کار نەکات.

کاتێك ناوی قەدبڕێك یان فۆڵدەرە ئەسڵیەکە دەگۆڕیت، قەدبڕەکە هەر کاری خۆی دەکات.

کاتێك فۆڵدەرێك دەجوڵێنیت بەشێوەیەکی گشتی قەدبڕەکانیشی هەر لەکاردا دەمێننەوە.

## تایبەتمەندێتیەکانی قەدبڕ

قەدبڕیش فایلن لەبەرئەوە تایبەتمەندێتیان هەیە کە زانیاریمان دەداتێ لەبارەیانەوە تایبەتمەندێتیی هەموو فایل یان فۆڵدەرێکیش نیشان دەدرێت لەڕێی کلیکی لای ڕاست ئنجا Properties




- ✓ لەکارتی تۆمارگای Shortcut دا لەژێر Target دا شوێنی فایلە ئەسڵیەکە نیشان دەدرێت واتە ڕێڕەوەکەی نیشان دەدرێت.
- ✓ ئەو تێکستەی لە خانەی Comment دا دەنوسرێت، کاتێك بە ماوسەکە دەچیە سەر ئەو قەدبڕە دەردەکەوێت.
- ✓ لەخانەی Run دا دەتوانیت شێوەی کردنەوەی پەنجەرەکە دیاری بکەیت بۆ نموونە Minimize دێسکتۆپەکە داناپۆشێت.
- ✓ بۆ کردنەوەی شوێنی فایلە ئەسڵیەکە دەتوانیت کلیك لەسەر دوگمەی Open File Location بکەیت.
- ✓ زانیاری زیاتر لەبارەی قەبارە و فۆرماتەکەیەوە دەتوانیت لەژێر کارتی General دا بەدەست بێنیت.
- ✓ جگە لەوە لە General دا دەتوانیت ناوی قەدبڕەکە بگۆڕیت لەسەرەوە یەکەم خانەدا.

## ٧-٧ سڕینەوە (سەتڵی خۆڵ) Recycle Bin

### سەتڵی خۆڵ چی یە؟

هەروەك لەماڵەوە یان ئۆفیسی کارکردندا لە کۆمپیوتەریشدا سەتڵی خۆڵ فۆڵدەرێکە ئەو فایل و فۆڵدەرانەی پێویست نین و دەسڕێنەوە، دێنە ناو ئەم فۆڵدەرەوە واتە هێشتا لەسەر درایڤەکە لانەبراون و بەگوێرەی پێویست دەتوانرێت دووبارە بگێڕدرێنەوە بۆ بەکارهێنان.

ئەو فایلانەی کە لە هەڵگری داتایەکەوە بۆ نموونە CD, USB یان لەکارتێکەوە دەسڕێنەوە ناچنە ناو سەتڵی خۆڵەوە بەڵکو دەم و دەست دەسڕێنەوە و هێنانەوەیان کارێکی ئاسان نابێت.

### کرداری سڕینەوە

- ئەو فایل یان فۆڵدەرەی دەتەوێت بیسڕیتەوە ڕایکێشە ناو سەتڵی خۆڵەکەوە لەسەر دێسکتۆپ یان لە لیستی فۆڵدەرەکاندا.

یان

- فایل یان فۆڵدەرەکە کە دەتەوێت بیسڕیتەوە نیشانە بکە و دوگمەی Delete دابگرە

وەیان

- کلیکی لای ڕاست لەسەر هێماکە بکە و Delete هەڵبژێرە.

وەیان

- لە پەنجەرەی فۆڵدەردا پاش نیشانەکردنی هێماکە ئنجا مێنیوی Organize پاشان Delete
- هەمیشە بۆ کرداری سڕینەوە سیستەمەکە پرسیارت لێدەکات ئایا تۆ دڵنیایت؟ ئەویش بە بەڵێ Yes وەڵامی دەدرێتەوە.

- ✓ لەکاتی سڕینەوەدا ئەگەر دوگمەی ⇧ دابگریت فایلەکە یەکسەر دەسڕێتەوە بێ ئەوەی بچێتە سەتڵی خۆڵەوە.
- ✓ لەکاتی سڕینەوەی فۆڵدەرێکدا ناواخنەکەشی دەسڕێتەوە.
- ✓ قەدبڕیش وەك فایل دەشێت بسڕێتەوە بەڵام فایلە ئەسڵیەکە هەر دەمێنێت واتە تەنها قەدبڕەکە دەسڕێتەوە.
- ✓ هەرکات فایل یان فۆڵدەرێك سڕایەوە وێنەی سەتڵی خۆڵەکەش دەگۆڕێت.






### پاشگەزبوونەوە لە کرداری سڕینەوە

هەمیشە دەتوانیت لە دوا فەرمان پاشگەزببیتەوە ئەویش بەهۆی:

- ✓ پێکەوە داگرتنی دوو دوگمەی Ctrl و Z.
- ✓ کلیکی لای ڕاست ئنجا Undo.
- ✓ دوگمەی Organize لەسەر شریتی هێماکان ئنجا Undo.


## دووبارەهێنانەوەی فایل و فۆڵدەر لەسەتڵی خۆڵەکەوە

- دەبڵ کلیك لەسەر سەتڵی خۆڵەکە بکە بۆ کردنەوەی یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Open.
- ئەو فایلانەی کە پێویستتن نیشانەیان بکە.
- بەماوسەکە ڕایانکێشە سەر دێسکتۆپ یان ناو ئەو فۆڵدەرەی دەتەوێت.

وەیان کلیك لەسەر دوگمەی Restore all items بکە تاکو فایل و فۆڵدەرەکان بچنەوە جێی پێشووی خۆیان.

بەهێنانەوەی فۆڵدەرێك هەموو ناواخنەکەشی دەگەڕێتەوە وە ناشتوانرێت تەنها بەشێك لە ناواخنەکەی بگێڕدرێتەوە.

## بەتاڵ کردنی سەتڵی خۆڵ

| | |
|---|---|
| بەتاڵ کردنەوەی ئۆتۆماتیکی | بەشێوەیەکی بنەڕەتی ویندۆکە %١٠ ی قەبارەی درایڤی سیستەمەکە C تەرخان دەکات بۆ سەتڵی خۆڵ وە کاتێك ئەو قەبارەیە دەبەزێنرێت ئەوا فایلە کۆنەکانی ناو سەتڵەکە دەسڕێتەوە بۆ هەتاهەتایی. ئەگەر فایل و فۆڵدەر زۆر گەورە بن پاش پرسیارکردن یەکسەر دەسڕێنەوە بێ ئەوەی بچنە سەتڵی خۆڵەوە. |
| بەتاڵ کردنەوە لەلایەن بەکارهێنەرەوە | سەتڵی خۆڵ دەتوانیت بەتاڵ بکەیت بە کلیك کردن لەسەر دوگمەی Empty the Recycle Bin لە پەنجەرەکەیدا یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Empty Recycle Bin ئەمەش دەبێت لەڕێی پەنجەرەیەکی دیالۆگەوە بە کلیك کردن لەسەر Yes دڵنیا بکرێت.<br><br><br>دەتوانیت چەند فایلێکیش بۆ هەتاهەتا بسڕیتەوە بەنیشانەکردنیان و لەڕێی خاڵی مێنیوی Organize ئنجا Delete یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Delete |
| بەتاڵ کردنەوە بەزۆر لەلایەن ویندۆکەوە | هەرکات پرۆگرامێك یان کرداری کۆپی کردنێك پێویستی بە جێگا هەبوو لەسەر درایڤەکە ئەوا ویندۆکە پێشنیار دەکات سەتڵی خۆڵ بەتاڵ بکەیت |

## ٨ـ٧ سەیڤ کردنی فایل لە فۆڵدەری پەستێوراودا

### کارکردن بە فۆڵدەری پەستێوراو بە ZIP

بەهۆی پەستاندنەوە فایل و فۆلدەر بە فۆرماتێکی تر سەیڤ دەکرێن وەك کەپس کردنێك و جێگا کەم دەگرن و بۆ ناردنیش بۆ نموونە بە ئی مایڵ ئاسانتر دەبێت.
پەستاندنیش هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر برِو جۆری زانیاریەکەی ناو فایلەکە.

### دروست کردنی فایلی پەستێوراو

- ◄ کلیکی لای راست لەجێیەکی بەتالایی دێسکتۆپ یان فۆڵدەرەکە بکە کە فایلێکی پەستێوراوی تێدا دروست دەکەیت ئنجا لە لیستی پێکهاتدا New پاشان Compressed (zipped) Folder هەڵبژێرە و دەتوانیت ناوێکی لێ بنێیت دەبینیت هێمای فۆڵدەرێك دروست دەبێت کە زنجیرێکی پێوەیە.

کاتێك بەماوسەکە دەچیتە سەر فایلێکی پەستێوراو تێکستێك زانیاریمان لەسەر قەبارەکەی دەداتێ.

دەتوانیت چەند فایل و فۆڵدەرێك خێرا بپەستێویت ئەویش بە ماوسی لای راست ئنجا مێنیوی Send To پاشان Compressed (zipped) Folder ئەو فۆڵدەرە پەستێوراوەی کە دروست دەبێت ناوی یەکەم فایل هەڵدەگرێت.

### زیاد کردنی فایل و فۆڵدەر بۆ ناو فایلێکی پەستێوراو

فایلی پەستێوراو دەتوانیت هەمیشە فایل و فۆڵدەری تری بخەیتە ناو ئەویش بەراکێشانی فایل یان فۆڵدەرەکە بۆ سەر هێمای فایلە پەستێوراوەکە.

### کردنەوە و هەڵوەشاندنی فایلێکی پەستێوراو

بە دەبڵ کلیك ناواخنی فۆڵدەری پەستێوراو دەبینرێت بەلام بۆ بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەو فایلانە دەبێت ئەم فۆڵدەرە هەڵبوەشێنرێت

- ◄ فۆڵدەرە پەستێوراوەکە بکەرەوە و ئەو فایلانەی کە دەتەوێن رایانکێشە دەرەوە بۆ ئەو جێیەی مەبەستتە، فایلەکان خۆیان لەو جێیە دەکرێنەوە.

وەیان

- ◄ بۆ ئەوەی هەموو ناواخنەکەی دەربکەیت دەتوانیت لە فۆڵدەرەکەدا کلیك لەسەر Extract all files بکە یان کلیکی لای راست لەسەر فۆڵدەرە پەستێوراوەکە و Extract All لەرێی دوگمەی Browse وە جێگاکەی بۆ دەستنیشان دەکەیت.

- ✓ دەتوانیت شێوەی نیشاندان بگۆریت و زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت.
- ✓ شێوە نیشاندانی پارچە و هێمای بچووك تا گەورە نیشان نادرێت.
- ✓ لەناو فۆڵدەری پەستێوراودا ناتوانیت فایل یان فۆڵدەری نوێ دروست بکەیت بەڵکو هی دروست کراوی بۆ زیاد دەکرێت.


## ٧-٩ ئاوڕدانەوەیەك

| دەتەوێ... | ڕێگەچارە | ڕێگای تر |
|---|---|---|
| فۆڵدەرێكی تازە دروست بكەیت | كلیكی لای ڕاست لە جێیەكی بەتاڵییا New ئنجا Folder | لە پەنجەرەی فۆڵدەردا Organize ئنجا New-Folder |
| تایبەتمەندێتیی فایلێك نیشان بدەیت | كلیكی لای ڕاست ئنجا Properties | دوگمەی Alt داگرەوە دەبڵ كلیك لەسەر هێماكە بكە |
| چەند ئۆبجێكتێك نیشانە بكەیت | كلیك لەسەر هێماكان بكەو لەهەمان كاتدا Ctrl داگرەوە | بە كلیك چوارچێوەیەك بەدەوریاندا بكێشە |
| ئۆبجێكتێك بجوڵێنیت | بە ماوسەكە ڕایدەكێشیتە جێگە تازەكە | هێماكە نیشانە دەكەیت و Ctrl+X ئنجا لەجێگا تازەكەدا Ctrl+V |
| ئۆبجێكتێك كۆپی بكەیت | دوگمەی Ctrl دادەگریت و بە ماوسەكە ڕایدەكێشیتە جێگە تازەكە | هێماكە نیشانە دەكەیت و Ctrl+C ئنجا لەجێگا تازەكەدا Ctrl+V |
| داتا لەسەر CD/DVD كۆپی بكەیت | فایل و فۆڵدەرەكان ڕاكێشە سەر هێمای CD/DVD كۆپی كردنەكە | Burn |
| قەدبرێك دروست بكەیت | هێماكە بە ماوسی لای ڕاست ڕاكێشە جێگە تازەكە ئنجا Create Shortcuts Here | دوو دوگمەی ⇧+Ctrl داگرەوە بە كلیك هێماكە ڕاكێشە جێگە تازەكە |
| ئۆبجێكتێك بسڕیتەوە | هێماكە ڕاكێشە ناو سەتڵی خۆڵەكەوە | دوگمەی Delete |
| چەندئۆبجێكتی سڕاوە بهێنیتەوە | لەسەتڵی خۆڵەكەدا فایلەكە نیشانە بكە ئنجا Restore the selected items | هێماكە ڕاكێشە دەرەوەی سەتڵی خۆڵەكە |
| فۆڵدەرێكی پەستێوراو دروست بكەیت | كلیكی لای ڕاست لە جێیەكی بەتاڵییا New ئنجا Compressed (zipped) Folder | فایل و فۆڵدەرەكان نیشانە بكە و ماوسی لای ڕاست Send To ئنجا Compressed (zipped) Folder |
| فۆڵدەرێكی پەستێوراو هەڵبوەشێنیتەوە | فایل و فۆڵدەرەكان ڕاكێشە دەرەوەی فۆڵدەرەكەوە | Extract all files |

## ٧-١٠ ڕاهێنان

### بەکارهێنانی قەدبڕ

1. فۆڵدەرێك لەسەر دێسكتۆپەكە دروست بكە ناوی بنێ وەرزەكان، هەروەها لەناو فۆڵدەرەكەدا فایلێكی تێكستیش هەر بەو ناوەوە دروست بكە.
2. فایلی تێكستەكە كۆپی بكەرە سەر دێسكتۆپەكە.
3. قەدبڕێك بۆ فایلە ئەسڵیەكە (فایلی ناو فۆڵدەرەكە) دروست بكە لەسەر دێسكتۆپ.
4. قەدبڕەكە بكەرەوە ئنجا ناوی هەر چوار وەرزەكەی تێدا بنوسە.
5. قەدبڕەكە دابخەو پرسیارەكە بە Yes وەڵام بدەرەوە.
6. فایلە كۆپیەكەی سەر دێسكتۆپەكە بكەرەوە. بۆچی بەتاڵە؟
7. فایلی ناو فۆڵدەرەكە بكەرەوە. ناوی وەرزەكانی تێدایە.
8. هەموو پەنجەرەكان دابخە.




### بەکارهێنانی فۆڵدەری پەستێوراو

1. لەسەر دێسكتۆپ فۆڵدەرێكی بە Zip پەستێوراو دروست بكە و ناوی بنێ زانیاری.
2. فۆڵدەری وەرزەكان بخەرە ناو زانیاریەوە دیارە كۆپیەكەی دەچێتە ئەوێ.
3. فۆڵدەری وەرزەكان بسڕەرەوە.
4. قەدبڕی سەر دێسكتۆپەكەش بسڕەرەوە.
5. قەدبڕەكە لە سەتڵی خۆڵەكەوە بهێنەرەوە ئەویش بە ماوسی لای ڕاست لەسەر دێسكتۆپ و Undo Delete.
6. فۆڵدەری وەرزەكان لەناو فۆڵدەرە پەستێوراووەكەدا بهێنە دەرەوە و فایلی تێكستەكەی ناوی بسڕەرەوە.
7. سەتڵی خۆڵەكە بكەرەوە، فایلی تێكستەكە بهێنەرەوە.
8. سەتڵی خۆڵەكە بەتاڵ بكە.
9. هەموو پەنجەرەكان دابخە.

**هەموو كەس دەبینێ، تۆ چۆن دەردەكەویت. بەڵام كەم كەس هەست دەكات تۆ چۆنیت.**

**نیكۆلۆ مەكیاڤیلی**

# ٨ ویندۆی ٧ و کرداری گەڕان

لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:
- ◄ چۆن فایل یان فۆڵدەرێك خێرا دەدۆزیتەوە.
- ◄ چۆن گەڕانێك سەیڤ دەکەیت.
- ◄ چۆن فۆڵدەر پێنوێن Index دەکەیت.

مەرجەکان:
- ✓ بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی فایل و فۆڵدەر.

## ٨-١ گەڕان بەدوای فایل و فۆڵدەردا

### گەڕانی خێرا لە پەنجەرەی فۆڵدەردا

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیادا هەمیشە هاردیسك گەورەتر و هەرزانتر دەبێت ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر زانیاری زیاتر و زیاتر لەسەر هاردەکانیان سەیڤ بکەن ئەمیش خۆی دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لەدۆزینەوەی فایل و فۆڵدەرەکاندا خۆ ئەگەر بە ڕێك و پێکی جێیان بۆ تەرخان نەکرێت، ئەوا کارەکە ئاڵۆزتر دەبێز.

بۆ چارەسەری ئەمانەش گەڕان لە ویندۆدا یارمەتی دەرە، بۆ گەڕانیش چەندین ڕێگا هەیە بۆ نموونە لە پەنجەرەی فۆڵدەردا لەبەشی سەرەوە لای ڕاست خانەی Search هەیە کە بەنوسینی ناوەکە ویندۆ یەکسەر لەو جێیەدا دەست بەگەڕان دەکات و ئەو فایل و فۆڵدەرانە لیست دەکات کە ئەو ناوە لەخۆدەگرن.

لە ویندۆی ٧ دا لە چ فۆڵدەرێکدا بیت پەنجەرەی گەڕانەکە Search و ناوی ئەو فۆڵدەرە دەنوسیت وەك خۆئامادەکردنێك بۆ گەڕان لەو جێیەدا.




### گەڕان لەفۆڵدەری پێنوێن کراودا Index

### پێنوێن Index چی یە؟


وەك چۆن زۆربەی کتێبەکان لەکۆتاییدا پێنوێن Index لیستێك هەیە ناوی ووشە گرنگەکانی ناو ئەو کتێبە ژمارەی لاپەڕەکەیانی تێدا نوسراوە واتە بەخێرایی دەتوانیت ووشەیەك بدۆزیتەوە، لە کۆمپیوتەریشدا بۆ کرداری گەڕان پێنوێن هەیە. لەجیاتی ئەوەی هەموو هاردەکە بگەڕێت ویندۆکە تەنها لە پێنوێنەکەدا دەگەڕێت و دۆزینەوە خێراتر دەکات.

- ✓ لە پێنوێندا ناوی فایل و هەندێ زانیاری تر وەکو بەرواری گۆڕین و نووسەرەکەی سەیڤ دەکرێت.
- ✓ بەشێوەیەکی بنەڕەتی فۆڵدەرە تایبەتی و گشتی یەکانی بەکارهێنەر و کتێبخانەکان پێنوێن دەکرێن بە هەموو فۆڵدەرەکانی ناو ئەوانیشەوە واتە کاتێ لەناو ئەو فۆڵدەرانەدا فۆڵدەری تر دروست دەکەیت ئەوانیش پێنوێن دەکرێن.

## گەڕان لە ویندۆدا

◀ کلیك لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا Search یان دووگمەی  و F پێکەوە دابگرە. پەنجەرەیەك دەکرێتەوە کە خانەی گەڕان لیستی دۆزراوەکانی تێدا نیشان دەدرێت.
◀ لەخانەی گەڕانەکەدا ووشەیەك بنووسە بۆ نموونە "وەزارەتەکان" یان هەر ووشەیەکی تر وەکو Music.
◀ دەبینی لیستێك نیشان دەدرێت بەو ناوەوە کە بۆی گەڕاویت لەگەڵ ژمارەی دۆزراوەکان.

لەو کاتەوە تۆ دەست دەکەیت بە نوسینی ناوەکە ویندۆکە دەست دەکات بە بەراوورد کردنی پیتەکانی تۆ لەگەڵ پێنوێنەکەیدا.






*گەڕان لە ویندۆدا*

✓ بە کلیك کردن لەسەر Homegroup ویندۆکە لەناو کۆمپیوتەرەکانی تۆڕەکەدا دەگەڕێت.
✓ بە هەڵبژاردنی Internet لە ئینتەرنێتدا بەدوای ئەو ووشەیەدا دەگەڕێت.
✓ ئەگەر لە ناوی فایلەکە یان فۆرماتەکەی دڵنیا نەبویت دەتوانیت لەجیاتیان ئەستێرەیەك * دابنێیت بۆ نموونە *.* واتە هەموو جۆرە فایلێك، ئەگەر بەدوای وێنەدا بگەڕێیت کە بە فۆرماتی jpg. سەیڤ کرابێت ئەوا دەنوسیت jpg.* بەهەمان شێوە ئەگەر بۆ دۆکومێنتێکی بە وۆرد نوسراو گەڕایت دەنوسیت doc.* هەروەها ئەگەر لە ناوەکە دڵنیا بویت و ویستت هەموو وێنە و دۆکومێنت و شتی تری بەو ناوەوە بدۆزیتەوە دەنوسیت name.* (دیارە لەجیاتی name ناوەکە دەنوسیت)

## گەڕان بەپێی بەروار و قەبارە

◀ بۆ سوود وەرگرتن لە گەڕانی پێشکەوتوو لە پەنجەرەی گەڕانەکەدا کلیك بکە.
◀ بە هەڵبژاردنی Date modified دەتوانیت بەرواری گۆڕینی فایلەکە هەڵبژێریت، ئنجا وەك ئەو بەروارە بێت یان پێش یان دوای ئەو بەروارە.
◀ بۆ دانانی مەرجی قەبارەش Size کە بە کیلۆبایت دادەنرێت وەك بەروار یەکسان، کەمتر یان زیاتر لەو قەبارەیەی کە لەخانەکەی لای ڕاستیدا دەینوسین.








✓ ئەگەر کرداری گەڕانەکە لە کتێبخانەکاندا Libraries بێت ئەوا دەتوانیت هەندێ تایبەتمەندێتیی تریش دیاری بکەیت وەك جۆر، شوێن، ...
✓ کاتێك لە خانەی گەڕانەکەدا ووشەی Kind هەڵدەبژێریت، ویندۆکە لیستێك پێشنیار دەکات ئاخۆ ئیمایل، ڕۆژمێر، فۆڵدەرە، ...




## ڕێکخستن و جیاکردنەوەی ئەنجامی گەڕانەکان

ئەنجامی گەڕان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەشێوەنیشاندانی وردەکاری دەردەکەوێت.


◀ کلیك لەبەشی سەرەوەی ستوونەکە بکە بۆ ڕێکخستنی دۆزراوەکان بەپێی ویستی خۆت. وەیان
لیستەکە بەهۆی گرۆپ کردن و فلتەرکردنەوە دەپاڵێویت.

بۆ فایل و فۆڵدەرە دۆزراوەکان فۆڵدەرێك دروست دەبێت کە ناواخنەکەی ئەنجامی گەڕانەکەیە و هەموو فایل یان فۆڵدەرێك دەتوانرێت بکرێتەوە.

## ٢-٨ گەڕانی پێشکەوتوو یان پەرەسەندوو

### گەڕان و سوود وەرگرتن لە کردەگەری (Operator) AND و OR و NOT

کاتێك لەگەڕانەکەدا زیاتر لە مەرجێك دادەنێیت، ئەوا کردەگەری AND "و" یاخود OR "یان" بەکاردەهێنرێت.






AND واتە دۆزراوەکان دەبێت هەموو مەرجەکانیان تێدابێت. OR واتە دۆزراوەکان یەکێك لە مەرجەکانیان تێدابێت دەبێت خۆ ئەگەر هەردوو مەرجەکەشیان تێدابوو ئەویش هەر دەبێت.

ماناى OR "یان" و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا جیاوازە لە بەکارهێنانیدا لە بواری ئای تی دا بۆ نموونە لە چێشتخانەیەکدا دەڵێیت نانم بۆ بێنە یان سەموون واتە تۆ بە یەکێکیان ڕازی دەبیت. بەڵام لە ئای تی دا هەردووکیان ئەگەر هەبن دەهێنێت.

ویندۆ زانیاری لە تایبەتمەندێتی فایل یان فۆڵدەرەکەوە وەردەگرێت، ناوی چی یە؟ کەی دروستکراوە؟ کەی گۆڕاوە؟ قەبارەکەی چەندە؟ وە هەروەها.

بەهەمان شێوە دەتوانین NOT یش بەکاربهێنین واتە بێجگە لەوە.




## ٣-٨ بەکارهێنانەوەی گەڕانە سەیڤ کراوەکان

### سەیڤ کردنی گەڕانێك

- پەنجەرەی گەڕان بکەرەوە و بگەڕێ بەدوای فایل یان فۆڵدەرێکدا.
- لەسەر شریتی هێماکان کلیك لەسەر دوگمەی Save search بکە دەتوانیت ناوێکی لێ بنێیت و لەو جێیەی دەتەوێ سەیڤی بکەیت.






- هەمیشە گەڕانە سەیڤ کراوەکان لەبەشی لینکە پەسەندکراوەکانەوە دەتوانرێت بکرێنەوە و ئەنجامی گەڕانەکەش لە ناواخنی پەنجەرەکەدا نیشان دەدەن.


## ٤-٨ گونجاندنی پێنوێن

### پێنوێن کردنی فۆڵدەری زیاتر

گەڕان لە فۆڵدەرێکی پێنوێن نەکراودا خاوتر دەبێت و کاتێك بۆ یەکەم جار لە فۆڵدەرێکدا دەگەڕێیت، ویندۆکە لێت دەپرسێت ئاخۆ ئەم فۆڵدەرە پێنوێن بکات؟



- پەنجەرەی گەڕان بکەرەوە و بگەڕێ بەدوای فایل یان فۆڵدەرێکدا.
- لەبەشی سەرەوەی ناواخنی پەنجەرەکەدا زانیاریەك دەردەکەوێت، کلیك لەسەر Click to add to index بکە پاشان لە مێنیوەدا کە دەکرێتەوە کلیك لەسەر Add to Index... بکە ئنجاك پەنجەرە دیالۆگەکەدا کلیك لەسەر دوگمەی Add to Index بکە.
- بۆئەم کرداره دەبێ مافی بەڕێوەبەرت هەبێت.


تەنها ئەو فۆڵدەرانە پێنویێن بکە کە پێویستن چونکە پێنویێنی زۆر گەورەش دەبێتە هۆی خاو کردنەوەی کرداری گەڕان.

## ماملەکردن لەگەڵ شوێنی پێنویێنەکاندا

- کاتێك لە شوێنێکی پێنویێن نەکراودا دەگەڕێیت و وەك سەرەوە پەنجەرەی زانیاریەکە دەردەکەوێت. کلیك لەسەر شریتەکە بکە.
- Modify index locations هەڵبژێرە.
- پەنجەرەیەك دەکرێتەوە بەناوی Indexing Options لەوێدا کلیك لەسەر دوگمەی Modify بکە.
- پەنجەرەیەکی دیالۆگ دەکرێتەوە بەناوی Index Locations لێرەدا کلیك لەسەر دوگمەی Show all locations بکە.
- ئەو فۆڵدەرانە هەڵبژێرە کە پێویستن پێنویێن بکرێت، باشتر وایە ئەو فۆڵدەرانە بن کە زۆر کاریان تێدا دەکەیت پاشان کلیك لەسەر OK بکە.

✓ لەبەشی خوارەوەدا لەژێر Summery of selected locations دا ئەو فۆڵدەرانە لیست دەکرێن کە پێنویێن کراون.

✓ هەرکاتێك ویستت گۆڕانکاری لە لیستی پێنویێندا بکەیت دەتوانیت لە Control panel ەوە لەخانەی گەڕاندا Indexing Options بنوسیت و بەهەمان شێوەی پێشوو لیستەکە بگونجێنیت. یان دوگمەی START ئنجا بنووسە index و دوگمەی Return دابگرە.



گونجاندنی پێنویێن *Index*

## ٨-٥ ئاوڕدانەوەیەك

| ئەگەر ویستت . . . | |
|---|---|
| بەدوای فایل یان فۆلدەرێکدا بگەڕێیت | START- Search یان دووگمەی و F پێکەوە |
| ئەنجامی گەڕانێك سەیف بکەیت | دوای گەڕانەکە دوگمەی Save search |
| گەڕانێکی سەیف کراو بکەیتەوە | فۆلدەری لینکە پەسەندکراوەکان Favorites ئنجا ئەو گەڕانەی مەبەستتە |
| فۆلدەرێك پێنوێن بکەیت | لەو فۆلدەرەدا بگەڕێ و کلیك لە شریتی زانیاریەکە بکە بۆ بە پێنوێن کردنی یان START ئنجا Index |

## ٨-٦ ڕاهێنان

1. لە کتێبخانەکاندا بەدوای هەموو فایلەکاندا بگەڕێ بە نوسینی * لە خانەی گەڕاندا.
2. بە سوود وەرگرتن لە گەڕانی پێشکەوتوو دۆکومێنتەکانی کە لە دوێنێ وە لەسەر کۆمپیوتەرەکە دروست کراون نیشان بدە.
3. لە پەنجەرەی گەڕاندا بگەڕێ بە دوای هەموو ئەو وێنانەدا کە فۆرماتی jpeg. یان هەیە.
4. وێنەکان بە پێی قەبارەیان ڕیك بخە.
5. گەڕانەکە سەیف بکە.
6. فۆلدەری Favorites بکەرەوە وگەڕانی وێنەکان دووبارە بکەرەوە.

**سەروەت و موڵك لەگەڵ کوفردا دەمێنێتەوە**

**بەلأم لەگەڵ زوڵمدا نامێنێتەوە.**

**پێغەمبەر محمد (درودی خوای لەسەربێت)**

# ٩ چاپ کردن لە ویندۆدا

**لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:**

- ◀ چاپ کردن Print.
- ◀ فۆڵدەری Printers وبەکارهێنانی.
- ◀ دابەزاندنی Install ی پرینتەر.

**مەرجەکان:**

- ✓ بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی فایل و فۆڵدەر.

## ٩-١ چاپ کردن Print

### پرینتەر چی یە؟

لە کۆمپیوتەردا دەزگای Input تێکردن و دەزگای دانەوە یان دەرخراو Output وەك دوو کەسی بەرامبەر یەك کار دەکەن یەکێکیان زانیاری دەدەن ئەوی تریان وەری دەگرنەوە.

دەزگاکانی تێکردن بریتین لە ماوس، کیبۆرد، سکانەر، خوێنەرەوەی بارکۆد، ... وە دەزگاکانی دەرخراویش بریتین لە پرینتەر، شاشە (مۆنیتۆر)، پلۆتەر، بەهێزکەری دەنگ(مکبرەی صوت)

پرینتەریش یەکێکە لە دەزگاکانی دانەوە یان دەرخراو Output کە بەهۆیەوە وێنەی سەر شاشەکە دەگوێزرێتەوە سەر پەڕە یان نایلۆنی ئاوی.

### چاپ کردن لە ویندۆدا


ویندۆ پێویستی بە پرۆگرامە بۆ کردنەوەی دۆکومێنتەکان پاشان پرۆگرامەکان دەتوانن چاپی بکەن وە بە هەرجۆرێك و لەرێی هەر پرۆگرامێکەوە بێت لەکاتی چاپ کردنەکەدا هێمایەکی پرینتەر لە بەشی زانیاری دا لەسەر شریتی تاسك دەردەکەوێت زانیاریمان لەسەر کرداری چاپ کردنەکە دەداتێ.

بۆ چاپ کردنیش چەند ڕێگایەك هەیە:

**١) چاپ کردن لەناو پرۆگرامەکەوە**

زۆربەی هەرە زۆری پرۆگرامەکان لە مێنیوی File دا خاڵی مێنیوی Print هەیە کەبە داگرتنی دوو دوگمەی Ctrl و P هەمان کردار ئەنجام دەدەیت.

**٢) چاپ کردن لە پەنجەرەی فۆڵدەرەوە**




◀ ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە فایلەکەی تێدایە بۆ چاپ کردن پاشان کلیك لەسەر دوگمەی Print بکە لەسەر شریتی هێماکان.

وەیان لەسەر فایلەکە کلیکی لای ڕاست بکە و Print هەڵبژێرە

بۆ چاپ کردنی وێنە پەنجەرەیەکی دیالۆگی تر دەکرێتەوە کە تایبەتە بە چاپ کردنی وێنە بۆ بڕیاردان و هەڵبژاردنی جۆری چاپ و کاغەزەکە.

## فۆڵدەری پرینتەر


ویندۆ فۆڵدەرێکی تایبەت بە پرینتەرەکانی هەیە کە تێیدا دەتوانیت پرینتەری تازە زیاد بکەیت و پرینتەری بنەڕەتی هەڵبژێریت، هەروەها پرینتەر بسڕیتەوە. سڕینەوەش سوودی هەیە کاتێك پرینتەرێکی کۆنمان نەماوە یان بەکاری ناهێنین.
جگە لەمانە دەتوانیت کاری پرینتەر کۆنترۆڵ بکەیت وەك ڕاگرتنی چاپ کردنێك.

### کردنەوەی فۆڵدەری پرینتەر

◀ کلیك لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا Control Panel و پاشان Hardware and Sound وکلیك لەسەر Devices and Printers بکە
وەیان START و لە گەڕانداا ووشەی Printer دەنووسین و Devices and Printers هەڵدەبژێرین
یاخود یەکسەر START ئنجا کلیك لەسەر Devices and Printers بکە لە لیستەکەدا.


## دروست کردنی قەدبڕێك بۆ پرینتەر

بۆ ئەوەی دۆکومێنتەکانت خێرا چاپ بکەیت، دەتوانیت قەدبڕێك بۆ پرینتەرەکەت دروست بکەیت ئەویش بە ڕاکێشانی ئەو پرینتەرەی کە مەبەستە لەفۆڵدەری پرینتەرەوە بۆسەر دێسکتۆپ.




## گونجاندنی کرداری چاپ کردن


◀ فۆڵدەری Printer بکەرەوە و پرینتەرێك نیشانە بکە ئنجا کلیکی لای ڕاست لەسەر پرینتەرەکە بکەوە Printing Preferences هەڵبژێرە
◀ لێرەدا دەتوانیت جۆری چاپ کردنەکەو لاپەڕەکە و قەبارەکەی هەڵبژێریت




شێوەی ئەم پەنجەرەیەش بەپێی پرینتەر و مۆدێلەکانی دەگۆڕێت.

# ٩-٢ تایبەتمەندێتیەکانی پرینتەر

## گۆڕینی تایبەتمەندێتی پرینتەر




- فۆڵدەری Printer بکەرەوە و پرینتەرێك نیشانە بکە و کلیکی لای ڕاست لەسەر پرینتەرەکە بکە Properties هەڵبژێرە
- لێرەدا دەتوانیت هەندێ گۆڕانی تر بەپێی پرینتەرەکە ئەنجام بدەیت و گرنگترینیان Sharing بەشکردنە کە بەهۆیەوە بەکارهێنەرانی تر لە تۆڕی کۆمپیوتەریەکەدا پرینتەرەکەی تۆ بەکاردەهێنن.

## هەڵبژاردنی پرینتەرێك وەك پرینتەری بنەڕەتی

مەبەست لە پرینتەری بنەڕەتی ئەوەیە هەرکاتێك چاپ دەکەیت ویندۆکە ئەو پرینتەرە هەڵدەبژێرێت، ئەمەش کارئاسانیەکە ئەگەر زیاتر لە پرینتەرێك لەسیستەمەکەدا هەبوو

- فۆڵدەری Printer بکەرەوە و پرینتەرێك نیشانە بکە ئنجا لەشریتی هێماکاندا کلیك لەسەر دوگمەی Manage default printers بکە ئەو پرینتەرەی دەتەوێ هەڵیبژێرە. وەیان کلیکی لای ڕاست لەسەر پرینتەرەکە بکە Set as Default Printer هەڵبژێرە

## لابردن یان سڕینەوەی پرینتەر

- فۆڵدەری Printer بکەرەوە و پرینتەرێك نیشانە بکە ئنجا لەشریتی هێماکاندا کلیك لەسەر دوگمەی Remove device بکە. وەیان کلیکی لای ڕاست لەسەر پرینتەرەکە بکە Remove device هەڵبژێرە


# ٩-٣ تاووتوێ کردنی کرداری چاپ کردن

## چاپ کردنی چەند دۆکومێنتێك

لە کرداری چاپ کردندا دۆکومێنتەکە ڕاستەوخۆ نانێردرێت بۆ پرینتەر بەڵکو لەرێگایەکی ترەوە وەك فایلێکی کاتی لەخانەی پرینتەرەکەدا ریز دەکرێت تاکو ئەگەر زیاتر لە دۆکومێنتێك چاپ بکرێت ئەوا هەموویان یەك لەدوای یەك ریز دەکرێن queue بۆ چاپ.

## کردنەوەی queue ڕیز یان سەرە

◄ فۆڵدەری Printer بکەرەوە.
◄ پرینتەرێك نیشانە بکە ئنجا لەشریتی هێماکاندا کلیك لەسەر دوگمەی See what's printing بکە یان دەبڵ کلیك لەسەر پرینتەرێك بکە.
وەیان کلیکی لای ڕاست لەسەر پرینتەرەکە بکەو See what's printing هەڵبژێرە.
یاخود دەبڵ کلیك لەسەر هێمای پرینتەرەکە بکە لە بەشی زانیاریدا لەسەر شریتی تاسك.




## مامەڵەکردن لەگەڵ کرداری چاپ کردندا

| ئەگەر ویستت . . . | |
|---|---|
| چاپ کردنێك ڕابگریت | ◄ ڕیزی چاپ کردنەکە بکەرەوە<br>◄ لە خاڵی مێنیوەکەدا Document ئنجا Pause هەڵبژێرە.<br>وەیان کلیکی لای ڕاست لەسەر دۆکومێنتەکە لەڕیزەکەدا و Pause هەڵبژێرە.<br>چاپی ڕاگیراو بە هەڵبژاردنی Document ئنجا Restart دەکەوێتەوە گەڕ. |
| چاپ کردنێك بسڕیتەوە | ◄ ڕیزی چاپ کردنەکە بکەرەوە<br>◄ لە خاڵی مێنیوەکەدا Document ئنجا Cancel هەڵبژێرە.<br>یاخود دوگمەی Delete لە کیبۆردەکەدا دابگرە<br>وەیان کلیکی لای ڕاست لەسەر دۆکومێنتەکە لەڕیزەکەدا و Cancel هەڵبژێرە. |
| هەموو چاپ کردنەکان بسڕیتەوە | ◄ ڕیزی چاپ کردنەکە بکەرەوە<br>◄ لە خاڵی مێنیوەکەدا Printer لەڕیزەکەدا ئنجا Cancel All Documents هەڵبژێرە. |

# ٤-٩ ناساندنی یان دابەزاندنی پرینتەرPrinter Installation


## هەنگاوەکانی دابەزاندن (زیادکردنی) پرینتەر


هەرچەندە ویندۆی ٧ بۆ زیادکردنی دەزگای نوێ زۆر چالاکە و زۆر جار هەر بەبەستنی دەزگاکە ویندۆکە خۆی دەگەڕێت بەدوای زانیاری پێویستدا و دەیدۆزێتەوە بەلام هەندێ جار باشترە خۆمان بەو کردارە هەستین خۆ دیارە ئەگەر دەزگاکە هەستیار بێت یان تازە هاتبێتە بازاڕەوە.
جگەلەوە ئەگەر پرینتەرەکە CD ی لەگەڵدا بوو ئەوا لەو ڕێیەوە ئینستاڵی بکەین باشترە ئەگەر گوێ نەدەینە ئەو فایلە زۆرانەی کە لەگەڵ دابەزاندنی سی دیەکەدا بۆمان زیاد دەبێت.


بۆ دابەزاندن یان زیاد کردنی پرینتەرێك ویزارد هەیە کە هەنگاو بە هەنگاو یارمەتیت دەدات


- فۆڵدەری پرینتەر بکەرەوە وەك لەبەشی یەکدا باسمان کرد.
- لە شریتی هێماکاندا کلیك لەسەر دوگمەی Add a printer بکە.
- هەنگاو بە هەنگاو شوێن ویزاردەکە بکەوە ئەگەر پێویست بوو بە هۆی هێمای تیشکەکەوە لەبەشی لای چەپی سەرەوەدا دەگەڕێیتەوە هەنگاوی پێشوو.


دیارە بۆ ئەم کارە دەبێت مافی بەڕێوەبردنت هەبێت.
















## دابەزاندنی پرینتەرێکی تۆڕی Network


کرداری دابەزاندن Installation بەپێی جۆری پرینتەرەکە دەگۆڕێت، ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت لە تۆڕێکدا بوو بە مەرجێك پرینتەری تێدابێت ئەوا دەتوانیت سوود لەو پرینتەرە وەربگریت وەك پرینتەرێکی تۆڕی.

- لە هەنگاوی زیاد کردنی پرینتەردا Add a network, wireless or Bluetooth printer هەڵدەبژێریت.
- پاشان ویندۆکە بۆ پرینتەر دەگەڕێت، ئەگەر نەیدۆزیەوە دەتوانیت کلیك لەسەر The printer that I want isn't listed بکە.
- لەپەنجەرەی داهاتوودا دەتوانیت خۆت بۆ پرینتەرەکە بگەڕێیت.

لە راستیدا ئەمە کاری بەڕێوەبەری تۆڕەکەیە.






## ٩ـ٥ ئاوڕدانەوەیەك

| دەتەوێ... | ڕێگەچارە | ڕێگای تر |
|---|---|---|
| فۆلدەری پرینتەر بکەیتەوە | لەشریتی تاسکدا کلیك لەسەر دوگمەی START بکە ئنجا Control Panel و کلیك لەسەر Printer بکە | START و لە گەڕاندا ووشەی Printer دەنوسین و Printers هەڵدەبژێرین |
| دۆکومێنتێك لە پرۆگرامەکەیەوە چاپ بکەیت | File ئنجا print | دووگمەی Ctrl و P پێکەوە دادەگریت |
| گۆڕانکاری لە کرداری چاپ کردنەکەدا بکەیت | پرینتەرەکە نیشانە بکە و ئنجا Properties | |
| قەدبڕ بۆ پرینتەرێك دروست بکەیت | هێمای پرینتەرەکە ڕاکێشە سەر دێسکتۆپ یان جێیەکی تر. | ماوسی لای ڕاست لەسەر هێمای پرینتەرەکە Create Shortcut |
| پرینتەرێك بکەیتە بنەڕەتی | پرینتەرەکە نیشانە بکە و ئنجا Manage default printers | کلیکی لای ڕاست ئنجا Set as Default Printer |
| سەیری چاپ کردن بکەیتە queue | فۆلدەری Printer ئنجا See what's printing | دەبڵ کلیك لەسەر پرینتەرەکە بکە |
| چاپ کردنێك ڕابگریت | خاڵی مێنیوی Document ئنجا Pause | کلیکی لای ڕاست لەسەر دۆکومێنتەکە لەڕیزەکەدا و Pause |
| چاپ کردنێك بسڕیتەوە | خاڵی مێنیوی Document ئنجا Cancel | کلیکی لای ڕاست لەسەر دۆکومێنتەکە لەڕیزەکەدا و Cancel |
| پرینتەرەکە بوەستێنیت | خاڵی مێنیوی Printer لەڕیزەکەدا ئنجا Cancel All Documents | لە فۆلدەری پرینتەرەکاندا کلیکی لای ڕاست لەسەر پرینتەرەکە بکە و Cancel All Documents |
| پرینتەرێك دابەزێنیت | لەفۆلدەری پرینتەردا Add a printer | |

## ٩-٦ ڕاهێنان

1. قەدبڕێك بۆ پرینتەرەکەت لەسەر دێسکتۆپ دروست بکە.
2. لەسەر دێسکتۆپەکە دوو فایلی تێکست دروست بکەو هەردوکیان بکەرەوەو نوسینێکی کورتیان تێدا بنووسە، سەیڤیان بکەو دایان بخە.
3. ڕیز queue پرینتەرەکە بکەرەوەو پرینتەرکە ڕاگرە.
4. یەکێك لە دۆکومێنتەکان بکەرەوەو چاپی بکە پاشان دایبخە.
5. دۆکومێنتەکەی تریان بێ کردنەوە چاپ بکە.
6. یەك لە کرداری چاپ کردنەکان بسڕەرەوە.
7. پرینتەرەکە بخەرەوە گەڕ بۆ ئەوەی دۆکومێنتەکەی تر چاپ بکرێت.

**لەسەرەتادا پشت گوێت دەخەن ئنجا پێت پێدەکەنن**
**پاشان جەنگ دژت ئەنجام دەدەن**
**دوایی تۆ سەردەکەویت**
**مەهاتما غاندی**

# ١٠ گونجاندنی شێوەی دێسکتۆپ و فۆڵدەر

لەم بەشەدا فێری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبین:

- چۆن شێوەی دێسکتۆپ و دیزاینەکانی دەگونجێنیت.
- پەردەپارێز Screensaver و گونجاندنی.
- چۆن شێوەی فۆڵدەر دەگونجێنیت.
- چۆن مێنیوی دەست پێکردن و شریتی تاسک دەگونجێنیت.

مەرجەکان:

✓ توانای مامەڵەکردن لەگەڵ پەنجەرەی فۆڵدەردا.

## ١-١٠ گونجاندنی دێسکتۆپ


### گونجاندنەکانی دێسکتۆپ و دیزاینەکانی

زۆربەی گونجاندنە گرنگەکانی شێوەی دێسکتۆپ و پەنجەرەکان لە پەنجەرەی تایبەتکردندا Personalization دەتوانرێت ئەنجام بدرێت.

- کلیك لەسەر دوگمەی START بکە لەسەر شریتی تاسك ئنجا دوگمەی Control Panel
- پاشان کلیك لەسەر لینکی Appearance and Personalization بکە ئنجا کلیك لەسەر Personalization بکە

یان کلیك لەسەر دوگمەی START بکەئنجا لەخانەی Search ووشەی Personalization بدە

یان کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیدا لەسەر دێسکتۆپ ئنجا Personalize هەڵبژێرە.




## هەڵبژاردنی دیزاینێك و گونجاندنی


لەپەنجەرەی تایبەتکردندا دەتوانیت یەك لە دیزاینەکان هەڵبژێریت کە ئەوانیش لە دوو کۆمەڵە پێك دێن Aero Themes ئەمانە شێوەی ڕەنگی ئاوی و دیزاینی جوان لەخۆدەگرن وە Basic and High Contrast Themes ئەمانەش یەك ڕەنگن و شێوەیەکی کلاسیکیان هەیە وەك ویندۆکانی پێش ویندۆی ٧ شایانی باسە کۆمەڵەی Aero Themes بە هۆی شێوە ئاوی و دیزاینە جوانەکانیانەوە بارێکی قورسترن لە کۆمەڵە کلاسیکیەکان ئەمەش بۆ کۆمپیوتەری کەم هێز گرنگە ڕەچاو بکرێت.

## ڕەنگی پەنجەرەکان و دەرکەوتنیان

- لە پەنجەرەی تایبەتکردندا Personalization کلیك لەسەر Window Color بکە.
- لێرەدا دەتوانیت ڕەنگی چوارچێوەی پەنجەرەکان بگۆڕیت و بە ئەکتیڤ کردنی خاڵی هەڵبژاردنی Enable transparency چوارچێوەی پەنجەرەکان ڕوون (شفاف) دەبن .
- لەرێی زیادوکەمکردنەوەی Color intensity وە چڕیی ڕەنگەکە زیاد و کەم دەکەیت.
- بە کلیك کردن لە خاڵی Show color mixer دەتوانیت ڕەنگەکان بە ویستی خۆت تێکەڵ بکەیت و ڕەنگی تر دروست بکەیت.




هەرکە گۆڕانکاریەکت لە دیزاینەکەدا کرد بۆ نموونە ڕەنگی پەنجەرەت گۆڕی یان پەردەپارێز یاخود باکگراوند، ئەوا دیزاینەکە دەچێتە سەرەوە و ناوی Unsaved Theme وەردەگرێت واتە دیزاینی سەیڤ نەکراو ئەگەر ویستت دەتوانیت سەیڤی بکەیت و ناوێکیشی لێ بنێیت.





کاتێك لەبەشی خوارەوەی پەنجەرەکەدا کلیك لەسەر خاڵی Advanced appearance setting دەکەیت پەنجەرەیەکی تر دەکرێتەوە Window Color and Appearanceلێرەدا ئەگەر لە دیزاینەکاندا Windows 7 basic ت هەڵبژاردبێت دەتوانیت زۆر گۆڕانکاری بکەیت هەر لە شێوەی دێسکتۆپەوە بگرە تا پەنجەرەکان سکرۆڵەکانیان و لینك و ئایکۆنەکانیش.

## گونجاندنی باکگراوندی دێسکتۆپ

- لە پەنجەرەی تایبەتکردندا Personalization کلیك لەسەر Desktop Background بکە.
- وێنەکانی ئەو پاکەتی دێسکتۆپە نیشان دەدرێن کە دەتوانیت هەندێکیان بشاریتەوە واتە نیشان نەدرێن بە لابردنی نیشانەی ڕاستەکە لەسەری یان بیسڕیتەوە یاخود وێنەی تازەیان لەگەڵدا زیاد بکەیت بە ڕاکێشانی ماوس.
  جگە لەوە بەهۆی دوگمەی Select all وە دەتوانیت هەموو وێنەکان هەڵبژێریت و بە دوگمەی Clear all هەموویان لەنیشاندان لادەبەیت.
- لەبەشی خوارەوەدا لەژێر Picture position دا دەتوانرێت نیشاندانی وێنەکە بگونجێنرێت لەسەر دێسکتۆپ وەك نیشاندانی وێنەکە پارچە پارچە، پڕاوپڕی شاشەکە یان ڕاکێشراو یاخود لە ناوەڕاستدا.
  هەروەها لەژێر Change picture every دا دیاری دەکەیت پاش چەند خولەك وێنەکە بگۆڕێت یەك لە دوای یەك.
- لەبەشی سەرەوەدا لەڕێی Picture location وە دەتوانیت باکگراوندی تر هەڵبژێریت بۆ نموونە Windows Desktop Backgrounds ویندۆکە چەند وێنەیەك پێشنیار دەکات، بە کلیك کردن لەسەریان دەبن بە وێنەی باکگراوندەکە یان دەتوانیت خۆت وێنەیەکی تر هەڵبژێریت بە کلیك کردن لەسەر ...Browse دەگەڕێیت لە چ فۆڵدەرێکدا وێنەکەی تێدایە کلیکی دەکەیت و ئنجا OK .
- لە لیستی Picture location دا دەتوانیت لە خاڵی Solid Colors دا یەك ڕەنگ هەلبژێریت بۆ باکگراوند.
- ئەگەر گۆڕانکاریەکانت بەدڵ بوو دەتوانیت لەخوارەوەدا کلیك لەسەر Save changes بکەیت ئەگینا Cancel گۆڕینەکان فڕێ دەدات.


وێنەی قەبارە زۆر گەورە (چەند مێگابایتێك) بۆی هەیە سیستەمەکە خاوتر بکاتەوە. وێنەی زۆر بچووکیش (چەند بایتێك) جوان نیشان نادرێت چونکە جۆرایەتی Quality کەمە.

هەر وێنەیەك لەناو کۆمپیوتەرەکەتدا دەتوانیت بەخێرایی بیکەیت بە باکگراوند ئەویش بە کلیکی لای ڕاست لەسەر وێنەکە و هەڵبژاردنی خاڵی Set as desktop bakground.




## گونجاندنی Screensaver پەردەپارێز

سوودی پەردەپارێز لەوەدایە کە کاتێك کۆمپیوتەرەکەت بۆ ماوەیەك بەجێ دەهێڵێت پەنجەرەکانت لەلایەن کەسانی ترەوە نابینرێت جگە لەوە ئەگەر مۆنیتۆرێك بۆ ماوەیەکی زۆر هەر وێنەیەك نیشان بدات دەبێتە هۆی خراپ بوونی و شێوە سێبەرێکی وێنەکە بەجێ دەمێنێت.





- لە پەنجەرەی تایبەتکردندا Personalization لەخوارەوە کلیك لەسەر Screen Saver بکە.
- لەلیستەی Screen saver دا پەردەپارێزێك هەڵدەبژێریت و لەخانەی Wait دا دیاری دەکەیت دوای چەند خولەك بکرێتەوە.
- هەندێ لە پەردەپارێزەکان دەتوانیت لەرێی دوگمەی Settings وە زیاتر بیانگونجێنیت.
- بەهۆی دوگمەی Preview وە دەتوانیت ببینیت چۆن دەردەکەوێت.

بەچالاك کردنی خاڵی هەڵبژاردنی On resume, display log on screen بۆ لابردنی پەردەپارێزەکە دەبێت ووشەی نهێنیی ویندۆکە بدەیت.

لەرێی Change power settings وە چەندین گۆڕانکاری تر دەکەیت لەبواری سەرف کردنی ووزەو کوژاندنەوەی مۆنیتۆر و هاردیسکدا.

## گونجاندن و کەم و زیاد کردنی هێماکانی سەر دێسکتۆپ





- لە پەنجەرەی تایبەتکردندا Personalization لە لای چەپدا کلیك لەسەر Change desktop icons بکە.

لەسەرەتادا تەنها هێمای سەتڵی خۆڵ لەسەر دێسکتۆپ دەردەکەوێت.

- بە چالاك کردنی خاڵی هەڵبژاردنەکان لەبەشی سەرەوەدا دەتوانیت هێماکانی تریش لەسەر دێسکتۆپ دەربخەیت.
- لەبەشی خوارەوەدا دەتوانیت ئایکۆنەکان (هێمابچووکەکان) بگۆڕیت بە کلیك کردن لەسەر دوگمەی Change Icon و ئایکۆنێکی تر هەڵبژێریت.
- بە کلیك کردن لەسەر دوگمەی Restore Defaults هەموو کاتێك ئایکۆنەکان وەك پێشوویان لێ دەکەیتەوە.
- بەچالاك کردنی خاڵی Allow themes to change desktop icons ڕێگا بە دیزاینەکان دەدەیت ئەم ئایکۆنانەش بگۆڕن.
- هەروەها هەموو گۆڕینێك کلیك لەسەر OK دەکەیت.

## گونجاندنی وردیی شاشەکە Screen Resolutions

- کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵیی دێسکتۆپدا بکە و Screen resolutions هەڵبژێرە
- پەنجەرەیەکی تر دەکرێتەوە بۆ گونجاندنی وردیی شاشەکە و ئەگەر زیاتر لە مۆنیتۆرێکمان هەبوو ئەوانیش دەگونجێنین.




Display: مۆنیتۆرەکانی کەبەکۆمپیوتەرەکەوە بەستراون.

Resolution: وردیی شاشەکە دیاری دەکەیت.

Orientation: باری شاشەکە ئاسایی لاکێشەیی یان لەسەر لا یان بە هەڵگەراوی.

کلیك لەسەرخاڵی make text and other ... پەنجەرەیەکی ترمان بۆ دەکاتەوە کە لەڕێیەوە قەبارەی نوسینەکان گەورە بچووك دەکەینەوە.

## ١٠-٢ گونجاندنی مێنیوی دەستپێکردن START

### زیاد کردنی پرۆگرام بۆ مێنیوی دەستپێکردن

جگە لەدێسکتۆپ مێنیوی دەست پێکردنیش ڕێگایەکە بۆ خێرا گەیشتن بە پرۆگرامەکان. ئەویش بە کلیك کردن لەسەر هێمای ئەو پرۆگرامەی کە دەتەوێت.
هەروەها هەموو کاتێك دەتوانیت بە پێی پێویستیی خۆت لیستەکە زیادوکەم بکەیت.




- ◄ ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە پرۆگرام یان فایلەکەی تێدایە و هێماکەی ڕاکێشە بۆ سەر دوگمەی START
- ◄ مێنیوی دەست پێکردن دەکرێتەوە بە ماوسەکە هێماکە لە بەشی سەرەوەدا بەرەڵابکە.

یان

- ◄ START ئنجا All Programs پاشان ئەو پرۆگرامە هەڵبژێرە کە مەبەستە و ڕایکێشە بۆ سەر All Programs یان START دەبینی لیستەکە دەکرێتەوەو دەتوانیت ماوسەکە لەو جێیەدا کە دەتەوێت بەرەڵا بکەیت.

یاخود کلیکی لای ڕاست لەسەر هێمای پرۆگرامەکە لە لیستەکە یان دێسکتۆپ و Pin to Start Menu.

- ✓ بەشی سەرەوەی لیستەکە هەمیشە دەمێننەوە وەك چۆن بەدەرزی هەڵواسرابن پێیان دەڵێن Pinned items بەشی خوارەوەش ئەو پرۆگرامانەن کە زۆر بەکاردەهێنرێن.
- ✓ هەر هێمایەك لەم لیستەیەدا قەدبرە.
- ✓ هێماکان دەتوانرێت وەك لینك بخرێنە فۆڵدەرەکانی لای ڕاستی مێنیوەکەوە.
- ✓ لیستەکە دەتوانیت ناوەکانیان بگۆڕیت یان بیانسڕیتەوە واتە لایان بەریت.


### گونجاندنی خاڵەکانی مێنیوی دەستپێکردن


دەتوانیت هێماکانی ناو مێنیوی دەستپێکردن و شێوەی دەرکەوتنیان بگۆڕیت.

- ◄ کلیکی لای ڕاست لەسەر دوگمەی START یان شریتی تاسك بکەو Properties هەڵبژێرە یان لە فۆڵدەری Personalization دا لەخوارەوە لای چەپ کلیك لەسەر Taskbar and Start Menu بکە.
- ◄ لەکارتی تۆمارگای Start Menu دا لەبەشی Privacy دا دەتوانیت بڕیار بدەیت لیستی ئەو فایل و پرۆگرامانەی لەم دوایەدا کراونەتەوە سەیڤ بکرێن و دەربکەون یان نا
- ◄ لەرێی دوگمەی Power button action ەوە دەتوانیت دوگمەی پاوەرەکە بگۆڕیت واتە بەکلیك کردن لەسەری ویندۆکە بکوژێنەوە، بخەوێت، ڕیستارت، ... بکات
- ◄ کلیك لەسەر Customize بکە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی زیاتر.
- ◄ بۆ گێڕانەوەی هەموو گۆڕانەکان وەك پێشوو دەتوانیت کلیك لەسەر Use Default Settings بکە.

لەژێر خاڵی Start menu size دا ژمارەی پرۆگرامەکانی لیستەکە دیاری بکەیت لەگەڵ ژمارەی ئەو بابەتانەی (Jump list) کەلەم دواییەدا بەو پرۆگرامە کراونەتەوە.


بۆ نیشاندانی فۆڵدەرەکان سێ شێوە هەیە:
- Display as a link واتە بەکلیك کردن لەسەری فۆڵدەرەکە دەکرێتەوە.
- Display as a menu واتە بەکلیك کردن لەسەری لەرێی تیشکێکەوە بابەتەکانی ناو فۆڵدەرەکە پنشان دەدرێن وەك لیستەیەك.
- Don't display this item واتە ئەم بابەتە نیشان مەدە.




## ١٠-٣ خستنەگەڕی پرۆگرام لەگەڵ داگیرساندنی ویندۆکەدا فەرمانی Startup

هەرکاتێك ویستت پرۆگرام یان دۆکومێنتێك بە شێوەیەکی خۆیی (ئۆتۆماتیکی) لەگەڵ داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکەدا بکرێتەوە ئەوا سوود لە فۆڵدەری Startup وەردەگریت.




◄ کلیك لە START بکە پاشان All Programs ئنجا فۆڵدەری Startup بۆ بینینی ناواخنەکەی.
◄ ئەو پرۆگرام یان دۆکومێنتەی دەتەوێ خۆی بکەوێتە گەڕ، رایدەکێشیتە ناو ئەم فۆڵدەرەوە یان کۆپی دەکەینە ناوی بەداگرتنی Ctrl.
◄ ئەگەر بتەوێ پرۆگرام یان دۆکومێنتێکیش لەفۆڵدەری Startup دا لابەریت، دەتوانیت لەوێ بیسڕیتەوە.
بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە لێرەدا مافی بەرێوەبردنت پێویستە.


هەندێ جار پرۆگرامێك لێرەشدا نیە بەڵام لەگەڵ داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکەدا دەکەوێتە گەڕ ، ئەوەش لە جێیەکی تردا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە لەم بەشەی ئەم پەرتووکەدا باس ناکرێت.

دانانی پرۆگرامی زۆر لە Startup دا دەبێتە هۆی درەنگ ئامادەبوونی کۆمپیوتەرەکە.

# ٤-١٠ گونجاندنەکانی شریتی تاسك

## گۆڕینی شوێن و قەبارەی شریتی تاسك

- ◀ کلیکی لای ڕاست لەسەر شریتی تاسك بکەو خانەی Lock the Taskbar ناچالاك بکە.
- ◀ کلیك لەسەر جێیەکی بەتاڵی شریتی تاسك بکەو ڕایکێشە بۆ یەکێك لەلاکانی شاشەکە.
- ◀ بۆ گەورەکردنی شریتەکە بەماوسەکە بچۆرە سەر قەراغی سەرەوەی شریتەکە تا شێوەی ماوسەکە دەبێتە تیشکێکی دووسەر ئنجا دەتوانیت ماوسەکە ببەیت بۆ سەرەوە بۆ گەورەکردنی شریتەکە.




## نیشاندانی هێماکانی سەر شریتی تاسك

بۆ زانیاری و بەکارهێنانی زیاتر دەتوانیت لەسەر شریتی تاسك هێمای تر نیشان بدەیت، ئەویش بە کلیکی لای ڕاست لە جێیەکی بەتاڵی لەسەر شریتی تاسك ئنجا Toolbars، هەر هێمایەك چالاك بکەیت ئەوا لەسەر شریتی تاسك پەیدا دەبێت.

هەروەها دەتوانیت هەمان گۆڕانکاری بکەیت لەپەنجەرەی Taskbar and Start Menu Properties دا لەژێر کارتی تۆمارگای Toolbars دا.

**زمانەکان Language bar:**




ئەم هێمایە گرنگە بۆ هەڵبژاردنی زمانەکان و نووسینەکانی تری کیبۆرد، هەروەها لێرەوە دەتوانیت گۆڕانکاری لە زمان و کیبۆردەکەدا بکەیت.

**ئەدرێس Address:**

هەروەها ئەدرێسەکەی بەشی سەرەوەی فۆڵدەر دەتوانیت بچیتە فۆڵدەری ترەوە یان بچیتە ئینتەرنێتەوە.

**لینکەکان Links :**

هەمان لینکەکانی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەی تێدایە کە لەوێ لەژێر لینکدا دەردەکەون.

**Tablet PC Input Panel:**

سوودی هەیە بۆ نیشاندانی پەنجەرەیەك بۆ نووسین بە ماوس یان قەڵەم (تایبەت بە یەك لە جۆرەکانی لاپتۆپ).


**دێسکتۆپ:**

بەزیادکردنی ئەم شریتە هەموو هێماکانی سەر دێسکتۆپ وەك لینکێك دەردەکەون کە بە کلیك کردن لەسەریان دەکرێنەوە.

ℹ هەربەشێك لەم بەشانە ئەگەر هێماکانی زۆر بوون ئەوا هەندێکیان دەشارێنەوە مەگەر بەماوسەکە جێگاکەیان پانتر بکەیت. جگە لەمە دەتوانیت شوێنیشیان بەماوسەکە بگۆڕیت بۆ ئەم لا و ئەو لای یەکتری.

## زیاد کردنی هێمای پرۆگرامێك بۆ سەر شریتی تاسك


کلیکی لای ڕاست لەسەرهێمای پرۆگرامەکە بکە و Pin to taskbar هەڵبژێرە.
یان
هێمای پرۆگرامەکە بە ماوسەکە ڕاکێشە بۆ سەر شریتی تاسك لەگەڵ کرداری ڕاکێشانەکەدا زانیاریەك پەیدا دەبێت کەدەڵێ Pin to taskbar




- ✓ دەتوانیت پرۆگرامەکە لەسەر شریتی تاسك لابەریت ئەویش بە ماوسی لای ڕاست لەسەر هێماکەی و کلیك کردن لەسەر Unpin this program from taskbar.
- ✓ ئەو پرۆگرامانەی لەسەر شریتی تاسکن (پین کراون) چەقێنراون هەریەك بەپێی تایبەتمەندێتی پرۆگرامەکە خۆی دەتوانیت کرداری تریش ئەنجام بدەیت، جگە لەوە اوا بابەتەکانیش دووبارە بکەیتەوە.

## گۆڕینی تایبەتمەندێتیەکانی شریتی تاسك Properties

◄ کلیکی لای ڕاست لەسەر جێیەکی بەتاڵی شریتی تاسك بکەوە Properties کلیك بکە.
یان لەپەنجەرەی Personalization دا کلیك لەسەر Taskbar and Start Menu بکە.




لەم کارتی تۆمارگایەدا دەتوانیت چەند گۆڕانێکی گرنگ لەسەر شریتی تاسك بکەیت.

| | |
|---|---|
| Lock the taskbar | شریتی تاسك قفڵ دەکات واتە دەستکاری ناکرێت. |
| Auto-hide the taskbar | شریتی تاسك دیار نامێنێت، کاتێك ماوسەکە دەبەیتە سەر شوێنەکەی دەردەکەوێت و کە ماوسەکەت لابرد وون دەبێتەوە. یان لەگەڵ مێنیوەکەدا دەردەکەوێت بەداگرتنی دوگمەی  |
| Use small icons | هێماکان بە بچووکی نیشان دەدرێن. |
| Taskbar location on screen | شوێنی شریتی تاسك دیاری دەکەیت لەخوارەوە، ڕاست، چەپ یان لەسەرەوەدا بێت. |

Taskbar buttons شێوەی نیشاندانی دوگمەی واتە هێمای پرۆگرامەکانی سەر شریتی تاسك دیاری دەکات:

- Always combine, hide lables واتە هەمیشە پرۆگرامە لەیەکچووەکان دەکاتە گرووپێك.
- Combine when taskbar is full واتە بیانکە بە گرووپێك کاتێ پرۆگرامە کراوەکان زۆر دەبن و شریتی تاسك پڕ دەبێت.
- Never combine واتە هەرگیز مەیانکە بە گروپ و چەپك.

**Preview desktop with Aero Peek**


لەبەشی خوارەوەی پەنجەرەکەدا بە چالاك کردنی Use Aero Peek to preview the desktop لەکۆتایی لای ڕاستی شریتی تاسکدا دوگمەیەکی لاکێشەیی کە لەسەرلا وەستاوە چالاك دەبێت و کەماوسەکەی کەمێك لەسەر ڕابگریت دێسکتۆپ وەك لەپشت پەنجەرەیەکی ئاویەوە بێت دەردەکەوێت و بەکلیك کردنیش لەسەری دێسکتۆپ دەردەکەوێت بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەری پەنجەرەکان دەردەکەونەوە.

## گونجاندنی بەشی زانیاریەکان Notification Area

◄ لەناوڕاستی پەنجەرەی تایبەتمەندێتیدا لەبەشی Notification Area دا کلیك لەسەر دوگمەی Customize بکە.

پەنجەرەیەکی تر دەکرێتەوە، بۆ هەر ئایکۆنێك سێ هەڵبژاردنمان هەیە:

- Show icon and notifications واتە ئایکۆن و زانیاریەکەش نیشان بدە.
- Hide icon and notifications واتە ئایکۆن و زانیاریەکەش بشارەوە.
- Only show notifications واتە تەنها زانیاریەکان نیشان بدە.



- ✓ بە کلیك کردن لەسەر Turn system icons on or off پەنجەرەیەکی تر دەکرێتەوە کە لە ڕێیەوە ئایکۆنەکانی سیستەمەکە کە بریتین لە کاتژمێر، دەنگ، تۆڕی کۆمپیوتەر، کارەبای کۆمپیوتەرەکە و سەنتەری ڕووداوەکان دادەگیرسێنیت و دەکوژێنیتەوە واتە نیشانیان دەدەیت یان دەیانشاریتەوە، لەڕێی Restore default icon behaviors گۆڕینەکان وەك سەرەتا دەگێڕیتەوە و بە دوگمەی Customize notification icons دەگەڕێیتەوە پەنجەرەکەی پێشوو وەك Cancel وایە.
- ✓ لەپەنجەرەی گونجاندنی ئایکۆنەکانیشدا دوگمەی Restore default icon behaviors گۆڕانکاریەکان وەك پێشوو لێ دەکاتەوە.
- ✓ بەچالاك کردنی دوگمەی Always show all icons and notification on the taskbar هەموو ئایکۆن و زانیاریەکان لەسەر شریتی تاسك نیشان دەدرێن.

## ١٠-٥ گادجێتەکان Gadgets

### نیشاندانی گادجێتەکان


گادجێتەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەبەشی لای ڕاستی دێسکتۆپدان کە لەسەرەتادا کاتژمێر و تابلۆکان لەخۆدەگرن. گادجێتیش لەڕاستیدا پرۆگرامی بچووکن هەریەك خزمەتێك پێشکەش دەکەن و زۆریان بەردەوام پێویستیان بە ئینتەرنێت هەیە بۆ تازەکردنەوەی زانیاریەکانیان.

گادجێتەکانیش خۆیان پرۆگرامن بۆیە ئەگەر دیار نەبوون واتە نەکراونەتەوە و دەتوانیت بەکلیك کردن لەسەر START ئنجا Desktop Gadget Gallery پەنجەرەکەیان بکەیتەوە.

بۆ داخستنی گادجێتێکیش کلیك لەسەر نیشانەی x دەکەیت (کەبەماوسەکە دەچیتە سەری دەردەکەوێت) یان ماوسی لای ڕاست ئنجا Close Gadget.



## گونجاندنی گادجێتەکان Gadgets




گادجێتەکانیش هەروەک هەر پرۆگرامێکی دیکەی ویندۆ دەتوانیت بە پێی پێویستی خۆت بیگونجێنیت

◄ بەماوسەکە بچۆرە سەر یەکێک لە گادجێتەکان بۆ نموونە کاتژمێرەکە و کلیك لەسەر هێمای 🔍 بکە.

◄ لەژێر کاتژمێرەکەدا لە یەکەوە بۆ هەشت دەتوانیت جۆری کاتژمێرەکان بگۆڕیت.


◄ لەخانەی Clock name دا دەتوانیت کاتژمێرەکە ناو بنێیت دوای لەناوەڕاستیدا دەردەکەوێت، لەخانەی Time zone دا دەتوانیت شوێن بەپێی کاتی جیهانی هەڵبژێریت.

◄ لەخوارەوەدا دەتوانیت چرکەژمێرەکەش نیشان بدەیت بە چالاك كردنی Show the second hand.

✓ گادجێتەکان هەر بەماوس دەتوانیت جێگاکانیان بگۆڕیت و بۆهەرجێیەکی دێسکتۆپ کە بتەوێت ڕایانکێشیت.

## زیادکردنی گادجێت

بەردەوام گادجێتی نوێ دروست دەکرێت کە دەتوانی جۆرەها خزمەت پێشکەش بکەن.




◄ کلیکی لای ڕاست لەسەر یەکێك لە گادجێتەکان بکە ئنجا Add gadgets یان لە پەنجەرەی گادجێتەکاندا ماوس لای ڕاست ئنجا Add.


◄ یان هەر لەپەنجەرەی گادجێتەکانەوە ئەو گادجێتەی دەتەوێ زیادی بکەیت ڕایکێشە دەرەوە یان دەبڵ کلیك لەسەر بکە.

◄ بە کلیك کردن لەسەر Get more gadgets online دەتوانیت لە ئینتەرنێتەوە گادجێتی زیاتر پەیدا بکەیت.

دەتوانیت کەمێك زانیاری لەسەر هەر گادجێتێك نیشان بدەیت ئەگەر خاڵی Show details کلیك بکەیت.

## ١٠-٦ سەتڵی خۆڵ و تایبەتمەندێتیەکانی

### دیاری کردنی گەورەیی قەبارەی سەتڵەکە




هەمیشە فایل و فۆڵدەر کە دەسڕێنەوە، دەچنەناو سەتڵی خۆڵەوە ئەمیش کاتێك دێت پڕ دەبێت، دیارە ئەگەر قەبارەکەشی گەورە بێت و پڕ بێت لە فایل و فۆڵدەری نەخوازراو ئەوا لە زیادە جێگا لەسەر هاردیسکەکە داگیر دەکات.

◄ کلیکی لای ڕاست لەسەر سەتڵی خۆڵەکە بکە ئنجا Properties هەڵبژێرە.

◄ لەبەشی سەرەوە کلیك لەسەر درایڤێك دەکەیت ئەگەر زیاتر لە درایڤێك هەبوو.

◄ لەخانەی Maximum size دا قەبارەی سەتڵەکە دەگۆڕیت.

⚠ ئەگەر خاڵی دووەم ... Don't move files tot he هەڵبژێریت ئەوا فایل و فۆڵدەری سڕاو نایەنە ناو سەتڵەکەوە بەڵکو یەکسەر دەسڕێنەوە بۆ هەتا هەتایی.

⚠ لەخوارەوەدا ئەگەر خاڵی هەڵبژاردنی Display delete confirmation dialog ناچالاك بکەیت ئەوا هەرچیەك بسڕیتەوە ویندۆکە لێت ناپرسێت ئایا دڵنیایت لە سڕینەوەی؟

## ١٠-٧ گۆڕینی ڕوخساری فۆڵدەرەکان


### نیشاندانەکانی فۆڵدەر و ناواخنەکەی

◄ کلیك لەسەر دوگمەی START بکە لەسەر شریتی تاسك ئنجا دوگمەی Control Panel

◄ پاشان کلیك لەسەر لینکی Appearance and Personalization بکە ئنجا کلیك لەسەر Folder Options بکە.

وەیان هەر فۆڵدەرێك بکەرەوە و کلیك لەسەر Organize بکە ئنجا Folder and Search Options

وەیان لە هەر فۆڵدەرێکدا مێنیوی Tools هەڵبژێرە ئنجا Folder Options.




کارتی تۆمارگای یەکەم بریتیە لە General گشتی نیشاندان و کردنەوەی فۆڵدەر دیاری دەکرێت:


✓ Browse folders خاڵی یەکەم هەر فۆڵدەرێك کە دەیکیتەوە لەهەمان جێدا دەکرێتەوە بەلاَم خاڵی دووەم کاتێ فۆڵدەرێك دەکەیتەوە لەپەنجەرەیەکی تردا دەکرێتەوە.

✓ Click items as follows دیاری دەکەیت ئایا فایل یان فۆڵدەر بە دەبڵ کلیك بکرێتەوە یان وەکوو لە ئینتەرنێتدا بە یەك کلیك.

بە کلیك کردن لەسەر دوگمەی Restore Defaults گۆڕانکاریەکان وەك سەرەتا لێ دەکەیتەوە.

بەشی خوارەوە Navigation pane بەشی ئەم جێ و جێکردنی تێدا دەگونجێنرێت:

- بە چالاك كردنی خاڵی Show all folders هەموو فۆڵدەرەكان نیشان دەدرێن وەك فۆڵدەرەكانی سەر دێسكتۆپ و كۆنترۆڵ پەناڵ و سەتڵی خۆڵ.
- بە چالاك كردنی خاڵی Automatically expand to current folder ئەو فۆڵدەرەی كە ئێستا تێیدایت لەبەشی ئەم جێ و جێكردندا دەردەخرێت.




كارتی تۆمارگای دووەم بریتیە لە View:
لەبەشی Advanced Settings دا دەتوانیت زۆر گۆڕانكاری و گونجاندن ئەنجام بدەیت
بۆ نموونە لەژێر خاڵی Hidden files and folders دەتوانیت دیاری بكەیت ئایا فایل و فۆڵدەرە شاراوەكانیش نیشان بدرێن یان نا.
خاڵێكی تری گرنگ Hide extensions for known file types باشترە ناچالاكی بكەیت بۆ ئەوەی پاشكۆی فایلەكان هەمیشە نیشان بدرێن لەگەڵ ناوەكانیاندا.

دەتوانیت گۆڕانكاریەكان بۆ هەموو فۆڵدەرەكان بەكاربهێنیت ئەویش بە كلیك كردن لەسەر دوگمەی Apply to Folders و دڵنیاكردنی كارەكە بە Yes.

بە كلیك كردن لەسەر دوگمەی Reset Folders گۆڕانكاریەكان وەك سەرەتا لێ دەكەیتەوە.

## پەنجەرەی فۆڵدەر و دێسكتۆپ

### Aero Snap

- ✓ كاتێك پەنجەرەی فۆڵدەرێك هەر رادەكێشیت بەرەو لایەك چەپ یان راست ئەوا لەئاستێكدا ویندۆكە خۆی پەنجەرەكە پڕ بە نیوەی شاشەكە لێدەكاتەوە.
- ✓ كاتێك پەنجەرەی فۆڵدەرێك رادەكێشیت بۆ قەراغی سەرەوەی شاشەكە یان بۆ یەكێ لە سووچەكانی سەرەوەی راست یان چەپ، ئەوا ویندۆكە پەنجەرەكە گەورەدەكات پڕاوپڕی شاشەكە.

### Aero shake

كاتێك چەند پەنجەرەیەكی فۆڵدەرت كردبێتەوە و سەرەوەی پەنجەرەكە (شریتی ناونیشان) بگرەوە ئەو پەنجەرەیە راوەشێنە ئەوا هەموو پەنجەرەكانی تر دەكەونە خوارەوە و هەر ئەو پەنجەرەیەت بەدەستەوە دەمێنێتەوە، بەدووباره راوەشاندنەوەی پەنجەرەكە، ئەوا پەنجەرەكان دێنەوە مەیدان.

## ١٠-٨ ئاوڕدانەوەیەك

| ئەگەر ویستت . . . | |
|---|---|
| ڕەنگی چوارچێوەی پەنجەرەکان بگۆڕیت | کلیکی ڕاست لەجێیەکی بەتاڵی دێسکتۆپدا ئنجا Personalize پاشان Window Color |
| وێنەیەکی تر بۆ باکگراوند هەڵبژێریت | کلیکی ڕاست لەجێیەکی بەتاڵی دێسکتۆپدا ئنجا Personalize ئنجا Desktop Background یان لەڕێی Control Panel وە .personalaizetion |
| پەردەپارێزێك دابنێیت | کلیکی ڕاست لەجێیەکی بەتاڵی دێسکتۆپدا ئنجا Personalize ئنجا Screen Saver |
| هێماکانی سەر دێسکتۆپ بگونجێنیت | کلیکی ڕاست لەجێیەکی بەتاڵی دێسکتۆپدا ئنجا Personalize ئنجا Change desktop icons |
| ئۆبجێکتێك بۆ مێنیوی دەست پێکردن زیاد بکەیت | بە ماوسەکە ڕایدەکێشیت بۆسەر START و ئەو جێیەی دەتەوێ |
| خاڵێك لە مێنیوی دەست پێکردندا لابەریت | ماوسی لای ڕاست لەسەری ئنجا Remover from this list |
| پرۆگرامێك لەگەڵ ویندۆدا داگیرساندنی بکرێتەوە | بە ماوسەکە ڕایدەکێشیتە ناو فۆڵدەری Startup وە لە ژێر START – All Programs |
| شریتی هێمایەك بۆ شریتی تاسك زیاد بکەیت | ماوسی لای ڕاست لەسەر شریتی تاسك ئنجا Toolbars. |
| گەورەو بچووکی هێماکانی شریتی تاسك بگۆڕیت | ماوسی لای ڕاست لەسەر شریتی تاسك ئنجا Properties پاشان Use small icons چالاك بکە. |
| شێوەی نیشاندانی شریتی تاسك بگۆڕیت | ماوسی لای ڕاست لەسەر شریتی تاسك ئنجا Properties |
| گادجێتێك بگۆڕیت | بەماوسەکە بچۆرە سەر یەك لە گادجێتەکان و کلیك لەسەر هێمای  بکە. |
| گادجێتێك زیاد بکەیت | کلیکی لای ڕاست لەسەر یەك لە گادجێتەکان بکە ئنجا Add gadgets یان لە پەنجەرەی گادجێتەکاندا ماوسی لای ڕاست ئنجا Add. |
| ڕوخساری فۆڵدەرێك بگونجێنیت | فۆڵدەرێك بکەرەوە و کلیك لەسەر Organize بکە ئنجا Folder and Search Options |
| تایبەتمەندێتی سەتڵی خۆڵ بگۆڕیت | ماوسی لای ڕاست لەسەر سەتڵی خۆڵەکە ئنجا Properties |

## ١٠-٩ ڕاهێنان

### دێسکتۆپ بگونجێنە

1. وێنەیەکی تر بکە بە باکگراوند.
2. شێوەی چوارچێوەی پەنجەرەکان وا بگۆڕە کە قەراغەکانیان تیژ بن و ڕەنگی سەرەوەیان شین بێت.
3. دیزاینی ئێستای دێسکتۆپ سەیڤ بکە بەناوی خۆتەوە.
4. دیزاینێکی تری Aero Themes هەڵبژێرەوە.
5. پەردەپارێزێك دروست بکە کە ناوی خۆت لەسەر شاشەکە دەربخات.

### مێنیوی دەست پێکردن و دەست پێکردنی خێرا

1. فۆڵدەرێك بخەرە مێنیوی دەستپێکردنەوە و جێگاکەی بگۆڕە.
2. پرۆگرامی ژمێریار بخەرە بەشی سەرەوەی مێنیوی دەست پێکردنەوە Pinned items.
3. کارێکی وا بکە ویندۆ میدیا پلەیەر لەگەڵ ویندۆکەدا بکرێتەوە.
4. پرۆگرامی نۆتپاد بخەرە سەر شریتی تاسك.

**حەزت لەژیانە؟**
**کەواتە کات بەفیرۆ مەدە**
**چونکە ژیان لەکات پێک هاتووە**
**بنیامین فرانکلین**

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## سەرچاوەکان

**بۆ نوسینی ئەم کتێبە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

- **لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بە ئەڵمانی و ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی.**
- Windows 7 Bible , Jim Boyce
- **ئەزمونی چەند ساڵە لە بواری ئای تی دا.**

خوێنەری ئازیز :

کاتێک ئەم کتێبەت گرت بەدەستەوە، ئەوا


**یان** دەتەوێ فێری کۆمپیوتەر ببیت

**یان** کۆمپیوتەر فێر بوویت و دەتەوێ زیاتر بزانیت

**یان** هاوڕێی کتێبیت.

**لەهەموو حاڵەتەکاندا**

زۆر خۆشحاڵین کە توانیمان ئەم کتێبە بخەینە بەردەست و چاوتان بەو هیوایەی خزمەتێکی ئێوەی خۆشەویست بکەین.




1

www.taher.org